رووداو
RÛDAW
ژمارە (516) دووشەممە 2018/8/6 - 15ی خەرمانان 2718 (750) دینار

# لێکۆڵینەوە لە بڕوانامەی 600 مامۆستای زانکۆ دەکرێ

**رووداو- هەولێر**

دەستەی دەستپاکی لێکۆڵینەوەی لە چەندین دۆسیەی گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا کردووە و هەر دۆسیەیەکیش گەندەڵی تێدا بووبێت رەوانەی دادگای کردووە، دەستەکە لێکۆڵینەوەی لە چەند دۆسیەیەکی دیکەشدا کردووە، لەوانە: بڕوانامەی مامۆستایانی زانکۆ.

موشیر رەشید، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاسایی دەستەی دەستپاکی بە (رووداو)ی راگەیاند، کۆمەڵێک زانیاری و قسە لەسەر بڕوانامەی مامۆستایانی زانکۆ هەبوون، لەوانە بڕوانامەی ساختە و کەموکوڕی لە بڕوانامەکانیان، بۆیە دەستەی دەستپاکی دەستی بە وردبینی لە بڕوانامەی مامۆستایانی زانکۆ کرد.

گوتیشی: "وردبینیمان لە بڕوانامەی مامۆستایانی زانکۆدا کرد و ئێستا گومانمان لە نزیکەی 600 بڕوانامەی مامۆستایانی زانکۆ هەیە، مامۆستای زانکۆ هەیە ساڵی 2016 لە زانکۆی مووسڵ دەرچووە کە ئەوکات مووسڵ بەدەست داعشەوە بووە، ئایا ئەو مامۆستایە چۆن لەو ساڵەدا لە زانکۆی مووسڵ دکتۆرای وەرگرتووە؟! بۆیە داوامان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کردووە وردەکاری ئەو بڕوانامانەمان بۆ رەوانە بکەن".

4»

سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ (رووداو):
## خۆپیشاندانەکانی عێراق ئەنجامێکی سروشتی قۆناغی دوای داعشە
5

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر:
## گومان دەکرێ سەلیم شووشکەیی لە کوردستان نەمابێت
6

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی بۆ (رووداو):
## گفتوگۆ لەسەر دواخستنی هەڵبژاردن ناکەین
3

راپۆرتێکی ئەمریکی:
# عێراق ئامادەیە بۆ شۆڕش

7

عێراق زۆر بە ئاسانی رۆدەچێتە ناو فەوزایەکی هاوشێوەی سۆماڵ

کارەساتی گەورە چاوەڕێی عێراق دەکات



راپۆرتە هەواڵ 2

زیانی ئاگرەکەی بازاڕی قەیسەری بە 10 ملیۆن دۆلار دەخەمڵێنرێ



راپۆرت 4

مانگانە 200 فەرمانبەری حکومەت کەم دەبنەوە

ئابووری 8

باشترین جۆری بزنی شیردەر دەهێنرێتە کوردستان



هونەری 10

شەبنم بارانی بۆ (رووداو):

قەت بیرم لەوە نەکردووەتەوە ببمە شاجوان



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە ( 516 ) – دووشەممە 2018/8/6



## لە هەولێر 57 پاڵاوگەی نایاسایی داخراون

**ڕووداو– هەولێر**

قایمقامی قەزای هەولێر ڕایگەیاند، 57 پاڵاوگەی نایاسایی لە هەولێر داخراون و لیژنەیەکی تایبەتیش بە داخستنی ئەو پاڵاوگانە پێکهێنراوە و دەشڵێت، ئەو بۆنە ناخۆشەی بەبۆنەی ئەو پاڵاوگانەوە هەولێری گرتووەتەوە تاوەکو ئێستا بنبڕنەبووە. نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای هەولێر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، تاوەکو ئێستا 57 پاڵاوگەی نەوت و پێکهاتەکانی کە بە نایاسایی کاریانکردووە لە هەولێر داخراون و هەندێکیشیان بە یەکجاری هەڵگیراون. قایمقامی قەزای هەولێر دەشڵێت، بۆ کردنەوەی پاڵاوگە داخراوەکان دەبێ پشتگیری دەستەی ژینگە و وەزارەتی سامانەسروشتییەکان بهێنن، چونکە ئەو بۆنە ناخۆشەی بەبۆنەی ئەو پاڵاوگانەوە هەولێری گرتووەتەوە تاوەکو ئێستا بنبڕنەبووە.

### بە 16 سەعات کۆنترۆڵ کرا

# زیانی ئاگرەکەی بازاڕی قەیسەری بە 10 ملیۆن دۆلار دەخەمڵێنرێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو– هەولێر**

مام ئازاد چەندین ساڵ بوو لەسەر مێزێک کاسبیی دەکرد تاوەکو توانی دووکانێک لە بازاڕی سێبیرانی ناو قەیسەری هەولێر بکڕێ، بەڵام ئێستا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بەرامبەر دووکانە سووتاوەکەی ڕاوەستاوە و دەڵێت "28 ساڵ بوو لەسەر عارەبانە و مێز شتم دەفرۆشت، بە ڕەنجی 28 ساڵە و فرۆشتنی خانووەکەم توانیم دووکانێک بکڕم، کەچی تەنیا دوای 15 ڕۆژ بوو بە خۆڵەمێش".

شەوی 2018/8/5 بازاڕی سێبیران لەناو قەیسەری هەولێر ئاگری گرت و بەسەدان دووکان سووتان. مولازم بێوار زەید، گوتەبێژی بەرگری شارستانی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "ئاگرەکە بە 16 کاژێر کۆنترۆڵ کرا".

بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە شۆرتی کارەبا بووە.

قایمقامی هەولێر دەڵێت "پێدەچێت بەهۆی شۆرتی کارەباوە بووبێ". نەبەز عەبدولحەمید، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە بەرەبەیانەوە ئاگرەکە کۆنترۆڵ کرا، بەڵام کێشە لە ژێرزەمینی باڵەخانەکە بوو، بەهۆی ئەوەی دووکانەکان کەلوپەلی پلاستیکی و جلوبەرگی ژێرەوەیان تێدابوو، ئاگرەکە هەڵدەگیرسایەوە. هەموو دووکانەکانی باڵەخانەکە نەسووتاون، بەڵام 110 دووکان سووتاون".

بەڵام بایز حەسەن، کە 16 ساڵە لەو بازاڕە دووکانی هەیە، دەڵێت "بازاڕەکە نزیکەی 300 دووکان بوو، هەر هەموویان سووتاون".

گوتیشی: "تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە دڵسۆزانە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکەیان دەدا، بەڵام ئەو کەرەستانەی لەبەردەستیان بوو ئەوەندە پێشکەوتوو نەبوون کە ئاگرێکی لەم شێوەیە بکوژێننەوە".

ئەو دووکاندارە کە سێ دووکان و دوو کۆگای هەبوو لە بازاڕەکە، لەبارەی زیانەکانەوە دەڵێت: "بازاڕەکە شوێنی جوملەفرۆشی بوو، کاڵای هەموو هەولێر لەو بازاڕەوە دابین دەکرا، کاتەکەشی نزیکی جەژن بوو، بۆیە کاڵایەکی زۆر لە دووکانەکاندا بوو، هەر دووکانێک بایی زیاتر لە 30 هەزار دۆلار کاڵای تێدابووە، جگە لەوە هەندێکیان پارەش لەناو قاسەکانیاندا بووە، دووکاندار هەبوو 80 هەزار دۆلار لەناو قاسەکەیدا بووە، خۆم بایی 15 هەزار دۆلار کاڵام لەناو دووکان و کۆگاکاندا هەبوو هەمووی سووتاون و هیچم بۆ دەرنەچوو". بە مەزەندەی ئەو دووکاندارە، ئەگەر هەر دووکانێک بایی 30 هەزار دۆلار کاڵای تێدابووبێ، ئەوە زیانی سووتانی ئەو 300 دووکانە نزیکەی 10 ملیۆن دۆلار دەبێ.

تەنیا بازاڕی سێبیران نییە کە لەناو قەیسەری هەولێر سیستەمێکی کۆنی دابەشکردنی کارەبای هەیە، ڕەمزی مەولوود، نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر لە بازاڕەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو باڵەخانەیە یەکێکە لەو چوار بۆ پێنج باڵەخانە کۆنانەی لە ساڵانی نەوەدەکانەوە هەن، جەنجاڵییەکی زۆری لە وایەر و کێبڵی کارەبای تێدایە، ئەو دووکانانەش هەموویان کێبڵ و کۆنتاکتەریان هەیە، زۆرجار لەکاتی گۆڕینی کارەبا لە مەولیدەوە بۆ کارەبای نیشتمانی کۆنتاکتەرەکان ئاگر فڕێدەدەن و ئەو ڕووداوانەی لێدەکەوێتەوە".

لەبارەی قەرەبووکردنەوەی خاوەن دووکانەکانیش، قایمقامی هەولێر بە ڕووداوی گوت: "لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە لەلایەن بەرگری شارستانییەوە پێکهێنراوە، هەر لایەنێک کەمتەرخەم بووبێت دەبێت بەرپرسیارێتی ڕووداوەکە لە ئەستۆ بگرێ".



بەهۆی ئاگرەکەی بازاڕی سێبیران 300 دووکان سووتاون (فۆتۆ: ڕووداو)

# کۆچەر بیرکار جارێکی دیکە مەدالیاکەی پێدەدرێتەوە



کۆچەر بە کەسێکی توند ناسراوە کە حەز دەکات پەلاماری کێشە ماتماتیکییەکان بدات

**ڕووداو– هەولێر**

کۆمیتەی ڕێکخەری کۆنگرەی نێودەوڵەتی بیرکاران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کۆچەر بیرکار جارێکی دیکە خەڵاتەکەی پێداوەتەوە، دوای ئەوەی لە مەراسیمی بەخشینی خەڵاتەکاندا مەدالیاکەی لێدزرا، بۆ ئەو مەبەستەش مەراسیمێکی دیکەی ڕێزلێنان و خەڵاتبەخشینەکەی بۆ ڕێکخراوەتەوە.

کۆچەر بیرکار، بیرکاری تەمەن 30 ساڵی کورد، ڕۆژی یەکی ئاب مەدالیای فیڵدزی پێبەخشرا، بەڵام چەند خولەکێک دواتر ئەو جانتایەی کە مەدالیاکەی تێدابوو لەگەڵ کیفی پارە و مۆبایلەکەی دزرا. پۆلیسی ڕیۆدۆ ژانیرۆ لە بەڕازیل جانتاکەیان دۆزیوەتەوە، بەڵام مەدالیاکەی تێدا نەبووە، بەڵام کومیتەی ڕێکخەری مەراسیمەکە ڕایانگەیاندووە ئەوان چاوەڕێی دۆزینەوەی مەدالیاکەیان نەکردووە و مەدالیایەکی دیکەیان داوەتێ.

ڕۆژی هەینی گوتەبێژێکی کۆنگرەی نێودەوڵەتی بیرکاری ڕایگەیاند "ئەو (واتە کۆچەر بیرکار) ڕۆژی شەممە مەدالیایەکی دیکەی هاوشێوەی مەدالیا دزراوەکە وەردەگرێتەوە". گوتەبێژەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئەوان پێشتر مەدالیای پێنجەمیان لەلا بووە، ئێستاش تەنیا ئەوەندەی ماوە ناوی "کۆچەر بیرکار"ی لەسەر هەڵکۆڵن. مەراسیمەکەش لە هەمان ئەو شوێنە بووە کە مەدالیای یەکەمی لێ وەرگرتبوو.

کۆچەر کە لە ناسنامە ئێرانییەکەیدا ناوی فەرەیدوون درەخشانییە، لە ساڵی 1978 لە خێزانێکی جووتیار لە گوندی نێی مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، واتە نزیک ساڵێک پێش شۆڕشی ئێران و دوو ساڵ پێش جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر خەڵکی ناوچە سنوورییەکانی هەردوو وڵات دانا. سەرەڕای ئەوەش بیرکارە کوردەکە توانی لە زانکۆی تاران بۆ بڕوانامەی بەکالۆریۆس بخوێنێ، لە دوایین ساڵی خوێندن لەو زانکۆیەش ڕووی لە بەریتانیا کرد و لەوێ داوای مافی پەنابەرێتی سیاسی کرد.

ساڵێک دواتر، کۆچەر لە زانکۆی نۆتینگهام وەرگیرا، هەر لەوێ بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنا. بەڵام لەوێ هیچکەسێک نەبوو لەو بوارەدا کاربکات کە بیرکارە کوردەکە دەیویست توێژینەوەی تێدا بکات، واتە زانستی ئەندازەی جەبری، کە بوارێکە تێیدا زانستی هاوکێشە بیرکارییەکان و زانستی ئەندازە تێکهەڵکێش دەکرێن.

بەڵام هەر لەوێ ڕاوێژکارە ئەکادیمییەکەی هانی دەدات لە بۆنە زانستییەکانی دیکەی دەرەوەی زانکۆدا بۆ ئەو کەسانە بگەڕێ کە لەو بوارەدا کار دەکەن، بەتایبەتیش ئەندازەی بایراشناڵ کە لەو کاتەدا تەواو پشتگوێ خرابوو، لەبەر ئەوەی زاناکان بێهیوا ببوون لەوەی هیچ بیرۆکەیەکی نوێ مابێت لەو زانستەدا بدۆزرێتەوە. هەوڵەکانی کۆچەر ڕۆڵی باڵایان هەبووە لەوەی ئەو بوارە زانستییە جارێکی دیکە بایەخی پێبدرێتەوە.

بیرکار: تەنیایی، موزیکی کوردی و بایسکل

بەشی زۆری بیرکردنەوە ماتماتیکییەکانی کۆچەر لە ژووری نانخواردنی ماڵەکەیدا ڕوودەدەن، بەڵام لەگەڵ مۆسیقای فۆلکلۆر و نوێی کوردی، ئەمەش خوویەکە لە منداڵییەوە بۆی ماوەتەوە کە هەر کات خەریکی بیرکردنەوە لە هاوکێشە ماتماتیکییەکان بێت، مۆسیقا هاوڕێیەتی. وەک خۆی بۆ گۆڤاری (کوانتا مەگەزین)ی باس دەکات "لەو کاتانەدا زۆر شت بەناو مێشکم دا دێن و دەچن، هەندێکجار بە درێژایی ڕۆژ لە یەک لاپەڕە زیاترم پێنانووسرێ". هەندێکجاریش بۆ سافکردنی بیرکردنەوەی سواری بایسکلەکەی دەبێ و بەناو گەڕەکەکەی خۆیاندا دەسووڕێتەوە.

کریستۆفەر هەکن، زانای بیرکاری لە زانکۆی ئۆتا و هاوکاری بیرکار، پێیوایە "ئەو حەز دەکات تەنیا بێت و هەموو فۆکەسی لەسەر ئەو کێشەیە کە کاری لەسەر دەکات". لەناو زانایانی بیرکاریشدا کۆچەر بە کەسێکی توند و بەهێز دەناسن کە حەز دەکات پەلاماری کێشە ماتماتیکییەکان بدات.

### 20 عەرەبی شەممەریان کوشتووە

# داعش لە دەوروبەری بەعاج دەستی بە جموجۆڵ کردووە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

هەفتەی ڕابردوو چەکدارانی داعش لە ناوچەی سکاری نزیک بەعاج، 20 عەرەبی سەر بە عەشیرەتی شەممەریان لە نێو ماڵێکدا کوشت، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە ڕەگوڕیشەی ئەو ڕێکخراوە بە تەواوی هەڵنەکێشراوە. بەرپرسانی ناوچەکەش هۆشداری دەدەن لە چالاکی و جموجۆڵەکانی داعش لە ناوچەکە.

قەزای بەعاج دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شنگال و هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای ڕومادی، بەعاج دوا شوێن بوو لە سنووری پارێزگای مووسڵ کە لە 2017/6/4 لە دەستی داعش دەرهێنرا، بەڵام تەنیا سەنتەری قەزاکە بە تەواوی ڕزگار کرا، جزیرەی نێوان بەعاج و ڕومادی هێشتا شوێنی تەراتێنی چەکدارانی داعشە. تەنانەت گومان دەکرێ ئەبوبەکر بەغدادی کە لە حوزەیرانی 2014 خۆی بە "خەلیفە"ی دەوڵەتی ئیسلامی ناساند، ماوەیەک لەو ناوچەیە خۆی حەشاردابێ.

خدر خودێدا ڕەشۆ، بەڕێوەبەری ناحیەی گرعوزێری سەر بە قەزای بەعاج، لەبارەی جموجۆڵی چەکدارانی داعش لەو ناوچەیە دەڵێت: "چەند ڕۆژێکە دەستیان بە جموجۆڵ کردووە، هەفتەی ڕابردوو 20 هاووڵاتییان کوشت، دوای ئەو چالاکییە شانە نووستووەکانیان لە بەعاج کەوتنە جموجۆڵ".

> **هەتا پێشمەرگە نەگەڕێتەوە یەک کوردی ئێزدی ناگەڕێتەوە**
> بەڕێوەبەری ناحیەی گرعزێر

بە گوتەی خدر خودێدا دوای ئۆپەراسیۆنەکەی سەر بەعاج، نزیکەی 300 خێزانی سەر بە داعش بەرەو جزیرەی ڕومادی ڕۆیشتوون "گومان دەکرێ ئەبوبەکر بەغدادیش لەگەڵ ئەو خێزانانە چووبێتە ئەو ناوچەیە".

زۆربەی دانیشتووانی ناحیەی گرعزێر کوردی ئێزدین، داعش نزیکەی 60%ی خانووەکانی ناحیەکەی بۆمبڕێژ کردوون. ژمارەی دانیشتووانی ناحیەکە 100 هەزار کەسە، بەڵام هیچ خێزانێک نەگەڕاوەتەوە. خدر خودێدا دەڵێت: "سەرەتا خەڵک ترسی لە مین و تەقەمەنی هەبوو، ئێستا لە عەرەبی ئەو ناوچانە و دووبارە گەڕانەوەی داعش دەترسن، هەتا ئەو ناوچانە نەکەونەوە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، یەک کوردی ئێزدی ناگەڕێتەوە".

ئاشتی کۆچەر بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕۆژئاوای دیجلە لە (ڕادیۆی ڕووداو) باسی مەترسی گەڕانەوەی داعشی بۆ شنگال کرد و گوتی: "ئەگەر ڕەوشەکە هەر وابڕوات، گەڕانەوەی داعش و عەرەبەکانی ئەو ناوچانە نزیک بووە، چونکە زانیاری ئەمنیمان هەیە ڕەوشی ئەمنیی شنگال و بەعاج زۆر خراپە، ئێستا هێزەکانی حەشدی شەعبیش لەو ناوچانە زۆر دەترسێن، داعش بە ئاشکرا خەڵک دەگرن و گوللەباران دەکەن".

سەبارەت بە شوێنی ئەبوبەکر بەغدادی، ئاشتی کۆچەر گوتی "نازانین 100% بەغدادی لە کوێیە، بەڵام پێدەچێ لە جزیرەی ڕومادی بێ، چونکە ناوچەیەکی زۆر بەرفراوانە و شوێنی خوحەشاردانی زۆرە".



گومان دەکرێت ئەبووبەکر بەغدادی لە جزیرەی ڕومادی بێت



## نێچیرڤان بارزانی: کۆمەڵێک لە هێزەکانی پێشمەرگەمان کۆکردووەتەوە

**رووداو- هەولێر**

لە وەڵامی هاووڵاتییەک، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان باسی یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و دروستکردنی هێزێکی نیشتمانی دەکات لەژێر چەتری وەزارەتی پێشـــمەرگە. نێچیرڤان بارزانی، لە وەڵامی ئەو هاووڵاتییەی شـاری سـلێمانی دەڵێت :"راستییەک هەیە، ئەویش ئەوەیە ئێمە مێژوویێکی ناخۆشمان لە کێشەی ناوخۆ و مەسەلەی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە لە دوای ئەو رۆژە ناخۆشانەی شەڕی ناوخۆ، هەتا ئێستا ئەو دوو هێزە زۆر بەباشی بەیەکەوە کاریان کردووە" . نێچیرڤان بارزانی بەرنامەی ئێستای حکومەت ئاشکرا دەکات و دەڵێ "بەرنامەمان ئەوەیە: هێزەکانی 70 و 80 و هێزەکانی دیکە لە وەزارەتی پێشمەرگە کۆبکرێنەوە، تائێستاش توانیومانە کۆمەڵێک لەو هێزانە کۆبکەینەوە" .

## ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بۆ (رووداو):

# پارتی گفتوگۆ لەسەر دواخستنی هەڵبژاردن ناکات

هەفتەی رابردوو برێت مەککگۆرک، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لە هەرێمی کوردستان بوو، دوو رۆژ دوای کۆبوونەوەکەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد. ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) ئاشکرای دەکات کە برێت مەککگۆرک لەسەر داوای یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان، داوای لە پارتی کردووە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوابخرێ، بەڵام ئاراس حەسۆ میرخان دەڵێت هەڵبژاردن لە دەست ئەوان دەرچووە و گفتوگۆی لەسەر ناکەن.

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود
رووداو - سلێمانی



> مەککۆرگ لەسەر داوای یەکێتی و گۆران داوای دواخستنی هەڵبژاردنی کردووە

**رووداو: ئێستا هەموو لایەک باسی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، ئایا ئەمە گفتوگۆی جددی نێوان حیزبەکانیشە یان میدیایە گەرمی کردووە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 30ی ئەیلوول، بڕیارێکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دراوە، پێشتر راوێژ لەگەڵ حیزبەکان کراوە. بێگومان ئەوەی ئێستا هەیە و بەوشێوە چڕوپڕە باسی لێوەدەکرێت، یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان هەوڵی بۆ دەدەن، دەیانەوێ بیکەنە بابەتی گفتوگۆ بۆ ئەوەی هەڵبژاردن دوابخرێ، بەڵام ئێمە گوتوومانە ناکرێ دیسانەوە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوابخرێتەوە.

**رووداو: بەڵام ئێستا باس لە هەوڵی برێک مەککگۆرگ، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکاش دەکرێت بۆ دواخستنی هەڵبژاردن؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** مەککۆرگ لەگەڵ ئێمە باسی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کرد، بەڵام لەسەر داوای یەکێتی و گۆڕان ئەو داوایەی کردووە. ئەوان بە مەککۆرکیان گوتووە ئەگەر لەم کاتەدا هەڵبژاردن بکرێت، پەیوەندی نێوان حیزبەکان لە کوردستان خراپتر دەبێ و کاتەکە گونجاو نییە و کاریگەری دەبێت لەسەر پرسی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقیش.

**رووداو: ئەی وەڵامی ئێوە بۆ مەککۆرگ چی بوو؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** ئێمە تاوەکو ئێستا تەنیا ئەوەمان پێگوتووە کە حکومەت و کۆمسیۆن کاری خۆیان دەکەن و ئەوان لایەنی پێوەندیداری هەڵبژاردنن و بەردەوامن لە ئامادەکاریی خۆیان.

> رازی نین دۆسیەی هەڵبژاردن بچێتە پەرلەمان

**رووداو: واتە ئێوە وەڵامێکی دروستتان بە مەککۆرگ نەداوەتەوە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** مەککۆرگ بە ئێمەی نەگوتووە با هەڵبژاردن دوابخرێ، بەڵکو ئەوان داوایان لە مەککۆرگ کردووە. بۆیە وەڵامی ئێمە بەگشتی ئەوەیە کە دەبێت هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێ و ناکرێ دوابخرێت. پاشان بۆچی هەڵبژاردن کێشە دروستدەکات، یان نێوانی لایەنەکان خراپتر دەکات؟ ئێمە لەگەڵ یەکێتی بڕیارمان داوە پێکەوە بە هەماهەنگی و یەکهەڵوێستی مامەڵە لەگەڵ پرسی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بکەین. چوار لایەنەکەی دیکەش ئەگەر ئێستا نەتوانن لەگەڵ ئێمە و یەکێتی بن، زۆر ئاساییە دەتوانن دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێنە نێو گفتوگۆکانی ئێمە و یەکێتی بۆ ئەوەی پێکەوە بچینە بەغدا و دانوستاندن بکەین. هەرچۆن بێت، ئێمە پێمانوایە ئێستا گۆڕان و یەکێتی حەزناکەن لەم کاتەدا هەڵبژاردن بکرێ و هەوڵی دواخستنی دەدەن.

**رووداو: تۆ وەک بۆچوونی خۆت دەڵێی داوایان لە مەککۆرگ کردووە یان ئەوە زانیارییە و داواکاری ئەوانی پێبووە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** نا، ئەوە بۆچوون و رای شەخسیی خۆم نییە. ئەو بابەتە لەگەڵ مەککۆرگ باسکراوە و ئەویش هاتووە لە دانیشتنی لەگەڵ پارتی باسی کردووە.

**رووداو: دانیشتنەکەی ئەمدواییەی مەککۆرگ لەگەڵ بارزانی، بەتایبەتی بۆ ئەوە بوو کە ئەو داواکارییە بگەیێنێ؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** نەخێر. باسی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و هەوڵی گفتوگۆی نێوان لایەنەکان کراوە. لە چوارچێوەی ئەو پرسانەدا، باسی ئەوەشی کردووە کە ئەو لایەنانە پێیانوایە بەهۆی ئەو رەوشەی ئێستای عێراق و پێکهێنانی حکومەت، رەنگە هەڵبژاردن لەم کاتەدا کاریگەری لەسەر یەکهەڵوێستیی کورد بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق هەبێت.

**رووداو: تاوەکو ئێستا بە فەرمی ئەو داوایەیان لە ئێوە کردووە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** نەخێر، تاوەکو ئێستا بە فەرمی ئەو داوایە لە ئێمە نەکراوە. خۆ ئەگەر داواشمان لێبکرێت، ئێمە بە فەرمی رای خۆمان لەبارەی دواخستنی هەڵبژاردنەوە راگەیاندووە و ئەم پرسە لە دەستی ئێمە دەرچووە و گفتوگۆکردن لەبارەی دواخستنی هەڵبژاردن سوودی نییە. بۆیە هیچ لایەنێک نابێ هەوڵی دواخستنی هەڵبژاردن بدات بە پارتیشەوە.

**رووداو: ئەگەر پرسی هەڵبژاردن لە دەست حیزبەکان دەرچووە، ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکرێ بخرێتە بەردەم پەرلەمان و پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** ئێمە بۆیە نامانەوێ ئەو بابەتە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، چونکە زۆرینەی پەرلەمانتاران دەنگ بە دواخستنی دەدەن.

**رووداو: کەواتە بڕیارتانداوە نەچێتە پەرلەمانەوە؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** تاوەکو ئەم کاتەی قسە لەگەڵ تۆ دەکەم، بڕیاری ئێمە ئەوەیە نەچێتە پەرلەمان و هەڵبژاردن دوانەخرێ. دواخستنی هەڵبژاردن کاری پەرلەمان نییە، چونکە بڕیاری لەسەر دراوە و پارەی بۆ خەرجکراوە و ئامادەکاریی بۆ کراوە و جارێکی دیکە ئێمە موناقەشەی ئەو مەسەلەیە ناکەین.

> ئەگەر دۆسیەی هەڵبژاردن بچێتە پەرلەمانەوە زۆرینە دەنگ بە دواخستنی دەدەن

**رووداو: ئەوان داوا دەکەن بۆ ماوەی چەندە دوابخرێ؟ ئایا هەر قسە لەسەر دواخستنە یان وادەکەش قسەی لەسەر دەکرێ؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** قسەی جۆراوجۆر بە نافەرمی دەکرێن. هەندێک لایەن پێیانخۆشە 2020 بکرێ، بەڵام ئێستا دەڵێن با لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بکرێ. ئێ خۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق هەر دیار نییە دەکرێ یان ناکرێ. چەند مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کراوە و هێشتا ئەنجامەکانی رانەگەیێندراون، بێجگە لەوەش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان هیچ پەیوەندی بە پەرلەمانی کوردستانەوە نییە. هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، کۆمسیۆنی عێراق دەیکات و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کۆمسیۆنی کوردستان سەرپەرشتی دەکات و حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەی بۆ خەرج دەکات. ئێمە هەر گومانمان هەیە بەهۆی رەوشی پێکهێنانی حکومەتی عێراق و کێشەکانی نێوان لایەنە عێراقییەکانەوە، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە مانگی 12دا بکرێ.

**رووداو: ئەی رای لایەنە عێراقییەکان چییە لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هیچ پەیوەندی بە لایەنە عێراقییەکانەوە نییە.

**رووداو: ئایا ئەوان دەستێوەردان دەکەن؟**

**ئاراس حەسۆ میرخان:** ئێستا لایەنە عێراقییەکان خەمی ئەوەیانە چۆن و کێ فراکسیۆنی گەورە دروستبکات بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و کێ ببێتە سەرۆک وەزیران و کێ لەگەڵ کێ هاوپەیمانی بکات. ئێستا کێشەی بنەڕەتی ئەوان ئەوەیە و کێشەکان ئەوەندە ئاڵۆز بوون، دەرفەتی ئەوەیان نییە لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە رای خۆیان دەرببڕن یان قسەی تێدا بکەن. هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کراوە، ئێستا ئەوان دەزانن گەورەترین کوتلەی کوردی کێیە و پاشتر کێیە، هەر بۆیە کاتێک گفتوگۆ لەگەڵ کورد دەکەن، دەزانن لەگەڵ کێ قسە بکەن.



## هێشتا سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاری کۆتایی نەداوە

# لەناو یەکێتیدا تەنیا محەممەد سابیر خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار پاڵاوتووە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو – سلێمانی**

ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی بە فەرمی ناوی محەممەد سابیری وەک پاڵێوراوی ئەنجوومەنەکە ناردووە بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی و چاوەڕوانە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە کۆبوونەوەیەکدا پەسەندی بکات بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق. ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبەش لە بایەخی ئەو هەواڵانە کەمدەکاتەوە کە دەڵێن بەرهەم ساڵح، یەکێکە لەوانەی چاوی لە وەرگرتنی ئەو پۆستەیە و دەڵێ "یەکێتی تەنیا لەگەڵ پارتی گفتوگۆی ئەو پۆستە دەکات، ئەو پۆستە نادرێتە بەرهەم ساڵح".

هەرچەندە هێشتا پارتی و یەکێتی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماریان لە نێوان خۆیاندا نەبڕیوەتەوە و وەک پرسێکی تەمومژاوی ماوەتەوە لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا و پشکی کورد لەو حکومەتە نوێیەدا، بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ "دواجار پارتی رازی دەبێت ئەو پۆستە بدرێتەوە بە یەکێتی".

فەرید ئەسەسەرد گوتیشی، حیزبەکەی خوازیاری وەرگرتنەوەی ئەو پۆستەیە و بووەتە بەشێک لە دانوستاندنەکانیان لەگەڵ پارتی و لایەنە عێراقییەکان. بەڵام ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی، پاڵێوراوی خۆی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق یەکلا کردەوە و ناوەکەشی نێردراوە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی.

محەممەد سابیر ئیسماعیل، تەمەن 71 ساڵ کە لە تەمەنی 17 ساڵیدا بە ئەندامێتی لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، دەستی بە کاری سیاسی کردووە، نوێنەری حیزبەکەی بووە لە وڵاتانی وەک فەرەنسا و چین. هەروەها ئەو کۆنفرانس و کۆبوونەوانەی تاڵەبانی رایدەسپارد. جگە لەوەی ساڵانێکیش نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە لە ئەمریکا. محەممەد سابیر پسپۆڕییەکەی لە بواری فیزیای ئەتۆمە.

سۆران جەمال تاهیر، ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی دەڵێ "محەممەد سابیر کە بۆ خۆی ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندییە، لە رێگای سکرتاریەتی ئەنجوومەنی ناوەندییەوە خۆی داوای کردووە و دواتر ئەنجوومەن ناوەکەی پەسەند کردووە".

گوتیشی: "تەنیا کاک محەممەد سابیر خۆی پاڵاوتبوو، بۆیە بەبێ رکابەر داواکارییەکەی پەسەند کرا و ناوەکە رەوانەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی کراوە بۆ ئەوەی ئەوانیش پەسەندی بکەن".

محەممەد سابیر، کەسێکی نزیکی بنەماڵەی تاڵەبانییە. پێشتر لەتەنیشت ناوی ئەوەوە ناوی لەتیف رەشید دەهێنرا بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار، بەڵام لەوەتەی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی ئەو ناوەی بە فەرمی ناردووە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی، زۆرتر چاوەکان لەسەر ئەون. سامان گەرمیانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، رەتیکردەوە لە دواهەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتیدا باسی هیچ کەسێک کرابێت بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق "بەڵام مەکتەبی سیاسی ناوێک دەنێرێتە ئەنجوومەنی ناوەندی و ئەنجوومەنەکەش دوای ئەوەی پەسەندی کرد، دەبێتە کاندیدی فەرمی یەکێتی بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە".

سامان گەرمیانی، رێوشوێنی یەکلاکردنەوەی پاڵێوراوی ئەنجوومەنەکە بەو شێوەیە باسدەکات و بەو پێیەش بێت، محەممەد سابیر، لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسییەوە رەوانەی ئەنجوومەنی ناوەندی کراوە، بەڵام وەک د.عیززەت سابیر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتی و برای محەممەد سابیر باسی دەکات، قسەی کۆتایی لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسییە: "ئەنجوومەنی ناوەندی ناوەکەی پێشکەش بە سەرکردایەتی و جێگری سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی کردووە و ئەوان بڕیاری کۆتایی دەدەن".

> پارتی لاری نییە لەوەی یەکێتی پۆستی سەرۆک کۆمار وەربگرێتەوە
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی

د. عیززەت سابیر، ئەو هەواڵانە رەتدەکاتەوە کە گوایە پارتی نیگەرانە لەو پاڵێوراوەی یەکێتی: "پارتی بەهیچ شێوەیەک لەو بارەیەوە نیگەرانی دەرنەبڕیوە و 72 کاژێرە میدیای کوردستانی و عێراقی باسی دەکەن، پارتی هیچ قسەیەکی لەو بارەیەوە نەبووە".

گوتیشی: " تاوەکو ئێستا د.محەممەد سابیر، تاکە پاڵێوراوی یەکێتییە بۆ ئەو پۆستە و هیچ کەسێکی دیکە خۆی نەپاڵاوتووە".

محەممەد سابیر، ساڵی 1977 تاوەکو 1992 لێپرسراوی لقی ئەورووپای یەکێتی بووە و لە ساڵی 2004 تاوەکو 2010 باڵیۆزی عێراق بووە لە کۆماری چین. ساڵی 2013 کاتێک عێراق سەرۆکایەتی کۆنگرەی داماڵینی چەکی ئەتۆمی وەرگرت، محەممەد سابیر، وەک نوێنەری عێراق بووە سەرۆکی ئەو دەزگایە.

دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردن، جەلال تاڵەبانی، سکرتێری کۆچکردووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بووە یەکەمین کورد لە مێژووی عێراقدا پۆستی سەرۆک کۆمار وەربگرێ. تاڵەبانی پەسەندکراوی زۆربەی لایەنە سیاسییە عێراقییەکان بوو لەو پۆستەدا. بەڵام دوای نەخۆشکەوتنی، پۆستەکە درایە د.فوئاد مەعسوم، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی. یەکلابوونەوەی ئەو پۆستە بۆ مەعسوم، بۆ خۆی چیرۆکێکی ئاڵۆز بوو کە تاوەکو درەنگانێکی دواهەمین شەوی وادەی پێشکەشکردنی ناوەکە، لە نێوان بەرهەم ساڵح و فوئاد مەعسومدا، گرفت هەبوو.

ئێستا باس لە خواستی بەرهەم ساڵح دەکرێ بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، ئەگەرچی بەرهەم ساڵح، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە 12ی ئایار بە لیستێک لە دەرەوەی یەکێتی، بەشداریی هەڵبژاردنی کرد. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی رەتیدەکاتەوە حیزبەکەی ئامادەبێت ئەو پۆستە بسپێرێتە بەرهەم ساڵح :"بەرهەم ساڵح، نە بەپێی ژمارەی کورسییەکانی و نە بەپێی هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە ئەو پۆستەی پێنادرێ، چونکە یەکێتی ئەو پۆستە بە مافی خۆی دەزانێ و بەهیچ شێوەیەک رازی نابێ بدرێ بە بەرهەم ساڵح".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، نایشارێتەوە هێشتا گفتوگۆکانیان لەگەڵ پارتی بە بڕیاری کۆتایی نەگەیشتووە بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار "بەڵام پارتی نابێتە رێگر لەبەردەم یەکێتی ئەو پۆستە وەربگرێت و یەکێتیش بۆ خۆی کاندیدی هەیە".

نووری حەمە عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دەڵێت دواقسەی پارتی لەو بارەیەوە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پارتی دەکرێ. ناوبراو بە (رووداو) ی گوت :"پارتی هێزی یەکەمە، مافی خۆیەتی ئەو پۆستە وەربگرێ، بەڵام لە رابردووش لە پێناو تەبایی نێوماڵی کوردستانی قوربانی داوە. پێشتر ئەو پۆستە لە بەرامبەر پۆستی کاک مەسعود بووە و ئێستا کاک مەسعود سەرۆکی هەرێم نەماوە، بۆیە دەبێ جارێکی دیکە رێککەوتنی لەسەر بکرێتەوە".

## کۆمیسیۆن زانیویەتی کێشە لە ئامێرەکانی دەنگدان هەبووە

**رووداو– هەولێر**

کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عێراق کۆمەڵێک هۆشداری سەبارەت بە کێشە و باوەڕپێکراوی ئامێرەکانی دەنگدان پشتگوێ خستووە. بەگوێرەی راپۆرتێکی ئاژانسی (رۆیتەرز) دیوانی چاودێری دارایی عێراق سێ رۆژ پێش هەڵبژاردن نیگەرانییەکانی خۆی بۆ کۆمیسیۆن ناردووە. لە راپۆرتێکی دیوانەکەدا هاتووە کە ئەوان کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانیان لە 11 نیگەرانی خۆیان سەبارەت بە ئامێرەکان ئاگادار کردووەتەوە، لەوانەش شێوازی گرێبەستەکان و تاقینەکردنەوەی گونجاو بۆ ئامێرەکان. بە گوێرەی (رۆیتەرز) ئامێرەکان لە کۆریا دروستنەکراون، بەڵکو لەو وڵاتەدا کۆکراونەتەوە، لە کاتێکدا کۆی ئامێرەکانیش نرخەکەیان تەنیا 97 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام بەرپرسانی کۆمیسیۆن ئاماژەیان بە 135 ملیۆن داوە.



راپۆرت
رووداو
ژمارە ( 516 ) – دووشەممە 2018/8/6

## دەست بە جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی بایۆمەتری دەکرێ

### بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سیستمی بایۆمەتری بۆ (رووداو):

# 105 هەزار کەس لە کوردستان دوو مووچە وەردەگرن

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

لە چەند هەفتەی داهاتوودا قۆناغی دووەمی سیستەمی بایۆمەتری دەستپێدەکات، لەم قۆناغەدا جگە بەردەوامبوونی تۆمارکردن لە سیستەمی بایۆمەتری، کار بۆ میلاک و سۆشیاڵ سکیوریتی نەمبەر و توانا مرۆییەکان دەکرێت، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سیستەمی تۆماری بایۆمەتریش دەڵێت ئەم قۆناغە لە قۆناغی یەکەم گرنگترە و چاکسازیی زۆر لە فەرمانگەکانی حکومەتدا دەکرێت.

سەفین غەفوور، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سیستەمی تۆماری بایۆمەتری، بە (رووداو)ی گوت: "پرۆژەی بایۆمەتری سێ قۆناغە، قۆناغی یەکەم بریتی بوو لەوەی کێ مووچە لە حکومەت وەردەگرێ،

**مانگانە 200 فەرمانبەری حکومەت کەم دەبنەوە**

ئەمەش یەکلایی کرایەوە، زانیاری تەواومان لەسەر هەموو مووچەخۆران هەیە، دەزانین مووچەکەی چەندە و لەکوێ دەوام دەکات".

سەفین غەفوور پێیوایە قۆناغی یەکەمی بایۆمەتری ئەو بیانووەی بەغدای نەهێشت بۆ ناردنی مووچەی فەرمانبەران "پێشتر بەغدا دەیگوت مووچە نانێرین، چونکە دڵنیانین لە ژمارەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهۆی ئەو بایۆمەترییەوە دڵنیایی درا کە ژمارەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان هیچ گومانی تێدا نییە، بەغداش پارەکەی نارد".

سەفین غەفوور، وردەکاریی قۆناغی دووەمی ئەو کارە بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات کە بڕیارە لە چەند هەفتەی داهاتوودا دەست بە جێبەجێکردنی بکرێ "ئەم قۆناغە کە ساڵێک دەخایەنێ، یەکێکە لە گەورەترین پلانەکانی چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرجەم بڕگەکانی لەلای لیژنەکە یەکلایی بووەتەوە، سەرۆکی لیژنەکەش کە جێگری سەرۆکی حکومەتە پەسەندی کردووە، تەنیا دابینکردنی بودجە و کاتی دەستپێکردنی ماوە".

گوتیشی: "قوناغی دووەمی بایۆمەتری چەند لایەنێکی لەخۆگرتووە، ئەوانیش: بەردەوامبوونی تۆمارکردن لە سیستەمی بایۆمەتری، چونکە هەر کەسێک بایۆمەتری نەبێت مووچەی پێنادرێت، ئێستا رۆژانە نزیکەی 50 کەس لەوانەی مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە و گەڕاونەتەوە، واریسی شەهید و خانەنشینان و ئەوانەی لە دەرەوە خوێندنیان تەواو کردووە، لە سیستەمی بایۆمەتری تۆمار دەکرێن".

زیاتر لە 100 هەزار کەس دوو مووچە لە حکومەت وەردەگرن، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بایۆمەتریش ئەم زانیارییە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: "ژمارەی ئەو کەسانەی لە سیستەمی بایۆمەتری تۆمارکراون و دوو مووچە وەردەگرن نزیکەی 105 هەزار کەسن، ئەوانە 10%ی کۆی ژمارەی فەرمانبەران پێکدێنن".



رۆژانە نزیکەی 50 کەس لە پرۆسەی بایۆمەتری تۆماردەکرێن (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

گوتیشی: "لەم قۆناغەدا ئەوە یەکلایی دەکرێتەوە کە کێ یاساییە و کێ نایاساییە دوو مووچە وەربگرێ".

### کۆد بۆ مووچەخۆران دادەنرێت

دروستکردنی کۆد بۆ مووچەخۆران یەکێکی دیکەیە لە بڕگەکان، جێبەجێکاری پرۆژەی بایۆمەتری دەڵێت "ژمارەیەکی بێ هاوتا بۆ مووچەخۆران دروستدەکرێت، ژمارەکە وەک سۆشیاڵ سکیوریتی نەمبەرە کە لە دەوڵەتاندا هەیە، کەسەکە لەڕێگەی ئەو ژمارەیە دەناسرێتەوە، هەر کەسێک پەنجەمۆر و گلێنەی چاوی لەلامان هەبێت ژمارەیەکی پێدەدرێت، لەمەودواش لەگەڵ ئەو ژمارەیە مامەڵە دەکەین، کە

**ئەم قۆناغە ساڵێک دەخایەنێ و یەکێکە لە گەورەترین پلانەکانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان**

رەنگە بەشێوەی کارت بدرێتە کەسەکە و بۆ کاری دیکەی وەک بیمەی تەندروستی، کۆکردنەوەی باج و هەموو مامەڵەکانی دیکەش بەکاردێت، هەموو خزمەتگوزارییەک بۆ فەرمانبەر بەو ژمارەیە دەبەسترێتەوە".

هەر لە قۆناغی دووەمی بایۆمەتریدا ناوی مردووان دەسڕێتەوە و ئەو فەرمانبەرانەی گواستراونەتەوە رێکدەخرێنەوە، سەفین غەفوور گوتی "ساڵی 2016 دەستمان بە سیستەمی بایۆمەتری کرد، لەوماوەیە خەڵک هەیە مردووە یان فەرمانگەکەی گواستووەتەوە، یان خانەنشین بووە، میکانیزمێک ئامادەکراوە بۆ چۆنیەتی گواستنەوەیان، هەروەها سڕینەوەی ناوی مردووەکانیش کە لە وەزارەتەکانی تەندروستی و داد تۆماردەکرێت، رێکدەخرێتەوە و لە یەک شوێن تۆماردەکرێت".

بڕگەیەکی دیکە بریتییە لە دانانی سیستەمێکی ناوەندی بۆ مووچە، وەک بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بایۆمەتری دەڵێت "کارمان لەسەر دانانی سیستەمی مووچەی ناوەندیی کردووە کە زۆر پێویستە، بەمەش دامودەزگاکان دەتوانن لیستی مووچەکانیان لەو سیستەمە ناوەندییەوە دروستبکەن".

لە بڕگەی شەشەمدا کار لەسەر بەستنەوەی دامودەزگاکان بە سیستەمی بایۆمەترییەوە دەکرێت، سەفین غەفوور بۆ ئەمەش دەڵێت "چەند ئەپڵیکەیشنێک بۆ بەستنەوەی دامودەزگاکانی حکومەت بە سیستەمی بایۆمەتری دادەنرێت، بۆ نموونە کەسێک داوای مووچەیەک دەکات، دەبێت بەڵێننامەیەک بهێنێت کە مووچەیەکی دیکەی نییە، بەڵام لەڕێگەی ئەم ئەپڵیکەیشنانەوە کارەکە زۆر ئاسان دەبێت و دەتوانرێت بزانی مووچەی دیکەی هەیە یان نا؟

نەبوونی سیستەمێک بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان لەنێو فەرمانگەکانی حکومەت قەرەباڵغی و رۆتینیاتێکی زۆری لە فەرمانگەکان دروستکردووە، بەڵام سەفین غەفوور دەڵێت لەم قۆناغەدا ئەمەش چارەسەر دەکەن "نەبوونی ناونیشانی وەزیفی لەناو فەرمانگەکاندا وایکردووە بەشێک لە فەرمانبەران دابەشکردنی کارەکەیان نەزانن، فەرمانگە هەن داوای دامەزراندن دەکەن و شوێنی دیکەش فەرمانبەری زیادی هەیە، بەپێی ئەم سیستەمە دەتوانین بەئاسانی بیگوازینەوە، بەمەش حکومەت دەتوانێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە پێداچوونەوە بە میلاکدا بکات و فەرمانبەران باشتر دابەشبکات".

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بایۆمەتری پێیوایە بەرهەمی کاری ئەم قۆناغە لە قۆناغی یەکەم باشتر دەبێت و چاکسازییەکی زۆر لە دامودەزگای حکومەتدا دەکات "قۆناغی دووەمی بایۆمەتری چاکسازییەکی زۆر گەورەیە، بەتایبەت سۆشیاڵ سکیوریتی نەمبەرەکە، کە لە دروستبوونی حکومەتی عێراقەوە نەبووە، هەروەها یەکخستنەوە و دابینکردنی میلاک بەپێی پێداویستی دامودەزگاکان، بایۆمەتری تەنیا بۆ ئەوەنییە بزانین کێ فەرمانبەری وەهمییە یان دوو مووچەی هەیە، بەڵکو دەستکەوتە گەورەکە پێداچوونەوەیە بە میلاک، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خەرجی حکومەت بەجۆرێک زیاتر نەبێت لە داهاتەکەی، ئەویش لەڕێگەی ئەو بودجەیەی دابیندەکرێت بۆ مووچەی فەرمانبەران و ئاوەدانکردنەوە کە لەسەرووی 84%ی بودجەی گشتییە".

گومان دەکرێت 15 هەزار خانەنشینی نایاسایی هەبن

ژمارەی ئەو کەسانەی گومان دەکرێت بەشێوەیەکی نایاسایی خانەنشینکرابن 15 هەزار کەسن، لەبارەی یەکلاییکردنەوەی ئەوانەش بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بایۆمەتری پێیوایە "ئەم ژمارەیە بەشێوەیەکی داتابیس تەواوە، خەڵک هەبووە لەدایکبووی ساڵی 2000 یان نەوەتەکانە، مووچەی خانەنشینی وەرگرتووە، ئەگەرچی مەرج نییە هەموویان نایاسایی بن، بۆیە لەم پرۆسەیەدا ئەمەش یەکلادەکرێتەوە".

مانگانە ژمارەی فەرمانبەران کەمدەبێتەوە

بەرپرسانی بایۆمەتری پێیانوایە پرۆسەکە توانیویەتی لە قۆناغی یەکەمدا ئامانجی خۆی بپێکێت، سەفین غەفوور دەڵێت "پرۆسەکە بەتەواوی کۆنترۆڵکراوە، هیچ مووچەخۆرێک نابێت بایۆمەتری نەبێت، رۆژانە ژمارەی فەرمانبەران بەشێوەیەکی سروشتی کەمدەبێتەوە، مانگانە نزیکەی 200 فەرمانبەری حکومەت کەمدەبێتەوە".

### دەستەی دەستپاکی:

# 1557 کەس بە نایاسایی پلەی باڵایان پێدراوە

**زۆرترین کەیسی گەندەڵی کە دراونەتە دادگا لە هەولێر بووە**

**لە کەیسی گەڕاندنەوەی پارە بردراوەکاندا بۆ دەرەوەی وڵات سەرکەوتوو نەبووین**

**سەدان خانەنشینی نایاسایی لە وەزارەتی پێشمەرگە هەن**

**شکار ئەحمەد**
**رووداو– هەولێر**

دەستەی دەستپاکی لێکۆڵینەوەی لە چەندین دۆسیەی گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا کردووە و هەر دۆسیەیەکیش گەندەڵی تێدا بووبێت رەوانەی دادگای کردووە، دەستی بە لێکۆڵینەوە لە چەند دۆسیەیەکی دیکەش کردووە، لەوانە: بڕوانامەی مامۆستایانی زانکۆ.

### 112 کەیسی گەندەڵی لە دادگان

موشیر رەشید، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاسایی دەستەی دەستپاکی باس لەوە دەکات کە زۆرترین کەیسی گەندەڵی لە هەولێر نێردراون بۆ دادگا و کەسەکانیش سزادراون "ساڵی رابردوو چەند کەیسێکمان گەیشتنە قۆناغی دادگایی کە 62 کەیس بوو، ئەمساڵیش 50 کەیسمان هەیە، واتە 112 کەیس لە دادگایە، کە هەولێر پشکی شێری لەو کەیسانە بەرکەوتووە بە 56 کەیس، سلێمانی 38 کەیس و دهۆکیش 18 کەیس".

بە گوتەی مورشید، لەو کەیسانە 32 کەیس یەکلایی بوونەتەوە، 17 کەیسیان لە هەولێر کە شەشیان حوکمدراون، دوو ئازادکراون و نۆش بەر لێبووردنی گشتی کەوتوون. لە سلێمانیش هەشت کەیس یەکلابوونەتەوە، سێ کەیس حوکمدراون و سێ کەیسیش ئازادکراون، دووشیان بەر لێبووردنی گشتی کەوتوون. هەروەها لە دهۆک حەوت کەیس یەکلابوونەتەوە، شەش کەیس حوکمدراون و یەکێکیشیان بێتاوان بووە و ئازاد کراوە".

لێبووردنی گشتی ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە گەندەڵییان کردووە، بۆیە بەرپرسەکەی دەستەی دەستپاکی دەڵێت: "بڕیاری ئازادکردنی ئەو 11 کەیسەمان لە دادگا تەمیز کردووەتەوە".

دۆسیەی ناردنە دەرەوەی پارەی گشتی یەکێکە لەو بابەتانەی پێشتر زۆر قسەی لەسەرکراوە، دەستەی دەستپاکیش بەدواداچوونی بۆ کرد، بەڵام بەڕێوەبەری گشتی یاسایی دەستەکە دەڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو "ناردنە دەرەوەی پارەی گشتی لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش هەبوو، ئێمە پرۆژە یاساییەکمان بەناوی گەڕاندنەوەی پارە دایە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لەم دۆسیەیەدا سەرکەوتوو نەبووین، تەنانەت حکومەتی عێراقیش سەرکەوتوو نەبوو، چونکە بەشێکی زۆری ئەو

**لە بڕوانامەی 600 مامۆستای زانکۆ دەکۆڵینەوە**

پارانە سپی کراونەتەوە".

### فرۆشتنەوەی چەکی بەڵێندەران

ئەو فەرمانبەرانەی مامەڵەیان بە چەکی بەڵێندەرانەوە کردبوو لەلایەن دەستەی دەستپاکییەوە درانە دادگا، بەڵام هێشتا کەیسی بەشێکیان یەکلانەکراونەتەوە. موشیر رەشید دەڵێت: "هێشتا کەیسەکە لە دادگایە، لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەموو بانکەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک کراوە، ئیجرائات بەرامبەر ئەو خەڵکانەی تێوەگلابوون کرا، کەیسی هەندێکیان لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییدایە، ژمارەیەک لەوانەش دۆسیەکەیان یەکلایی بووەتەوە و بێتاوان دەرچوون، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو توانرا سنوورێک بۆ فرۆشتنەوەی چەکی بەڵێندەران دابنرێت".

### سەدان خانەنشینی نایاسایی لە وەزارەتی پێشمەرگە

پێشتر دەستەی دەستپاکی رایگەیاندبوو کە 464 کەس بەشێوەیەکی نایاسایی خانەنشین کراون، ئێستاش کار لەسەر خانەنشینی نایاسایی لە وەزارەتی پێشمەرگە دەکات. مورشید رەشید دەڵێت "لە 2016/8/8 نووسراومان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد، داوامانکردووە لیژنەیەکی باڵا پێکبهێندرێ بەمەبەستی وردبینیی لە دۆسیەی خانەنشینکراوان کە بەدەر لە یاسا خانەنشین کراون و بەدەم داواکارییەکمانەوە هاتن، جگە لە خانەنشینە پلە تایبەتە نایاساییەکان، خەریکی کەیسی خانەنشینکراوانی وەزارەتی پێشمەرگەین، کە بەهەزاران کەس بە پلەی لیوا، عەمید، عەقید خانەنشین کراون. هەزاران کەسی دیکەش بە پلەی سەربازی خانەنشینکراون و ئێستا لە دەرەوەن".

### 1557 پلە باڵای نایاسایی

بەخشینی پلە بەپێی یاسای راژەی شارستانی بە هەردوو پێوەری بڕوانامە و خزمەت دەبێت، بەڵام دەستەی دەستپاکی دەڵێت ژمارەیەک کەس بە بڕوانامەی نزم پلەی بەرزیان پێدراوە، موشیر رەشید دەڵێت "پێدانی پۆست لە حکومەتدا بەپێی بڕوانامەی کەسەکە دەبێت، بەڵام 1557 کەس بە بڕوانامەی نزم، پلەی بەرزی وەزیفیان پێدراوە، دەرچووی ئامادەیی هەبووە پلەی باڵای پێدراوە، خەڵک هەیە لەگەڵ یەکەم دامەزراندن بە پلەی شارەزا دامەزرێندراوە، حکومەت بە بڕیار ئەمەی کردووە، بۆیە ئاگادارمان کردوونەتەوە کە دەبێت چارەسەر بکرێن، تەنانەت لە کابینەی هەشتیش هەندێک وەزیر ئەم کارەیان کرد، بەڵام ئێمە رامانگرت".

### لێکۆڵینەوە لە بڕوانامەی مامۆستایانی زانکۆ

کۆمەڵێک زانیاری و قسە لەسەر بڕوانامەی مامۆستایانی زانکۆ هەبووە، لەوانە بڕوانامەی ساختە و کەموکوڕی لە بڕوانامەکانیان، بۆیە دەستەی دەستپاکی دەستی بە وردبینی لە بڕوانامەی مامۆستایانی زانکۆ کردووە، موشیر رەشید گوتی: "وردبینیمان بۆ بڕوانامەی مامۆستایانی زانکۆ کردووە و گومانمان لە نزیکەی 600 بڕوانامەی مامۆستایانی زانکۆ هەیە، مامۆستای زانکۆ هەیە ساڵی 2016 لە زانکۆی مووسڵ دەرچووە کە ئەوکات مووسڵ بەدەست داعشەوە بووە، ئایا ئەو مامۆستایە چۆن لەو ساڵەدا لە زانکۆی موسڵ دکتۆرای وەرگرتووە؟! بۆیە داوامان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کردووە وردەکاری ئەو بڕوانامانەمان بۆ رەوانە بکەن، کە ژمارەیان نزیکەی 600 بڕوانامەیە".

بەگوتەی بەرپرسەکەی دەستەی دەستپاکی چوار ساڵ لەمەوبەر هیچ وەزارەتێک میلاکی خۆی نەزانیوە. موشیر رەشید دەڵێت "ساڵی 2014 ئامارێکمان لەسەر میلاک ئامادەکرد، کاتێک داوامان لە وەزارەتەکان کرد هیچ وەزارەتێک نەیدەزانی میلاکی چەندە و بەبێ پلان فەرمانبەریان دامەزراندبوو، تەنانەت لەبەر زۆری فەرمانبەر، دەوامی دامودەزگاکان کرابوو بوو بە شەفت".

بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاسای دەستەی مافی مرۆڤ گوتیشی "لە هەر گوندێک بیری ئاو، مزگەوت، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی هەبێ، هەموو خەڵکی گوندەکە کراوە بە فەرمانبەر لەو شوێنانە و هەمووشیان جووتیارن، قوتابخانە هەیە 30 کارگوزاری هەیە، مزگەوت هەیە 20 خادمی هەیە، نیوەی خەڵکی گوندەکان بوونە فەرمانبەری حکومەت و کاری جوتیاریشیان دەکرد، لایەنە سیاسییەکان لە زۆنی سەوز و زەرد بۆ هەڵبژاردن و دەنگپێدانیان نیوەکەی دیکەشیان دامەزراند".

رەخنەیەکی زۆر لە دەستەی دەسپاکی دەگیرێت کە ماوەی 4 ساڵە نەیانتوانیوە وەکو پێویست بەدواداچوون بۆ کەیسەکانی گەندەڵی بکات، موشیر رەشید لەو بارەیەوە دەڵێت "یەکلانەبوونەوەی کەیسەکان بەهۆی کەمتەرخەمی دەستەی دەستپاکی نییە، ئێستا هیچ بودجەیەکمان نییە، تەنیا نەسریەیەکی زۆر کەممان هەیە و بەشی هیچ ناکات، پێشتر 7 ملیار دیناریان پێدەداین، ئێستا 500 ملیۆن دیناریشمان وەکو نەسریە پێنادەن، هەروەها توانای مرۆییمان کەمە، کۆی کارمەندەکانمان ناگاتە 150 کەس، بە هەموو هەرێمی کوردستان 8 لێکۆڵەرمان هەیە، لەکاتێکدا دەستەی دەستپاکی عێراق نزیکەی 800 لێکۆڵەری هەیە".

موشیر رەشید پێیوایە ئەگەر حکومەت بیەوێ بەرەورووی گەندەڵی ببێتەوە، دەبێ دادگایەکی تایبەت بۆ دادگاییکردنی گەندەڵکاران دابمەزرێنێ.

## ئۆلوف سکووگ، سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ (رووداو):

# خۆپیشاندانەکانی عێراق ئەنجامێکی سروشتی قۆناغی دوای داعشە



ئەو ئێستا بە تەنیا باڵیۆزی سوێد نییە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵکو سەرۆکی ئەم خولەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییشە کە دووەم جارە ئەو پۆستە وەردەگرێ. ئۆلوف سکووگ، سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە ئایا ئەنجوومەنی ئاسایش بایەخی ماوە، لە کاتێکدا چەندین قەیران لە جیهاندا بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، لەوانەش قەیرانی سووریا؟

هەڤپەیڤین: مەجید نیزامەددین گلی
رووداو - نیویۆرک

**رووداو: بەهۆی شکستی ئەم ئەنجوومەنە لە مەسەلەی سووریا و بابەتی دیکە، پرسیار و گومانێکی زۆر هەیە لەسەر بایەخی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. ئایا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئیتر ئەنجوومەنی ئاسایش گرنگییەکی ماوە؟**

**ئۆلوف سکووگ:** پرسیاری زۆر لەو بارەوە دەکرێت. ئایا کەموکورتی نەتەوەیەکگرتووەکانە؟ ئایا بەهۆی ئاڵۆزیی رەوشی سووریایە؟ یان هەردوو هۆکارەکە؟ پێموایە هەردوو هۆکارەکەیە. هەروەها ئەو راستییەش هەیە کە ئەنجوومەنی ئاسایش ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت بەهۆی ڤیتۆی هەندێ وڵاتەوە. ئەگەر ئەو ناکۆکییە هەبێت لەنێوان ئەو وڵاتانەی مافی ڤیتۆیان هەیە، ئەوە ئەنجوومەنی ئاسایش بەشێوەی ئۆتۆماتیکی پەکی دەکەوێت. بەڵام دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە رەوشی سووریا لە رادەبەدەر ئاڵۆزە. چەند ئەزموونێکی رابردووش هەن کە وا دەکەن نەتوانین رێکاری سەربازی لەدژی سووریا بگرینەبەر. ئەزموونی لیبیامان هەیە کە هێزی دەرەکی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی رووخاند، بەڵام هیچ پلانێک نەبوو بۆ دوای ئەوە. ئێستاش هەندێ وڵاتی جیهان باجی ئەوە دەدەن کە لە لیبیا روویدا. بەکارهێنانی هێزی سەربازی مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە. ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو بژارەیەی لەبەردەمە، بەڵام بەکارهێنانی شتێکی زۆر سەختە.

**رووداو: ئێستا هەندێک دەڵێن رۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ئاستی نێودەوڵەتی گەورەکراوە و لە قەبارەی خۆی زیاتر حیسابی بۆ دەکرێت. بەڕێزتان هاوڕان؟**

**ئۆلوف سکووگ:** نەخێر، پێموانییە رۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش گەورەتر لەخۆی نیشاندرابێت. لە نێو ئەنجوومەن گفتوگۆ هەیە لەبارەی سنوورەکانی و ئەگەرەکانی بەردەمی، بەڵام دەبێ ئەوەش بپرسین بەدیل چییە؟ ئەگەر ئەنجوومەنی ئاسایش نەبا، ئەگەر نەتەوە

**پەیوەندییەکانی نێوان رووسیا و ئەمریکا بەو ئاستە خراپ نییە کە باس دەکرێت**

یەکگرتووەکان نەبا. من رازیم نەک تەنیا لە کاری ئەنجوومەنی ئاسایش، بەڵکو لە کاری نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەگشتی. کە چۆن گفتوگۆی بەردەوام هەیە لە نێوان ئەو وڵاتانەی هەموو کاتێک پێکەوە هاوڕانین، تەنانەت هەندێکیان لە شەڕدان لەگەڵ یەکدی. لێرە کۆدەبنەوە، بەردەوام نێوبژیوانییان لەنێواندا دەکرێت. ئەوە کارێکی بەردەوامە. بە رۆژێک و دوو رۆژ ئەنجاممان دەستناکەوێ. کۆریای باکوور بۆ نموونە، ئەنجوومەنی ئاسایش کۆدەنگ بوو فشار بخرێتە سەر ئەو وڵاتە، تاوەکو ئەو کاتەی پێشێلی بڕیارنامەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بکات، تاقیکردنەوەی مووشەکی بکات و بەرنامە ئەتۆمییەکەی بەرەو پێش ببات. ئەنجوومەنی ئاسایش ئابلۆقەی توندی خستە سەر ئەو وڵاتە. ئەو سزایانە گوشاری زۆریان لەسەر کۆریای باکوور دروست کرد، ئەو گوشارانە بوونە هۆی رازیبوونی کۆریا بە گفتوگۆ و هەوڵی دیپلۆماسی. پێموایە مەسەلەی کۆریای باکوور دەتوانرێ وەک نموونەیەک بەکاربهێنرێت بۆ سەرکەوتوویی ئەنجوومەنی ئاسایش.

رووداو: ئەو سەرکەوتنەی لە بابەتی کۆریای باکوور کە باسی دەکەن، بەبێ هەماهەنگی لە نێوان ئەمریکا و رووسیا رووینەدەدا و هەروەها رۆڵی چینیش گرنگ بوو. بێ ئەو جۆرە هەماهەنگییە ئەم ئەنجوومەنە ناتوانێت بجوڵێتەوە، بەڵام ئێستا هەماهەنگی لە نێوانیان لە ئاستێکی نزمدایە..

ئۆلوف سکووگ: بەڵێ و نەخێر، خراپتر بووە. لەماوەی ئەو ساڵ و نیوەدا کە سوید ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشە، واتە لە

**ئێمە نیگەرانین لە هەژموونی رووسیا لە دەریای ناوەڕاست**

2017ەوە، چەندینجار روویداوە کە بە ئاشکرا هەندێک لە ئەندامەکان دەمەقاڵێیان هەبووە و قسەی ناشیرینیان بەیەک گوتووە و بێڕێزییان بەیەک کردووە. من هەمیشە هەڵوێستم نەرێنی بووە بەرامبەر ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە. چونکە وەک باستکرد، رێزی ئەنجوومەنی ئاسایش کەم دەکاتەوە وەک ئەنجوومەنێک کە ئیش بۆ پاراستنی خەڵک دەکات. دەبێ وریا بین ئەنجوومەنی ئاسایش وا بەکاربهێنین کە ئەنجام بەرهەم بهێنێ بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری مەیدانی، لەبری ئەوەی تەنیا کورسییەکی بێ مانابێت بۆ دەربڕینی هەڵوێستی وڵاتانمان. ئەوە پەیامێکە کە هاوکارەکانم لە ئەنجوومەنی ئاساییش زۆر ماندوون هێندەی بیبیستن، چونکە من زۆر جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەمەوە. هەر 15 باڵیۆزەکەمان مانگی نیسان بردنە سوێد لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەن، چووینە ناوچەیەکی دوور تەنیا بۆ ئەوەی پێکەوە کات بەسەر ببەین، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنێتی پێکەوە کارکردن و زانینی ئامانجە هاوبەشەکانمان، بە لەبەرچاوگرتنی چاوەڕوانییەکانی خەڵک و نەتەوە یەکگرتووەکان.

**رووداو: هاوتا رووسیەکەت لێرە پێیگوتین پەیوەندییەکانی نێوان رووسیا و ئەمریکا لە سەردەمی شەڕی سارد خراپترە. ئەو لێکدانەوەیەی باڵیۆزی رووسیات پێ راستە یان نا؟**

**ئۆلوف سکووگ:** نەخێر، لەوەدا لەگەڵی هاوڕا نیم. بێگومان ئەو گلەیی لەوە هەیە پەیوەندی نێوان رووسیا و ئەمریکا لەسەر ئاستی باڵا زۆر گەرم نییە، کە پێموایە رووسیا دەیەوێ باشتر بێت. رەنگە مەبەستی قسەکەی ئەوە بێت. بەرەوپێشبردنی ئەو پەیوەندییانە سوودی دەبێت بۆ ئاشتی جیهان. بەڵام وەک باڵیۆزی سوێد لە ئەنجوومەنی ئاسایش پێویستە بڵێم چەند پرەنسیپێک هەن کە دەزانین رووسیا پەیڕەوییان ناکات. ئێمە ناتوانین واز لەو پرەنسیپانە بێنین تەنیا بۆ رازیکردنی رووسیا. ئێمە زۆر رەخنەمان هەبووە لە هەندێک لە رووداوەکانی سووریا، وەکو پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ، رووسیا پشتگیری حکومەتێک دەکا کە یاسای نێودەوڵەتی پێشێل کردووە. لە ئۆکراینا و ئەورووپا پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان لەلایەن رووسیاوە بەردەوامە. ئێمە ناتوانین واز لەو پرەنسیپانە بهێنین، بەڵام لەبەر سوودی هەندێ ئەجێندای دیکە، باشکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و رووسیا شتێکی باش دەبێت.

**رووداو: کاتێک دێیتە سەر بابەتی پرۆژە بڕیاری 2254 ئەنجوومەنی ئاسایش کە دەربارەی دەستپێکردنی پرۆسەی سیاسییە لە سووریا. هەموو وڵاتان لێرە لەسەری هاوهەڵوێستن بە ئەمریکا و رووسیاشەوە. بەڵام پرۆژە بڕیارەکە زۆر گشتگیرە و وردەکاری شێوازی جێبەجێکردنی تێدا نییە. رووسیا ئێستا خەریکە ئەو وردەکاریانە دیاری دەکات لە رێگەی کۆنفرانسەکانی سۆچی، رووسیا رۆڵی سەرەکی هەیە نەک ئێوە، نەک هێزە رۆژئاواییەکان و نەک ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نە خەڵکی سووریاش زۆر رۆڵیان هەیە. باشە ئێوە بەدیلتان هەیە بۆ ئەم پرۆسەیە کە رووسیا سەرکردایەتی دەکات؟**

**ئۆلوف سکووگ:** پێموانییە هیچ شوێنگرەوەیەک هەبێت بۆ بڕیارنامەی 2254، بەڵام بێگومان گۆڕانکاری مەیدانی روویداوە لەدوای دەرچوونی بڕیارنامەکە. ترسی هەندێکمان ئەوەیە کە حکومەتی سووریا ئێستا لە مەیدانی شەڕ سەرکەوتووترە، بۆیە کەمتر ئامادەیی نیشان دەدات بۆ چوونە نێو دانوستناندنی سیاسی جددی. کە لەو بڕیارنامەیەدا ئاماژەی پێ کراوە. بێگومان بابەتەکە تەنیا حکومەت نییە، پێویستە کۆمیتەیەکی دەستووری هەبێت بۆ ئۆپۆزسیۆن و نەتەوەیەکگرتووەکان لەو نێوەدا رۆڵی خۆی ببینێت. بەڵام ئێمە ناتوانین چاوپۆشی بکەین لەوەی لە سووریا روودەدات. یەک رێگە هەیە کە بۆ ئێمە پرەنسیپێکی زۆر گرنگە. چەند یاسایەک هەن کە دەبێ لە کاتی شەڕیشدا پەیڕەو بکرێن و پێشێل نەکرێن. لە سووریا دەمێکە ئەو یاسایانە پێشێلکراون. لەم مانگەدا لە ئەنجوومەنی ئاسایش چەند دەست پێشخەرییەکمان راگەیاند بۆ ئەوەی لانیکەم بتوانین بەشێک لە دانیشتووانی سووریا بپارێزین لە خراپترین نەهامەتییەکانی شەڕ. بڕیارنامەیەکمان ئامادە کردووە بۆئەوەی هەنگاو بنێین و بیخەینە بواری جێبەجێکردنەوە بەتایبەتی لە سووریا.

**رووداو: لە سەرەتای قەیرانی سووریا، ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا هەڵوێستێکی روونیان هەبوو کە بریتی بوو لە پشتگیری لە خەڵکی سووریا. ئێستا ئەو خەونە کۆتایی هات. ئێستا حکومەتی سووریا کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری سووریا دەکات. ئایا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە کە بڵێین ئەمریکا و وڵاتە ئەورووپییەکان دەستیان لە سووریا شوشتوەتەوە و خەونی گۆڕانکاری لە سووریا کۆتایی هات؟**

**ئۆلوف سکووگ:** نەخێر، پێموانییە کۆتایی هاتبێت. بێگومان نائومێدی هەیە لەبارەی رووداوە مەیدانییەکانی سووریا، بەڵام بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایش هەن کە دەمانەوێ جێبەجێیان بکەین بۆ هێنانەدی چارەسەرێکی دیموکراسیانەی گشتگیر. ئایا رۆڵی ئەسەد چ دەبێت لەو گواستنەوەیەدا، ئەوە مشتومڕی لەسەر دەکرێت. بڕیارنامەکان بە تەواوی روون نین لەبارەی ئەوەوە، بەڵام بڕیارنامەکان زۆر روونن لەبارەی پرۆسەیەکی سیاسی گشتگیر.

**ئەگەر پرۆسەیەکی دیموکراسی راستەقینە لە سووریا هەبێت، ئەسەد لە دەسەڵات نامێنێ**

بەوجۆرەی ئێمە دەیبینین، هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەر بکرێ. هەموو ئەو کەسانەی سووریایان جێهێشتووە بتوانن دەنگ بدەن. ئەگەر هەڵبژاردنێکی ئازاد بکرێ، بە بۆچوونی من زۆر زەحمەتە سەرۆکی ئێستای سووریا لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

**رووداو: من رەشبینم و لەو باوەڕە نیم ئەوە بەمزووانە لە سووریا روویدات، بەڵام لە لایەنی ستراتیژییەوە ئەنجامێکی روونی دیکەی ئەم شەڕە هەیە. ئەویش بوونی رووسیایە لە دەریای ناوەڕاست. راستە پێشتر رووسەکان هەر لە بنکەی سەربازی تەرتووس بوون، بەڵام ئێستا قەبارەی سەربازیان زۆر فراوانترە و سیستەمێکی مووشەکی ئاڵۆزیان هێناوەتە ناوچەکە کە دەتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر دەریای ناوەڕاست. من زۆرجار لە هاوتا ئەورووپییەکانیشتم پرسیوە کە بۆچی ئەورووپا وا دەرناکەوێت کە زۆر نیگەرانە و ناترسێت لەو راستییە نوێیە کە رووسیا خەریکە دەبێتە هێزێکی دەریای ناوەڕاست، دەریایەک کە وەکو باخچە پشتەوەی هەموو ئەورووپا وایە؟**

**ئۆلوف سکووگ:** من ناڵێم ئێمە نیگەران نین، پێشتر گوتم نائومێدییەکی زۆرمان هەیە بەرامبەر رووداوەکانی سووریا بەدرێژایی ساڵانی رابردوو. ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزاییە سرووشتی و ئاشتیانە لەدژی رژێمی دیکتاتۆری سووریا سەریانهەڵدا و دواتر گۆڕان، بەڵام لە مەیدانەکەشدا گۆڕانکاری روویداوە، کە ناچارماندەکات واقیعمان قبووڵبێت. بەڵام وازمان لە خەونی سووریایەکی دیموکراسی نەهێناوە. کە

**چەندینجار گفتوگۆمان لەسەر عەفرین کردووە**

پێویستە رووسیاش کار بۆ ئەوە بکات. ئێمە نیگەرانین لەوەی کاریگەری رووسیا ببێتە مایەی پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی ئەورووپا. با راستگۆ بین، وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، کە زۆریان ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشن، زۆر زۆر چالاکن لە هەموو هەوڵە سیاسییەکاندا بۆ دۆزینەوەی ئەو چارەسەرە سیاسییەی کە بەدوایدا دەگەڕێین. ئەگەر سەرکەوتووبین، ئەوە کاریگەری رووسیا کەمتر دەبێتەوە. کاتێک لە لۆژیکی سەربازییەوە شتەکان دەگۆڕێ بۆ لۆژیکی سیاسی، کاریگەری رووسیا و هەر وڵاتێکی دەرەکی سنووردار دەبێت.

**رووداو: لە سووریا کۆمەڵێک وڵات سەربازیان هەیە نەک هەر رووسیا. دەربارەی تورکیا و عەفرین. هەرچەندە لە میدیاکانی رۆژئاوایی زۆر باس ناکرێت، بەڵام کێشەی زۆر لە عەفرین هەیە. تورکیا هێشتا نەیتوانیوە سەقامگیری ئەو ناوچەیە بە تەواوی بپارێزێت و دەیان هەزار ئاوارەی کورد ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. لە ماوەی ئەم مانگە لە ئەنجوومەنی ئاسایش هیچ چالاکی و گفتوگۆیەک هەبووە لەسەر ئەم بابەتە؟**

**ئۆلوف سکووگ:** سوێد و چەند وڵاتێکی دیکە نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە لەبارەی عەفرین. ئێمە بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ هەمو قۆناخەکانی ئەو شەڕە ناڕەزایی خۆمان دەربڕیوە، هەر لە حەڵەبەوە بۆ ناوچەکانی باشوور، عەفرینیش بە هەمانشێوە. ئێمە پرەنسیپێکمان هەیە، بەڵێ هەمووان مافی شەرعی خۆیانە بەرگری لە خۆیان بکەن لەدژی ئەو رێکخراوە تیرۆرستیانە، ئەوانەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خراونەتە لیستی تیرۆرەوە. بەڵام ئەو هەوڵە شەرعییە پێویستە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان بێت. نابێ زیانی مەدەنی هەبێت. هەموو ئەو پرەنسیپانە لەبەر چەند هۆکارێک لە سووریا پێشێل کراون.

**رووداو: تاکە لایەن کە رۆڵی لە قەبارەی خۆی بچووکتر دەبینرێت و زۆر گوێ لە بۆچوونی ناگیرێت کوردە. ئەوان رۆڵیان لە زۆر لایەنی دیکە زیاترە. هەست ناکەیت کە گوێنەگرتن لەو لایەنانەی کە دەوڵەت نین کاریگەری نێگەتڤی هەبوو لەسەر کارەکانی ئەم ئەنجوومەنە؟**

**ئۆلوف سکووگ:** بەڵێ من حەزدەکەم قسە بۆ هەموو ئەوانە بکەم کە کاریگەرییان هەیە و لەمەیدانەکە چالاکن. بەدڵنیاییەوە ئێمە بایەخی زۆر بە بینینی نوێنەرانی کورد دەدەین کاتێک سەردانی نیویۆرک دەکەن. بەشێکی لەبەرئەوەی ئەوان ئاگاداری راستییەکانن کە لە مەیدانی سووریا چ روودەدات، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبینین کە دانیشتووانی کورد لە عێراق و سووریا رۆڵێکی گەورەیان هەبوو، بۆ نموونە لە شەڕی داعش لە عێراق و سووریا. باوەڕموایە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەرچەند تەنیا نوێنەری حکومەتەکانی تێدان، پێویستە کاری باشتر بکات و قسە لەگەڵ هەموو ئەو لایەن و پێکهاتە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات بەشێوەیەکی زۆر باشتر لە ئێستا. بەڵێ ئەوە کارێکە کە دەکرێ بکرێ، هیودارم هەمووان ئەو شێوازە بگرنەبەر.

**رووداو: لە عێراق داعش هیچ شار و ناوچەیەکی گەورەی لەدەست نەماوە، بەڵام ئێستا ترس هەیە کە شەڕ و ئاژاوەیەکی دیکە لە عێراق دروستبێتەوە. ئێستا خۆپیشاندانی فراوان هەیە لە عێراق. هەڵوێستی ئەنجوومەنی ئاسایش چییە؟**

**ئۆلوف سکووگ:** هەڵوێستی سوێد ئەوەیە هەرچیمان لەدەست بێت بیکەین لە رێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە تەنیاش بەرنامەی باشمان هەن لەگەڵ کورد و حکومەتی عێراقیش. پێموایە ئێستا لە قۆناخی پێکهێنانی حکومەت داین، هیوادارم رێز بگیرێت لە ئەنجامی ئەو دانوستاندنانە. بەشێوەیەکی باش مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. هەوڵێکی گشتگیری نا تائیفی هەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەتێک کە نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی عێراق بکات. بەباوەڕی من ئەو خۆپیشاندانانە شتێکی نائاسایی نین، تووڕەیی گەورەیە بەرامبەر سیاسییەکان، رێژەی بەشداری لە دەنگدان کەم بوو، کە بەبۆچوونی من ئەوە جۆرێکە لە بێڕێزی بەرامبەردەسەڵاتداران. مانای وایە کە ئەوان پێداویستییە راستەقینەکانی خەڵکیان دابین نەکردووە. کاتێک داعش خەریکە بە تەواوی نامێنێت، چاوەڕوانییەکانی خەڵک دابینکردنی پێداویستییەکانی رۆژانەیە، باشکردنی رەوشی ئابووری و نەهێشتنی گەندەڵی. بەرپرسانی باش کە داواکاری خەڵک دابینبکەن، پێداویستییە بنەڕەتییەکانی رۆژانە وەکو کارەبا و ئاو و خۆراک. پێموایە ئەوە پێشبینی خەڵکی عێراقە لەو بەرپرسانەی

**زۆر جار لەگەڵ نوێنەرانی کورد کۆبووینەتەوە**

بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەوە دەچنە نێو دەسەڵات. هیوادارم نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاربێت بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانە.

**رووداو: مانگی رابردوو ئەنجوومەنەکە لە کۆبوونەوەیەکی 15 خولەکیدا ماوەی کاری یۆنامی و بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکانی لە عێراق درێژکردەوە. ئەمەش لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە رەخنەی لێگیرا. ئەوان پێشنیازیان هەبوو کە یۆنامی رۆڵی زیاتر بگێڕێت لە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. بۆچی ئەو پێشنیازەی کوردتان پشتگوێخست؟ بۆچی ئەو پەلەیەتان کرد لە دەنگدان لەسەر پرۆژە بڕیارەکەی یۆنامی؟**

**ئۆلوف سکووگ:** درێژی ماوەی کۆبوونەوەکان مانای گرنگی و ناگرنگی بابەتەکان نییە. دوای پرۆسەیەکی درێژی دانوستاندن کارنامەکان نوێدەکرێنەوە. پێداچوونەوە بە رۆڵی یونامیدا کرا. دەخوازرێت چاوی وردمان لەسەر پاراستنی ئاشتی و ئەرک و ئۆپەراسیۆنە مەیدانییەکانی یونامی بێت. پێموایە لە عێراق پاڵپشتی گەورە لە یونامی دەکرێت. بەڵام ئەنجامی کۆتایی ئەو دانوستاندنانە، کە 15 ئەندام دانوستاندنیان کرد لەسەر کارنامەکە، بێگومان هەمیشە سازش هەیە. پێموانییە هیچ کەسێک هەست بکات مەسەلەی کەرکووک و کێشەی دابەشکردنی داهاتی سەرچاوەکانی عێراق بەسەر دانیشتوواندا

**سعودیە و ئێران لە دۆخێکی باشتردا دەبن ئەگەر واز لە عەقڵیەتی رووبەڕووبوونەوە بێنن**

وەک هەڵوێستی دژی کورد ببینرێت. پێشنیازی من ئەوەیە سەیری ئەو راستییە بکەن کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە تەواوی ئامادەیە رۆڵی خۆی ببینێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی عێراق. بەڵام چارەسەرەکان هەمیشە جێگیر و بەردەوامترن ئەگەر ئیرادەی سیاسییان لە پشت بێت.

**رووداو: دوا بابەت دەمەوێت پرسیار لەسەر بکەم دەربارەی ئێران و رێککەوتنامە ئەتۆمییەکەیە. ئەمریکا کشایەوە و بەمزووانە سزای قورسی ئەمریکی لە دژی ئێران دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بە بۆچوونی ئێوە کۆتایی ئەم یاریە چۆن دەبێت؟**

**ئۆلوف سکووگ:** پێموانییە نزیک بین لە کۆتایی ئەم مەسەلەیە. ئێمە هێشتا هیواخوازین بتوانین ئەو دابەشبوون و لێکدوورکەوتنەوەیە هەڵبگێڕینەوە بۆ هەماهەنگی و کاری هاوبەش. بەرای من ئەگەر هەموو سەرکردەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەیری سەرکردەکانی ناوچەکانی دیکەی جیهان بکەن کە چۆن زوو زوو کۆدەبنەوە، چەندین وانە هەن کە فێری بن. بەرای من پێویستە سەرکردەکان بیر بکەنەوە ئایا باشترە بەردەوام بن لە ململانێ لەگەڵ دراوسێکانیان یان باشترە بەدوای چارەسەری ئاشتیانەدا بگەڕێن. هەماهەنگی بکەن. ئیسرائیل لە پێگەیەکی زۆر باشتردا دەبوو ئەگەر لەگەڵ فەلەستینییەکان لە ئاشتیدا بووایە. سعودیە و ئێران هەردووکیان لە پێگەیەکی باشتردا دەبن ئەگەر تەنیا سەیری ئەگەرەکانی هەماهەنگی بکەن لەبری گرژی و ئاڵۆزی. لەبارەی پرسیارەکەت لەسەر ئەمریکا، بەرای من پێویستە ئەوەی ئێمە بیکەین وەک ئەمریکا و ئەورووپا، هانی ئەو هەماهەنگییە بدەین، پێویستە رێگە بە دابەشبوونی زۆرتر نەدەین. ئێمە پشتگیری گەورەمان لە رێککەوتن لەگەڵ ئێران کرد، چونکە بەرنامە ئەتۆمییەکە دەخاتە ژێر چاودێری. ئێستا دەزانین لە کوێین چونکە پشکنین و چاودێریی ورد و کاریگەرمان هەیە. ئەوە ئیمتیازی رێککەوتنەکەیە، مانای ئەوە نییە کە بەتەواوی رازی بین بەوەی لە ئێران روودەدات.

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (516) - دووشەممە 2018/8/6



## کۆمیسیۆن ناتوانێ پرۆسەی هەڵبژاردن لە دەرەوە بەڕێوەببات

**ڕووداو- هەولێر**

شێروان زرار، گوتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کۆمیسیۆن ناتوانێت پرۆسەی هەڵبژاردن لە دەرەوە بەڕێوەببات، ئەوەش بەهۆی تێچوونی بودجەیەکی زۆر، وەکو دابینکردنی نووسینگە لە شارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە پێویستی بە بڕە پارەیەکی زۆر هەیە و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت بەهۆی خراپی باری دارایی ناتوانێ ئەو بڕە پارەیە تەرخان بکات". گوتەبێژی کۆمیسیۆن گوتیشی :"تاراوگەنشینان ناتوانن لەو شوێنانەی ئێستا تێیدا دەژین، بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلوولی پەرلەمانی کوردستاندا بکەن، بۆیە هەر هاووڵاتییەک کە مافی دەنگدانی هەبێت، دەتوانێت بگەڕێتەوە و لە هەرێمی کوردستان بەشداریی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکات".

# تورکیا مەرجی قورسی هەیە بۆ هەڵگرتنی گەمارۆی سەر ئاسمانی سلێمانی



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

پارێزگاری سلێمانی سەردانی بەغدا دەکات بۆ خستنەگەڕی هەوڵێکی نوێ، تاوەکو تورکیا گەمارۆی سەر فڕۆکەخانەی سلێمانی هەڵگرێ. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ هەوڵەکانیان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەنجامی نەبووە و بەغداش ناتوانێ گوشار لە تورکیا بکات بۆ ئەوەی گەمارۆ لەسەر فڕۆکەخانەی سلێمانی لابدات، بەڵام دەڵێت هێشتا یەکێتی نائومێد نەبووە.

دوای شەش مانگ لەو گەمارۆیەی بەغدا بەهۆی ئەنجامدانی گشتپرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان، خستیە سەر هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی، کۆمپانیای ماهانی ئێرانی یەکەم گەشتی ئاسمانی بۆ فڕۆکەخانەی هەولێر کرد و بە دوای ئەویشدا یەک لە دوای یەک هاتن و چوونی فڕۆکەکان لە تورکیا و وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبییەوە دەستیانپێکرد، بەڵام تاوەکو ئێستا تورکیا بڕیاری نەداوە ئاسمانی خۆی بەڕووی فڕۆکەخانەی سلێمانیدا بکاتەوە، ئەوەش وەک کاردانەوەیەک لەهەمبەر ڕووداوەکەی سێی ئابی 2017 کە دوو کارمەندی دەزگای میت لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە لە هاوینەهەواری دووکان ڕفێنران.

سەعدی ئەحمەد پیرە، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕەتیکردەوە لە دانیشتنەکانیاندا لەگەڵ کونسوڵی تورکیا لە هەرێمی کوردستان باسی نەهێشتنی گەمارۆکانی سەر فڕۆکەخانەی سلێمانی کرابێت "ئێمە هەرجارێک لەگەڵیان دانیشتبین، باسی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و هەوڵی لایەنە سیاسییەکانمان کردووە بۆ ئەو مەبەستە و نەچووینەتە نێو ئەو وردەکارییە"، سەعدی ئەحمەد پیرە، گوتیشی "کێشەکان هێندە ئاڵۆز و گەورە نین چارەسەر نەکرێن".

ڕۆژی 3 ئابی ساڵی پێشوو، هەموو شتێک لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و تورکیا، خراپ شێوا کاتێک دوو کارمەندی میتی تورکی لە هاوینەهەواری دووکان لەلایەن گرووپێکی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ڕفێنران و دواتر برانە قەندیل. حکومەتی تورکیا بەزوویی هاتە سەرهێڵ بۆ ئازادکردنی ڕفێندراوەکان. ڕۆژی 23ی ئابی 2017 وەزیری دەرەوەی تورکیا لە هەولێر لەگەڵ شاندێکی یەکێتی کۆبووەوە و داوای ئازادکردنی ئەو دوو کارمەندەی میتی کرد، بەڵام کۆبوونەوە بەبێ هیچ بەڵێنێک کۆتایی هات. کاردانەوەی توندتر ڕۆژی پاشتر دەرکەوت، کاتێک بەهرۆز گەلالی، نوێنەری یەکێتی لە تورکیا لەو وڵاتە دەرکرا.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت کە تورکیا بیانوو دەگرێت و بەبێ هۆ یەکێتی تۆمەتبار دەکات. ئەو گوتی کە "تورکیا داوای دەرکردنی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان و ڕاگرتنی چالاکییەکانیان دەکات، لە کاتێکدا ئەوە بەخۆیشی ناکرێ".

> **کێشەکان هێندە ئاڵۆز و گەورە نین چارەسەر نەکرێن**
> گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی

ئەو بەرپرسەی یەکێتی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، گوتیشی: "دەبێ تورکیا واقیعبین بێت، یەکێتی دەیەوێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا ئاسایی ببنەوە، بەڵام پێموایە ئەوە کاتی زۆرتر دەخایەنێ و دواجار تورکیا تێدەگات خوێندنەوەی دروستی بۆ شتەکان نەبووە".

بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دەڵێ، تاوەکو ئێستا هیچ پێشهاتێکی نوێ نییە بۆ دەستپێکردنەوەی گەشتەکانی تورکیا بەڕووی سلێمانیدا "تەنانەت نەک بۆ فڕۆکەخانەکانی خۆی، بەڵکو ڕێگەش نادات ئاسمانی وڵاتەکەی بەکاربهێنرێت بۆ هەر فڕۆکەیەک کە لە شوێنی دیکەوە بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی دێت".

تاهیر عەبدوڵا گوتیشی: "بەداخەوە ئەوەندەی کە ئێمە کارمان کرد بۆ ئەو بابەتە، بەڵام حکومەتی عێراق هیچ کاردانەوەیەکی ئەرێنی نەبووە، کەمتەرخەمی زۆری پێوە دیارە، هیچ بەلایانەوە گرنگ نییە لەم کاتەی ئێستادا، چاوەڕوانی بەڕێز دکتۆر حەیدەر عەبادی بووین کە نامەی تایبەتمان پێشکەش کرد، وەڵامیان بداتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە بەرپرسانی فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە دەستیکەوتوون، پێش ئەو بڕیارە 30-40%ی گەشتەکانی فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ ئاسمانی تورکیا بووە.

هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی، بۆ پرسی دووبارە دەستپێکردنەوەی گەشتەکانی نێوان فڕۆکەخانەی سلێمانی و تورکیا، ڕۆژی یەکشەممە 2018/8/5 سەردانی بەغدای کرد و بڕیارە لەگەڵ بەرپرسانی پێوەندیداری حکومەتی عێراق و هەروەها بەرپرسانی کونسوڵخانەی تورکیا لە بەغدا کۆببێتەوە.

هەڤاڵ ئەبوبەکر، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند "لە چوارچێوەی هەوڵەکانمان بۆ دەستپێکردنەوەی گەشتەکانی نێوان فڕۆکەخانەی سلێمانی و تورکیا سەردانی شاری بەغدا دەکەم و لەگەڵ بەرپرسانی عێراق و تورکیا کۆدەبینەوە و باسی دەستپێکردنەوەی گەشتەکان دەکەین".

گوتیشی: "حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ کردنەوەی ئاسمانی تورکیا بەڕووی فڕۆکەخانەی سلێمانی".

## بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر:

# گومان دەکرێ سەلیم شووشکەیی لە کوردستان نەمابێت

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

دۆسیەی مەلا سەلیم شووشکەیی، جارێکی دیکە پرسی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان وروژاندەوە. شووشکەیی دوای ئەوەی بڕیاری دەستگیرکردنی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی هەولێرەوە دەرچوو، پەنای بۆ شاری سلێمانی برد. ئاسایشی هەولێر پێیوایە سەلیم شووشکەی بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێ، هەڵاتووە بۆ سلێمانی. بەرپرسە ئەمنییەکانی هەردوو پارێزگاکە یەکدی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دالدەی تۆمەتباران دەدەن و بڕیارەکانی دادگا بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتباران جێبەجێ ناکەن.

د.تارق نووری، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەڵگەی تەواو هەیە لەسەر مەلا سەلیم شووشکەیی کە سەر بە گرووپی تیرۆریستی داعشە و لە دادگا فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە، ئێستا پارێزبەندی پەرلەمانی نەماوە و دەمانەوێ دەستگیری بکەین".

گوتیشی: "پێشتریش وەزارەتی ناوخۆ نووسراوی بۆ پەرلەمانی عێراق کردبوو لەسەر سەلیم شووشکەیی، بەداخەوە پەرلەمانی عێراق وەڵامی نەبوو".

بەڵام سۆران عومەر، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی کە دوای ڕاکردنی مەلا سەلیم بۆ سلێمانی، سێلفییەکی لەگەڵ گرتووە و لە فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە، ڕەتی دەکاتەوە هیچ بەڵگەیەک لە دۆسیەی مەلا سەلیمدا هەبێت کە بیسەلمێنێ پەیوەندی لەگەڵ داعش هەیە.

سۆران عومەر بە (ڕووداو)ی گوت :"کەیسەکە هێندەی سیاسییە، هێندە بەڵگەدار نییە بۆ تۆمەتبارکردنی مامۆستا، ئەو پێشتر خەتیبی مزگەوتێک بووە لە گەڕەکی هەڤاڵانی هەولێر، دوای ئەوەی چووەتە پەرلەمانی عێراق، لەو مزگەوتە بە خۆبەخش وتاری هەینی هەبووە،

> **مامۆستا سەلیم شووشکەیی لە سلێمانیە و بۆ چارەسەری نەخۆشیی منداڵەکەی لێرەیە**
> سۆران عومەر:

کۆمەڵێک گەنج لەو مزگەوت و گەڕەکە چوونەتە ناو داعش، مەلا سەلیم لەمە تۆمەتبار کراوە، لەکاتێکدا ئەو گەنجانە هاوشێوەی ئەو گەنجانە بوونە کە پەلاماری پارێزگای هەولێریان دا، نەک هەر قوتابی مامۆستا نەبوون، بەڵکو باوەڕیان بە نوێژکردن لەدواشییەوە نەبووە، ئێمە دۆسیەکەمان لەبەردەستە، هیچ بەڵگەیەک لەسەر پەیوەندی ئەو گەنجانە بە مامۆستا مەلا سەلیمەوە لەناو دۆسیەکەدا نییە، لێکۆڵینەوە لەگەڵ خانەوادەی گەنجەکان کراوە تەنیا گوتوویانە هاتوچۆی مزگەوتی مەلا سەلیمیان کردووە، هەموو بەڵگەکان لەوە تێناپەڕن".

سۆران عومەر هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامی ئاشکرا دەکات لەبارەی تۆمەتبارکردنی مەلا سەلیم و دەڵێت: "ئەگەر مامۆستا شتێکی لەسەرە با دادگا بێلایەنانە لە کەیسەکە بکۆڵێتەوە، ئەم کەیسە لە ساڵی 2016ـەوە ئەنجوومەنی دادوەری ناردوویەتی بۆ پەرلەمانی عێراق، بۆ هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەری، بەڵام پارێزبەندییەکەی لەسەر هەڵنەگیرا و کەیسەکە وەک خۆی مایەوە، مامۆستا سەلیم دوو جار بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دادوەرەکە کردووە، جارێکیش خۆی چووەتە لای، بەڵام دادوەرەکە پێیگوتووە تاوەکو پارێزبەندیت لەسەر هەڵنەگیرێ، ناتوانین لێکۆڵینەوەت لەگەڵ بکەین".

سۆران عومەر دەڵێت ئەوان پێشوازی لە دادگاییکردنی مەلا سەلیم شووشکەیی دەکەن بە مەرجێک "کەیسەکە لە دادگایەکی بێلایەن یەکلابکرێتەوە، ئەگەر دەزگاکانی دادوەری بێلایەنی خۆیان بپارێزن، لە هەر شوێنێک بێت ئاساییە دادگاییەکە بکرێت، مامۆستا سەلیمیش هیچ کێشەیەکی لەگەڵ دادگا نییە و پێیوایە دەبێت ڕێکاری یاسایی خۆی بگرێتەبەر".

بەگوتەی سۆران عومەر، جگە لە مەلا سەلیم، هیچ ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵی ئیسلامی تۆمەتبار نییە بە پەیوەندی لەگەڵ داعش.



بەڵام بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر گومان دەکات مەلا سەلیم لە سلێمانی نەمابێت و دەڵێت "بەپێی ئەو وێنانەی شووشکەیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویان دەکاتەوە، پێدەچێت هەرێمی کوردستانی بەجێهێشتبێت، ئەمە تەنیا گومانە و پشتڕاست نەکراوەتەوە".

بەڵام سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە مەلا سەلیم هەڵاتبێت و دەڵێت: "ئەو پەرلەمانتاری خولی ئایندەی عێراقە، بۆ دەبێت هەڵبێت؟ شوێنی مامۆستا دیارە و هێشتا لە سلێمانییە، دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە ئەنجوومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بوو".

### مەلا سەلیم بۆچی لە سلێمانییە؟

سۆران عومەر ڕەتیکردەوە مەلا سەلیم هەڵاتبێ و گوتی: "مامۆستا هیچ شتێکی وای لەسەر نییە کە خۆی پێیوابێت شایانی ئەوەیە هەڵبێت، بەڵام منداڵێکی نەخۆشی هەیە کە دوو کون لە دڵیدایە و پێویستی بە چارەسەرە، بۆیە هێناویەتی بۆ سلێمانی، دوای چارەسەری منداڵەکەی دەگەڕێتەوە هەولێر".

(ڕووداو) چەندینجار پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنەکانی مەلا سەلیم شووشکەییەوە کرد، بەڵام ژمارەکانی داخرابوون.

مەلا سەلیم شووشکەیی تاکە تۆمەتبار نییە کە لە هەولێرەوە چووبێتە سلێمانی و دەستگیر نەکرابێت، لیوا عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "کۆمەڵێکی زۆر تۆمەتبار هەن کە لە هەولێر تاوانێکیان کردووە و هەڵاتوون بۆ سلێمانی، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و دادگاوە بە نووسراو کەیسەکانیان بۆ لایەنە ئەمنییەکانی سلێمانی نێردراوە، دەشبێت بەزووترین کات ئەو تۆمەتبارانە دەستگیر بکەن و ڕادەستمان بکەنەوە".

### بکوژانی بەڕێوەبەرەکەی کۆمسیۆن لەکوێن؟

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە سەرچاوەیەکی فەرمییەوە وەریگرتووە، 5 تۆمەتبار لە هەولێر فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە و ئێستا هەڵاتوون بۆ سلێمانی، یەکێک لەوانە دوو کەسی کوشتووە. ئەوانی دیکەش بریتین لە سێ کەسی تۆمەتبار بە کوشتنی فارس محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی کارگێڕی لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن کە لە ڕۆژی 24-4-2018 لەنزیک فامیلی مۆڵ لە هەولێر لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدا کوژرا. هەروەها بکوژانی (ئەمیر ئەحمەد) کە نەقیبی پێشمەرگە بوو، ڕۆژی 2018/7/29 لەنێو شوقەکانی هاناستی کوژرا، جگە لەوانەش کەسێکی دیکە کە تۆمەتبارە بە پەیوەندی لەگەڵ داعش.

> **هەولێر و سلێمانی، هەڵاتووان لە یاسا ڕادەستی یەکتر ناکەنەوە**

ئەمە هەر لە سلێمانی نا، بەڵکو ژمارەیەک کەسی دیکەش هەن کە لە سلێمانی داواکراون و هەڵاتوون بۆ هەولێر و پۆلیس دەستگیریان ناکات.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی سلێمانی لەبارەی ئەو تۆمەتبارانەی لە سلێمانی تاوانێکیان کردووە و هەڵاتوون بۆ هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "هەماهەنگی لەنێوان پۆلیسی هەولێر و سلێمانی هەیە، توانیومانە لەڕێگەی نووسراو و فەرمانی دەستگیرکردنەوە داوای تۆمەتبارەکان بکەین، خەڵکیش گیراوە و بۆ یەکدیمان ناردووەتەوە".

گوتیشی: "هەموو ئەو تۆمەتبارانەی فەرمانی دەستگیرکردنیان لە هەولێرەوە هاتبێت و شوێنیان دیار بێت، دەستگیرمان کردوون و ناردوومانەتەوە بۆ هەولێر، بەڵام ئێمە کۆمەڵێک فەرمانی دەستگیرکردنی تۆمەتبارانمان ڕەوانەی پۆلیسی هەولێر کردووە کە تائێستا دەستگیرنەکراون، تۆمەتبار هەیە ناونیشانی دیارە و جارێک و دووجاریش پۆلیسی هەولێر تەبلیغیان بۆ ناردووە، سێیەمجار فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرکردووە، بەڵام هەر دەستگیرنەکراوە، ڕەنگە ئەمانە خەڵکیان لەپشت بێت، هەندێکجار بابەتەکە سیاسییە، بۆیە دەستگیر ناکرێن".

ڕاپۆرتێکی ئەمریکی:

# عێراق ئامادەیە بۆ شۆڕش

## کارەساتی گەورە چاوەڕێی عێراق دەکات

عێراق زۆر بە ئاسانی ڕۆدەچێتە ناو فەوزایەکی هاوشێوەی سۆماڵ

ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق 20% زیاتر نەبووە




سیمایەکی گرنگی ناڕەزایەتییەکان ئەوەیە کە دژی سەرکردایەتی عێراقن، نەک سیستەمی سیاسی (فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو- هەولێر**

ئاستێکی زۆر بەرز لە ساختەکاری، ڕێژەی کەمی دەنگدەران و دابەشبوونی دەنگەکان بەسەر لایەنە سیاسییەکاندا، کارێکیان کردووە کە هەڵبژاردنەکانی 12ی ئایاری ئەمساڵ بەهەموو پێوەرێک وەک کارەساتێک سەیر بکرێ. ئەو هەڵبژاردنە لەلایەکەوە شەرعیەت و دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی بردووەتە ژێر پرسیارەوە، لەلایەکی دیکەشەوە هیچ بژارەیەکی نەهێشتووەتەوە جگە لەوەی حکومەتی داهاتووش هاوشێوەی حکومەتەکانی 15 ساڵی ڕابردوو لەسەر بنەمای تایفی دابمەزرێ و لەوێشەوە گەندەڵی وەکو میکانیزمێکی سەرەکیی کارکردنی حکومەت بمێنێتەوە. شارەزایەکی لەمێژینەی ئەمریکی لە کاروباری عێراق پێیوایە "کارەساتی گەورە چاوەڕێی عێراق دەکات".

### هەڵبژاردنێکی خراپ

کێنێس پۆڵاک، شارەزای کاروباری عێراق لە پەیمانگای ئینتەرپرایزی ئەمریکی، لە ڕۆژانی 18 بۆ 23ی حوزەیرانی ئەمساڵ بۆ ڕاپۆرتێکی مەیدانی سەردانی عێراقی کرد و لەگەڵ بەرپرسانی هەرە باڵای ئێستا و پێشووی عێراق کۆبووەوە. ئامارە فەرمییەکان باس لە بەشداری 44 % ی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی ئایار دەکەن، بەڵام پۆڵاک دەڵێت کە زۆر کەس لە عێراق کۆکن لەسەر ئەوەی ڕێژەی بەشداری ئەگەر لە 20 % کەمتر نەبووبێ، ئەوە زیاتر نەبووە.

شارەزا ئەمریکییەکە پێیوایە سێ تایبەتمەندی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە وادەکەن چاوەڕێی خراپتربوونی دۆخی سیاسی و ئیداریی عێراق بکرێ، یەکەمیان ڕێژەی کەمی بەشداری بوو، ئەمەش "گوزارشت لەو بۆچوونە بەربڵاوەی خەڵکی عێراق دەکات کە هیچ سەرکردەیەکی سیاسی ناتوانێ خواستەکانی خەڵک بەدی بهێنێ".

خەسڵەتی دووەم ڕێژەی بەرچاوی ساختەکارییە کە بەشێکی لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە کراوە و لەو پەیوەندییەدا ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و عەسائیبی ئەهلی حەق دەکات. بەڵام بەشی زۆری ساختەکارییەکان پەیوەندییان بە گەندەڵی و بەرتیل وەرگرتنی ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە هەیە کە لە بەرامبەر بەرتیلی زیاتردا بەربژێری دیاریکراویان سەرخستووە.

دوایین تایبەتمەندی کە پۆڵاک بە "نەفرەت" ناوی دەبات، بریتییە لەوەی: "هەڵبژاردنەکەی 2018 پەرلەمانێکی هێندە پارچەپارچەی دروستکردووە کە بە کردەوە مەحاڵە چاوەڕێی پێکهێنانی حوکمڕانییەکی چاکی لێبکرێ"، چونکە ئەو ئەنجامە عێراقییەکان ناچار دەکات لەسەر حکومەتێکی یەکگرتووی نیشتمانی ڕێکبکەون، کە تێیدا "پارتە سەرەکییەکان هەریەکە چەند وەزیرێک وەردەگرن و لەوێشەوە پارەی حکومەت دەدۆشن بۆ لایەنگرانی خۆیان".

### ناڕەزایی سەر شەقام

خەڵکی بەغدا و شارەکانی باشووری عێراق چاوەڕێی بەدەست ژماردنەوەی دەنگەکانیان نەکرد و بەهۆی کەمئاوی، کەمیی کارەبا و بێکاری ڕژانە سەر شەقامەکان، چونکە عێراقییەکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی "ژماردنەوەی دەنگەکان هیچ شتێک ناگۆڕێ و حکومەتی نوێش توانا و ویستی هیچ گۆڕانکارییەکی نییە".

شارەزا ئەمریکییەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بایەخی خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەی عێراق لەوەدایە "خۆپیشاندەران ئەو عەرەبە سوننانە نین کە بەهۆی سیاسەتی پشتگوێخرانەوە تووڕە بن، یانیش ئەو کوردانە نین کە خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینن، بەڵکو ئەو خەڵکە شیعەیەن کە پێکهاتەی سەرەکی پارتە سیاسییە باڵادەستەکانن".

حکومەتی عێراق لەکاتی باسکردن لە کێشەی ئاو و کارەبا پەنجەی تۆمەت بۆ لای ئێران و تورکیا درێژ دەکات، بەڵام کێنێس پۆڵاک ڕیشەی هەموو ئەو کێشانە بۆ "ناکارامەیی، ئیفلیجی و گەندەڵی"ی حکومەتی بەغدا دەگەڕێنێتەوە، کە تێیدا "یاساکان پەسەند دەکرێن بێ ئەوەی جێبەجێ بکرێن، پرۆژەکان ڕادەگەیەنرێن و ئەگەر بەڵێندەری بیانییان تێدا نەبێ، بەدەگمەن جێبەجێ دەکرێن".

### هیچ هیوایەک بە چارەسەری نێوخۆیی نییە

ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە پێیوایە هۆکارێکی ئەوتۆ لەئارادا نییە بۆ ئەوەی هیوات هەبێ بەوەی حکومەتی داهاتووی عێراق بتوانێ چارەسەرێک بۆ نەهامەتییەکانی خەڵک بدۆزێتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانیش سیستەمی سیاسی و ئیداریی عێراقە کە دەستی حکومەت دەبەستێ لەوەی بتوانێ کاری خۆی بکات. هەر ئەم سیستەمەش بووەتە هۆی ئەوەی نووری مالیکی بە 89 کورسی پەرلەمانییەوە "بە زەحمەتییەکی زۆرەوە بتوانێ بیرۆکراسیەتی عێراق هەڵسووڕێنێ"، لە ڕەوشێکی ئاواشدا دیار نییە موقتەدا سەدر بە 54 کورسی یان حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی ئێستا بە 42 کورسییەوە چی پێدەکرێ.

ئەمریکا سەرمایەگوزارییەکی زۆری لەسەر سەرکەوتنی عەبادی لە هەڵبژاردنەکانی 12ی ئایاردا کرد، بەم حاڵەشەوە شکستی هێنا. پۆڵاک دەڵێت کە عەبادی "گەورەترین قوربانی ساختەکارییەکانی هەڵبژاردن بوو، ژمارەیەکی زۆر لەو دەنگانەی بۆ عەسایبی ئەهلی حەق و گروپە بچووکەکان چوون، دەبووایە بۆ عەبادی بچن".

ژمارەیەکی زۆر ناو بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق خراونەتەڕوو، لەوانەش هادی عامری، سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر و هاوپەیمانێتی فەتح. بەو حاڵەشەوە لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە پێیوایە سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق چانسی ئەوەی هەیە بۆ خولی دووەمیش لە پۆستەکەی خۆی بمێنێتەوە: "چونکە دووەم باشترین بژارەی هەموو لایەنەکانە و لایەنەکانیش ناتوانن لەسەر یەکەم باشترین بژارە ڕێکبکەون". هەرچەند لەو حاڵەتەدا عەبادی ئەستەمە هیچ گۆڕانکارییەکی جەوهەری پێبکرێ، چونکە هەم لەناو حیزبی دەعوە و هەم لەناو لایەنە شیعەکانی عێراقدا پێگەیەکی لاوازتر لە چوار ساڵی ڕابردووی هەیە.

پۆڵاک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کوردیش بە دۆخێکی سەختدا تێدەپەڕن، لەبەر ئەوەی "یەکێتی نیشتمانی زۆر خراپ تووشی کوتلەکاری بووە و ساختەکارییەکانیشیان ئەوەندە زەق بوو، تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەناو هاوبەشیانە، هەست بە شەرمەزاری دەکات".

لە دۆخێکی ئاواشدا باشترین ئەنجام بۆ کورد ئەوەیە پارتە شیعەکان بەسەر هاوپەیمانێتییە ڕکابەرەکاندا دابەش بووبن، لەو حاڵەتەدا کورد دەتوانێ: "مامەڵە بەو زیاتر لە 40 کورسییە بکات کە هەیەتی، تاوەکو لەسەر داهاتی نەوت، بازاڕی نەوت و سنوور ڕێککەوتنی نوێ (لەگەڵ لایەنی عێراقیدا) بکات". بە بۆچوونی لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە، حکومەتی یەکگرتووی نیشتمانی ڕێگری لەمە دەکات، چونکە "هەرکات شیعەکان لەسەر (پێکهێنانی) حکومەت ڕێککەوتن، کورد دەبێ لەگەڵ بەرەیەکی یەکگرتووی شیعەدا دانوستاندن بکات"، بەڵام هیچ دانوستانکارێکی شیعی نییە بتوانێ خاڵی زۆر بداتە کورد، چونکە "دەترسێ لەوەی بە باجدان (بە کورد) تۆمەتبار بکرێ".

> ساختەکارییەکانی یەکێتی، پارتیی هاوبەشی تووشی شەرمەزاری کردووە

> عەبادی گەورەترین قوربانیی ساختەکارییەکانی هەڵبژاردن بوو

> حکومەتی نوێ توانای هیچ گۆڕانکارییەکی نابێت

### کارەسات چاوەڕێی عێراقە

ڕاپۆرتەکە هۆشداری دەدات لەوەی زۆربەی ئەو سیناریۆیانەی بەپێی دۆخی ئێستای عێراق پێشبینی دەکرێن خراپن و ژمارەیەکی زۆرشیان "بەشێوەیەکی کارەساتبار خراپن". بە جۆرێک کە "پێویستە دان بەوەدا بنێین عێراق ئامادەیە بۆ شۆڕش"، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو ڕەوشی ژیانەی خەڵک چاوەڕێی دەکەن و ئەو ڕەوشەی خەڵک بە کردەوە تێیدا دەژین، هەر ئەمەش لە ڕابردوودا "هۆشدارییەکی سەرەتایی بووە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش، نائارامییەکانی ناوچە شیعەنشینەکانی باشووری عێراقیش ئاماژەیەکی بەرایین بۆ ئەوەی چ شتێک بەڕێوەیە بۆ عێراق".

لە دەیە و نیوی ڕابردوودا هەموو حکومەتەکانی عێراق بەڵێنی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ مەینەتییەکانی خەڵکیان داوە، بەڵام پاش پێکهێنانی حکومەت جارێکی دیکە کەوتوونەتە ناو گەندەڵی و سستییەوە. پۆڵاک بە دووری نازانێ حکومەتی داهاتووی عێراقیش بەهەمان دەرد بچێت "چونکە حکومەتی یەکگرتووی نیشتمانی جارێکی دیکە سیستەمی ناچالاکی حوکمڕانی عێراق ئیفلیجتر دەکات و ڕەنگە ناڕەزاییەکانی خەڵکیش بۆ جۆرێک لە مکوڕبوون (لەسەر گۆڕینی دەسەڵات) بگۆڕێ".

پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت خۆی دەتوانێ ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش بهێنێتە ئاراوە، بە تایبەتیش ئەگەر چەند هێزێکی سەرەکی لە پرۆسەکەدا بێبەش بکرێن. پۆڵاک پێیوایە "ئەگەر ئەمجارەیان فەتح (بە سەرۆکایەتی هادی عامری) و سائیرون (بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر) لە حکومەت دەربکرێن، بەتەواوەتی ئەو پێگەیە وەردەگرن کە بتوانن ئیدیعای پێشڕەویکردنی شۆڕش بکەن".

لە مێژووی عێراقدا نموونەی دۆخی هاوشێوەی دۆخی ئێستا هەن کە تێیدا کەسایەتییەکی سیاسی یان سەربازی بە بیانووی پاراستنی وڵات و دەربازکردنی خەڵک لە نەهامەتی داوای دەسەڵاتی ڕەهای کردووە، بۆ ئەوەی چاکسازیی ڕیشەیی لە سیستەمەکەدا بکات. ڕاپۆرتەکە بەدووری نازانێ جارێکی دیکە ئەو سیناریۆیە دووبارە ببێتەوە، وەکو چۆن لە 1958 دا عەبدولکەریم قاسم سیستەمی پاشایەتی ڕووخاند و بە بیانووی دامەزراندنی عێراقێکی مۆدێرن دەسەڵاتی ڕەهای وەرگرت و بوو بە دیکتاتۆر.

ئەگەرێکی دیکە کە چاوەڕێی عێراق دەکات ئەوەیە ناڕەزایەتییەکان بگەنە لوتکەی خۆیان و بەدگومانی خەڵک بەرامبەر دەسەڵات زیاتر ببێ. بەپێی ڕاپۆرتەکەش لە دۆخێکی ئاوادا "خەڵکێکی زۆر عێراق جێدەهێڵن، خەڵکانێکی زۆریش چیدی بۆیان گرنگ نییە چی لە بەغدا ڕوودەدات و بەرەنگاری هەوڵەکانی حکومەت بۆ ئیدارەکردنی ناوچەکانیان دەبنەوە".

کێنێس پۆڵاک بەدووری دەزانێ ئەم سیناریۆیە بەشێوەیەکی درێژخایەن بتوانێ بە جێگیری بمێنێتەوە، چونکە لەلایەکەوە "گروپ و نوخبە جیاجیاکان هەوڵدەدەن پشکێکی زیاتر لەو سامانە زەبەلاحەی نەوت بۆ خۆیان بەرن". ئەمەش ململانێ و ناکۆکییەکان قووڵتر دەکاتەوە.

لە 15 ساڵی ڕابردوودا، دۆخی عێراق هەڵبژاردن لەدوای هەڵبژاردن بەرەو خراپتر چووە، بۆیەش توێژەرەکەی پەیمانگە ئەمریکییەکە پێیوایە ناڕەزایەتییەکانی ئێستای خەڵک دەکرێ ڕێگە بۆ لەدایکبوونی سیناریۆیەکی دیکە خۆش بکەن کە تێیدا "عێراق پارچەپارچەتر دەبێ و درەنگ یان زوو بەتەواوەتی لەبەر یەک هەڵدەوەشێ، بە جۆرێک کە عێراق جگە لە ناوێک لەسەر نەخشە هیچی دیکەی لێ نامێنێتەوە". لەو پەیوەندییەشدا ئاماژە بە هەوڵەکانی بەسرە و مووسڵ بۆ دروستکردنی هەرێم دەکات، بە دووریشی نازانێ حکومەتی "ئیفلیج و ناکارامەی" عێراق دەرفەتی ئەوە بە کورد بدات جارێکی دیکە هەوڵی سەربەخۆیی بدات.

لە کۆتایی ئەو بەشەی ڕاپۆرتەکەدا، ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە دەنووسێ "لە دۆخێکی ئاوها ئاڵۆز و شێواودا، عێراق زۆر بە ئاسانی ڕۆدەچێتە ناو ئانارشییەکی هاوشێوەی سۆماڵ و گەڕێکی دیکەی شەڕی نێوخۆی نێوان کۆمەڵگاکانی عێراق دەستپێدەکاتەوە. مێژوو پێماندەڵێ کە ئەمە مۆدێلێکی باوە و دەشێ لە خاڵێکدا ڕێگەگرتن لێی زۆر سەخت بێت".

### چی دەکرێ؟

پۆلاک نزیکەی دوو دەیە دەبێ لەسەر ڕەوشی ئەمنیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و عێراق دەنووسێ، لە ساڵی 1988 تاوەکو 1995 ڕاوێژکاری ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا (CIA) بۆ کاروباری سەربازیی عێراق و ئێران بووە. یەکێک لەو شارەزایانەش بووە کە لایەنگری لێدانی عێراق لە 2003 بووە، بەڵام ئێستا دژی بیرۆکەی شۆڕشە لە عێراق و پێیوایە هێشتاش دەکرێ ڕێگە لە ڕوودانی بگیرێ.

بەبۆچوونی لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە: "شۆڕشەکان لە مێژوودا دەگمەنن، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئاسایی بە گشتی بەدوای شۆڕشەوە نین، ئەوان تەنیا لە کاتێکدا دەست بۆ ڕووخاندنی سیستەم دەبەن کە هەست بکەن هیچ بژارەیەکیان بەدەستەوە نەماوە، بۆیەش ئەگەر هۆکاری هیوابەخش بۆ باشتربوونی دۆخەکە بە خەڵک بدرێ، دەشێ کاتیان لێوەربگیرێ". لەو کاتەشدا کار بۆ پلانی درێژخایەن بکرێ.

ماوەی زیاتر لە مانگێکە خۆپیشاندان بەغدا و باشووری عێراقی گرتووەتەوە، خۆپیشاندانەکان بەشێوەیەکی سەرەکی ڕووی قسەیان لە کەمی خزمەتگوزارییە بەراییەکان و نەبوونی هەلی کارە. ڕاوێژکارەکەی پێشووی حکومەتی ئەمریکا جەخت لەوە دەکاتەوە کە سیمایەکی گرنگی ناڕەزایەتییەکان ئەوەیە کە "دژی سەرکردایەتی عێراقن، نەک سیستەمی سیاسی، خەڵک تووڕەن لەوەی هیچ سەرکردەیەک توانا و ویستی چاکسازی لە حکومەت نییە، بەڵام تاوەکو ئێستا داوای کۆتاییهێنان بە دیموکراسی ناکەن، وەکو چۆن پشتگیری لە کەسایەتییەکی هەڵخەڵەتێنەریش ناکەن کە هەوڵی ڕووخاندنی سیستەم و بەڵێنی چاکسازنی دەدات"، جیا لەمە خۆپیشاندانەکان پشتگیری لە هیچ پارتێکی سیاسیش ناکەن، بەڵکو دژی هەموو نەخبە و گروپە سیاسییەکانی وڵاتن.

پۆڵاک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوانە کۆمەڵێک سیمای گرنگن و ئەگەر حکومەتی عێراق زیرەک بێت و ئەمریکاش پشتگیری لێ بکات، ئەوە دەکرێ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان جڵەو بکرێن و "دۆخەکە هەڵبگێڕدرێتەوە". ئەم مەبەستەش پێویستە: "لە یەک ساڵ یان کەمتریش دەست بە کۆمەڵێک پرۆژەی کرداری و دابڕاو لە یەکدی بکرێ کە بەشێوەیەکی بەرچاو دۆخی ژیانی هەندێک لە عێراقییەکان باشتر بکات". ئەمەش بۆ ئەوەی پیشانی خەڵک بدرێ "حکومەت دەستی بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە کردووە و بۆ خەڵکی خۆی بسەلمێنێ کە ویست و توانای ئەوەی هەیە هیوایەک بە خەڵک ببەخشێ".

دوور نییە ئەم دۆخەی عێراق ڕێ بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت خۆش بکات

پرۆژەیەک بەڵێندەرەکەی بیانی نەبێ، بە دەگمەن جێبەجێ دەکرێ



## هەناردەی کاڵای ئێرانی بۆ عێراق بە ڕێژەی 25% زیادیکردووە

**ڕووداو- هەولێر**

ئەمینداری گشتی ژووری بازرگانی، پیشەسازی، کانگا و کشتوکاڵی ئێران-عێراق ڕایگەیاند هەناردەی کاڵای ئێرانی بۆ عێراق بە ڕێژەی 25% زیادی کردووە. حەمید حوسێنی، ئەمینداری گشتی ژووری بازرگانی، پیشەسازی، کانگا و کشتوکاڵی ئێران-عێراق لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند: "زیادکردنی پێناسی گومرگی هیچ بەربەستێکی لەسەر هەناردەکردنی کاڵای ئێرانی دروستنەکردووە. هەردوو وڵات بەردەوامن لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوانیان". هەروەها حوسێنی گوتیشی لە چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵ (بە ڕۆژژمێری ئێران) بەهای کاڵای هەناردەکراوی ئێران بۆ عێراق گەیشتووەتە دوو ملیار و 584 ملیۆن دۆلار (جگە لە کارەبا و گاز).

# بازاڕی زێڕ لە کوردستان دەبووژێتەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

کۆمپانیاکانی هاوردەکردن و هەناردە و پێشانگاکانی زێڕ دەڵێن بەهۆی دابەزینی نرخی زێڕ و هەناردەکردنی بۆ مووسڵ و ئێران، جووڵە کەوتووەتە نێو بازاڕی زێڕ و بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 40% زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆریی خشڵ، هاوردەکردنی زێڕ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 گەیشتە لوتکە کە 114 تۆن لە ئیمارات و تورکیاوە هاوردەکرابوو، بەڵام دواتر هاوردەکردنی بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزی، بەجۆرێک لە ساڵی 2014دا 77 تۆن، لە 2015دا 56 تۆن، لە 2016 دا 44 تۆن و ساڵی ڕابردووش نزیکەی 25 تۆن هاوردەکراوە، بەڵام هاوردەکردنی زێڕ لە چوار مانگی ڕابردوودا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.

شوان محەممەد، جێگری سەرۆکی سەندیکای زێڕینگرانی هەولێر، دەڵێت: "بەهۆی دابەزینی نرخی زێڕ کە هەر مسقاڵێکی 30 هەزار دینار دابەزیوە. هەروەها هەناردەکردنی زێڕ بۆ مووسڵ، کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕی بازرگانیی زێڕ لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە ساڵی ڕابردوو زۆر زیادی کردووە".

کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێگە بە بازرگانان نادات زێڕ هاوردە بکەن، بۆیە بازرگانانی ئێران، هەرێمی کوردستان وەک ترانزێت بۆ هاوردەکردنی زێڕ لە تورکیا و ئیماراتەوە بەکاردێنن.

شوان محەممەد، دەڵێت: "بازرگانانی ئێران زێڕ لە تورکیا و ئیمارات دەکڕن و لەڕێگەی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی زێڕەوە هاوردەی هەرێمی کوردستانی دەکەن. دواتر بەڕێگەی تایبەتی خۆیان دەیبەن بۆ ئێران، ئەمەش سوودی بۆ کۆمپانیاکانی گواستنەوە و حکومەت هەیە، چونکە بۆ هەر کیلۆیەک زێڕ 25 هەزار کرێی گواستنەوە وەردەگرن، حکومەتیش لە هاوردەکردنی هەر تۆنێک زێڕ 275 هەزار دینار وەک باج و ڕەسمی گومرگ و پشکنین وەردەگرێت".

ساڵی ڕابردوو دوای وەستانی گەشتی دەرەوە لە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی، بازرگانانی هەرێمی کوردستان بە ناچاری لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نەجەف و بەغداوە زێڕیان هاوردە دەکرد، ڕێگاکەش زۆر ئارام نەبوو بۆیە هاوردەکردنی زێڕ بۆ هەرێمی کوردستان کەمی کرد.

شوان محەممەد، دەڵێت: "هەر چەندە ئامارێکی دروستمان لەبەردەست نییە لەبارەی بڕی ئەو زێڕەی ساڵی ڕابردوو هاوردەکراوە، چونکە گومرگەکان ئێستا ئامارمان نادەنێ، بەڵام بەگوێرەی پێشبینییەکان ساڵی ڕابردوو نزیکەی 20 تاوەکو 25 تۆن هاوردەکراوە، ئەمساڵیش دوای هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر فڕۆکەخانەکانی کوردستان، هاوردەکردنی زێڕ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 45% زیادی کردووە".



هەرێمی کوردستان ترانزێتی بازرگانانی ئێرانە بۆ هاوردەکردنی زێڕ لە تورکیا و ئیماراتەوە

لەهەرێمی کوردستان نزیکەی 40 کۆمپانیای تایبەت بە هاوردە و هەناردەی زێڕ هەن کە زێڕی شکاو لە پێشانگا و جوملەفرۆشەکان دەکڕنەوە، دواتر دەیکەن بە قاڵب و دەیبەنە ئیمارات و تورکیا، لەوێش زێڕی دروستکراو هاوردە دەکەن.

ڕەوەند سەباح، خاوەنی کۆمپانیایەکی بازرگانیی زێڕ لە شاری هەولێر، دەڵێت: "بەهۆی زیادبوونی خواست لەسەر کڕینی زێڕ، هاوردەکردنی لەچاو ساڵی ڕابردوو زیادی کردووە، بۆ نموونە لەوەتەی گەمارۆی سەر فڕۆکەخانەی هەولێر هەڵگیراوە، یەک تۆن زێڕمان هاوردە کردووە، کۆمپانیاکانی دیکەش بڕێکی باشیان هاوردە کردووە، بۆیە لەو باوەڕەدام لە چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بە قەد ساڵی ڕابردوو زێڕ هاوردە کرابێت".

### ئێرانییەکان زێڕ دەکڕن

لە ترسی دابەزینی زیاتری نرخی تومەن، خەڵکی ئێران ئێستا زیاتر پارەکانیان دەکەنە دراوی بیانی و زێڕ، بۆیە لە ئێران خواست لەسەر زێڕ زیاد بووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی داواکاری لەسەر ناردنی زێڕ لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران زیاد ببێت.

هەندێک لە بازرگانانی کورد، ئەو زێڕە شکاوەی لە ناوخۆدا دەیکڕنەوە، بە بازرگانانی ئێرانی دەفرۆشنەوە، لە بەرامبەریشدا زێڕی بەقاڵب لەدوبەی دەکڕنەوە و پاشان دەیفرۆشنەوە بە زێڕنگرانی کوردستان.

ڕەوەند سەباح، دەڵێت: "لەم بازرگانییەدا بازرگانەکان و جوملەفرۆشەکان سوودمەند دەبن، چونکە جوملەفرۆشەکان نرخی گواستنەوە و ڕەسمی گومرگی فڕۆکەخانە و پشکنینیان لەدوبەی بۆ دەگەڕێتەوە، بازرگانەکانیش جگە لە جیاوازیی نرخی زێڕ لیرە و ئێران، لە کڕین و فرۆشتنی هەر کیلۆیەک زێڕ 3 گرام قازانج دەکەن".

گوتیشی: "ئەم بازرگانییە لە هەرێمی کوردستان ئەوەندە پەرەی سەندووە، زێڕی شکاو زۆر بە کەمی دەچێت بۆ دوبەی و کاری کۆمپانیاکانی گواستنەوەی زێڕ کەم بووەتەوە، بۆ نموونە پێشتر هەفتانە 50 کیلۆمان بۆ دوبەی دەبرد، ئێستا تەنیا 10 کیلۆ دەبەین".

بەهۆی ئەو متمانە و هەماهەنگییەی لە نێوان بازرگانانی هەرێمی کوردستان و دوبەی هەیە، نزیکەی 70%ی ئەو زێڕەی جوملەفرۆشەکان هاوردەی دەکەن، بەقەرز لە دوبەی دێت، بەقەرزیش دەدرێتە پێشانگاکان، قەرزەکەش بەشێکی بەزێڕی شکاو و بەشێکی دیکەی بەپارە دەدرێتەوە، زۆرجاریش دانەوەی گرفتی تێدەکەوێت.

کامەران محەممەد کە زێڕنگرێکی شاری هەولێرە، دەڵێت: "80%ی ئەو زێڕەی لە دوبەی دەیهێنم بە قەرزە، زۆرجاریش 100% زێڕەکە بەقەرزی ماوەکورت بە پێشانگاکان دەفرۆشم، ئێستا نزیکەی 200 کیلۆ زێڕم لە قەرزدایە، هەفتانە پێشانگاکان دوای فرۆشتن بەشێک لە قەرزەکەم بۆ دەگەڕێننەوە، منیش زێڕی شکاو یان پارە لەڕێگەی کۆمپانیاکانەوە بۆ نووسینگەکانی زێڕ لە دوبەی دەنێرم".

بۆ زیادکردنی داهاتی ناوخۆ، لە سەرەتای ئەمساڵەوە گۆڕانکاری لە وەرگرتنی باج و ڕەسمی گومرگی هاوردە و هەناردەی زێڕ کراوە، پێشتر بۆ هاوردنی کیلۆیەک زێڕ 190 هەزار دینار باج و ڕەسمی گومرگی و 25 هەزار دیناریش وەک کرێی پشکنینی کۆنترۆڵی جۆری وەردەگیرا، بەڵام ئێستا 250 هەزار دینار وەکو باج و ڕەسمی گومرگی وەردەگیرێت و نرخی پشکنینیش وەک خۆی ماوەتەوە.

کامەران دەڵێت: "ئەم خەرجییە هەمووی دەچێتە سەر نرخی دەستهەق لە کاتی فرۆشتن کە دواجار تەنیا کڕیار زەرەر دەکات".

# باشترین جۆری بزنی شیردەر دەهێنرێتە کوردستان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بازرگانانی هاوردەکردنی ئاژەڵ، یەکێ لە باشترین جۆرەکانی بزنی شیردەر لە جیهاندا دەهێننە هەرێمی کوردستان. وەزارەتی کشتوکاڵیش بۆ زیادکردنی بەرهەمی شیر پشتگیری هاوردەکردنی ئەم جۆرە بزنە دەکات کە بە بزنی سانین ناسراوە.

زێدی ڕەسەنی بزنی سانین (saanen) هەرێمی بێرنی سویسرایە، بەڵام ئێستا بە 80 وڵاتدا بڵاوبووەتەوە. فەرەنسا و ئوستralیا و هۆڵەندا و سویسرا پشکی شێریان لە گەشەپێدان و زیادکردنی ئەم بزنەدا بەرکەوتووە.

بزنی سانین، ڕەنگی سپییە و مووی کورتە و ملی کەمێک باریک و درێژە، گوێچکەکانی کورتن، بەرزییەکەی نزیکەی 90 سانتیمەتر دەبێ، زۆر بە دەگمەن قۆچیان هەیە، گوانەکانیشی وەکو گوانی مانگا گەورەن.

ئەم بزنە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی بەخێوبکرێ، ساڵانە دوو جار دەزێ، لە هەر وەرزێکیشدا نزیکەی 1000 لیتر شیر دەدات. بزنێکی زۆر بێ کێشەیە و دەتوانرێت وەک مانگای شیر لە کێڵگە بەخێوبکرێت و بەئاسانیش ژمارەی زیاد بکرێت، چونکە ڕێژەی بەرهەمهێنانی دووانە لەم بزنەدا دەگاتە 180 – 250%.

بزنی سانین پێشتر ژمارەیەکی کەمی بە قاچاخ لە تورکیاوە هێنراوەتە کوردستان، بەڵام دوای دەرکەوتنی تایبەتمەندییە باشەکانی، دوو ساڵە بازرگانان بە ڕێگەی فەرمی هاوردەی دەکەن.

ئارام عەبدوڵڵا کە کاری کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ و باڵندەی جوانی دەکات، یەکێکە لەو بازرگانانەی گرنگی بە بەخێوکردنی بزنی سانین دەدات، هەفتەی ڕابردوو 108 دانەی لە هۆڵەنداوە هێناوە. ئارام دەڵێت: "ئەوە جاری دووەمە لەسەر خواستی کڕیارەکانمان بزنی سانین لە هۆڵەنداوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەین".

ئەو بزنانەی ئارام هاوردەی کردوون، تەمەنیان 11 مانگە و هێشتا نەگەیشتوونەتە قۆناغی زاوزێ. ئارام دەڵێت "خاوەن کێڵگەکانی وڵاتانی ئەورووپی زۆر بەکەمی ئاژەڵ لەو تەمەنە دەفرۆشن، چونکە ئەوان وەچەی ئاژەڵەکانیان ساڵێک لای خۆیان دەهێڵنەوە، دوای زاوزێ باشەکانی لێ هەڵدەبژێن و خراپەکانی بە بازرگانان دەفرۆشن، بەڵام ئێمە لەڕێگەی ئاشنایەتی لەگەڵیان توانیمان لێیان بکڕین".

جگە لە هەرێمی کوردستان، لە ئێرانیش خواستێکی زۆر لەسەر ئەم جۆرە بزنە هەیە، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی تومەن، ئێستا بازرگانانی ئێران کەمتر داوای دەکەن.

بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەم بزنە لە جیهاندا و لێکدانی لەگەڵ بزنی دیکە، چەندین جۆری لاوەکی لێ پەیدابووە، وەک سانینی بەریتانی، ئیسرائیلی و فەرەنسی. لە ڕووسیاش بە بزنی سپی ڕووسی ناوی دەرکردووە، ئێستا تورکیاش گرنگیی زۆر بەو جۆرە بزنە دەدات. بەشێک لەو بزنانەی لە کێڵگەکانی کوردستان بەخێو دەکرێن، نەوەی بزنی سانینی تورکین.

زکری حەسەن مام شێخ، ئاژەڵدارێکی قەزای سۆرانە، کێڵگەیەکی بەخێوکردنی بزنی سانینی لە گوندەکەی خۆی هەیە، ئێستا خاوەنی 100 بزنی سانینە و بەشێکیان نەوەی بزنی سانینی تورکین. زکری دەڵێت: "دوای ئەوەی لە ئەیلولی ساڵی 2016 بەسەردانێک چوومە تورکیا و کێڵگەیەکی بەخێوکردنی بزنی سانینم دیت، بۆم دەرکەوت بەخێوکردنی ئەم بزنە لەڕووی ئابوورییەوە قازانجی زۆرە، بڕیارمدا کێڵگەیەکی بەخێوکردنی ئەم بزنە دابمەزرێنم، هەر ئەو کات 24 دانە بزنم کڕی".

زکری سەرەتا شارەزاییەکی باشی نەبووە لە بەخێوکردنی سانین، بۆیە وەچەی یەکەمیان باش نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی گۆڕانکاری لە خواردنی بزنەکاندا کردووە، جاری دووەم دوو بەچکەیان بووە و شیریشیان زیاتر بووە.

زکری دەڵێت: "بزنی سانین لەجاری یەکەم یەک وەچەیان دەبێت و شیریان زۆر باش نییە، ڕۆژانە 1.5 تاوەکو 1.8 کیلۆ شیر دەدەن، بەڵام جاری دووەم زۆربەیان دوانەیان دەبێت و ڕۆژانەش 2 تاوەکو 2.5 کیلۆ شیر دەدەن، جاری سێیەم 3 تاوەکو 3.5 کیلۆ شیر دەدەن، هەندێکیشیان ڕۆژانە 5 کیلۆ شیر دەدەن".

زکری حەسەن پێیوایە بزنی سانین لە هەموو ڕوویەکەوە لە بزنی خۆماڵی باشترە، چونکە باشترین بزنی خۆماڵی ڕۆژانە کیلۆیەک شیری نییە، بەڵام خراپترین بزنی سانین ڕۆژانە 2.5 کیلۆ شیر دەدات.

ئەم بزنانە لە دەشتودەر بەخێو ناکرێن، چونکە گوانیان درێژە، هەروەها بەرگەی پلەی گەرمیی بەرز ناگرن.

زکری دەڵێت: "باشتر وایە شوێنیان فێنک بێت، تاڕادەیەکیش بەرگرییان بۆ نەخۆشی باشە، بەڵام وەچەکانیان بەرگرییان بۆ نەخۆشی باش نییە، ئەگەر زۆر ئاگاداریان نەبی دەمرن".

نرخی جووتێک لەو بزنانە بەگوێرەی تەمەنیان لەنێوان 1000 تاوەکو 1350 دۆلاردایە، ئەم نرخەش دوو تاوەکو سێ بەرامبەری نرخی بزنی خۆماڵییە، بۆیە زۆر کەس توانای کڕینی ئەم بزنەی نییە.

بەگوتەی زکری حەسەن، بزنێکی باشی پێگەیشتوو کە ڕۆژانە سێ کیلۆ شیر بدات، تاوەکو دەگاتە هەرێمی کوردستان 500 دۆلار دەکەوێت، لێرەش 550 تاوەکو 600 دۆلار دەکات، زۆر باشیش بێت نرخەکەی دەگاتە 650 دۆلار.

سوڵحی عەبدولمەناف، بازرگانێکی شاری هەولێرە و خاوەنی پرۆژەیەکی بەخێوکردنی مانگای شیردەر و کارگەیەکی بەرهەمهێنانی ئالیکی سەوزەیە، شەش ساڵ لەمەوبەر 10 بزنی سانینی لە تورکیا هێناوە، ژمارەیەک لە وەچەی بزنەکانی فرۆشتووە و ئێستا 20 بزنی سانینی لە کێڵگەکەی هەیە.

سوڵحی دەڵێت: "زۆربەی ئەو بزنە سانینانەی لە هەرێمی کوردستان هەن، نەوەی بزنی سانینی تورکین و لە جۆری زۆر باش نین، بۆیە بەرهەمی ڕۆژانەی شیریان لەنێوان 2 تاوەکو 3 کیلۆ شیردایە، ئەم بەرهەمەش بەراورد بە شیری بزنی سانینی سویسری و فەرەنسی کەمە، بۆیە دەمەوێ ژمارەیەک بزنی سانینی سویسری یان فەرەنسی بهێنم، تاوەکو کوردستانیش ببێتە خاوەنی نەوەیەکی باشی بزنی سانین".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێترنەری، نزیکەی ملیۆنێک و 224 هەزار سەر بزن لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام هیچ ئامارێک لەبارەی جۆری بزنەکان نییە.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت: "بزنی سانین یەکێکە لە باشترین جۆرەکانی بزنی شیردەر لە جیهاندا، بەخێوکردنی زۆر ئابوورییانەیە، بۆیە ئێمە پشتگیری هەر کەسێک دەکەین بۆ دامەزراندنی پرۆژە و گەشەپێدانی بەرهەمی شیر و زیادکردنی ئەم جۆرە بزنە".



بزنی سانین لە ساڵێکدا دووجار دەزێ و لە هەر وەرزێکیشدا 1000 لیتر شیر دەدات

# ئەمریکا بەهیوایە سعودیە بۆشایی ئێران لە بازاڕی نەوتدا پڕ بکاتەوە



کاردۆ کەمال

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای لە سعودیە کردووە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی زیاد بکات، بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو بۆشاییە بکاتەوە کە نەوتی ئێران لە بازاڕەکانی جیهاندا بەهۆی گەمارۆی ئابوورییەوە دروستی دەکات. لەوکاتەوە بازاڕی نەوت ناجێگیرییەکی زۆری بەخۆوە بینیوە، سەرەتا ترەمپ داوای لە سعودیە کرد ئاستی بەرهەمهێنانی بە بڕی 2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبکاتەوە، بۆ ئەوەی گەڕانەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران نەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، ئەگەرچی ترەمپ ڕایگەیاند کە شای سعودیە ڕەزامەندیی دەربڕیوە، بەڵام لەڕاستیدا بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی سعودیە بەم بڕە، کاریگەریی نەرێنی دەبێت لەسەر دامەزراوە نەوتییەکانی ئەو وڵاتە و دەرفەتی گەشەکردنی کەرتی نەوتی سعودیە لە ئایندەدا کەمدەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی پێگەی سعودیە لەناو ڕێکخراوی ئۆپیکدا دەخاتە مەترسییەوە، پرسیارە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی ترەمپ دەیەوێت نرخی نەوت دابەزێت، لەکاتێکدا بەرزیی نرخی نەوت کاریگەریی ئەرێنی دەکاتە سەر نەوتی لیتەیی (بەردینی) ئەمریکا و تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەمریکا دادەبەزێنێ؟ بەواتایەکی دیکە بەرزیی نرخی نەوت گەشە بە سێکتەری نەوتی ئەمریکا دەدات.

ئەگەرچی بەپێی ئامارەکان بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن ئەمریکاوە بەرزترین ئاستی لەمێژووی ئەمریکادا تۆمار کردووە، بەڵام خەمەکەی ترەمپ بەرهەمهێنانی نەوت نییە، چونکە نەوتی لیتەیی ئەمریکا ڕێڕەوی خۆی وەرگرتووە و لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوتیشدا دەتوانێت خۆی بگونجێنێ و بەکەمکردنەوەی خەرجییەکان دەتوانێت بەردەوام بێت لە بەرهەمهێنان، کێشە گەورەکەی ترەمپ شەڕی بازرگانییە کە دەیەوێت لەگەڵ ئەوروپا و چین بیکات. بەپێی هاوکێشە ئابوورییەکان ئەگەری زۆرە لە سەرەتای ئەم شەڕە بازرگانییەدا ترەمپ سەرکەوتوو بێت، بەڵام لەسەر ئاستی درێژخایەن ئەمریکا زیانێکی زۆر دەکات و باڵانسی هێز پێچەوانە دەبێتەوە، بەرزیی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان لە ئەمریکا، ئەمەش خەڵکی ناچار دەکات پارەیەکی زیاتر خەرج بکەن بۆ ئەوەی کاڵا و خزمەتگوزاری بکڕن، لە فۆرمە گشتییەکەدا ئەمە سوودێکی زۆر بە ئابووریی ئەمریکا دەگەیەنێت، چونکە ئاستی بەرهەمی کارگەکان زیاد دەکات و لەگەڵ زیادبوونی خەرجی خێزانەکانیش ئاستی کڕێ خێراتر گەشە دەکات، بەڵام دەبێت دیوی دووەمی هاوکێشەکەمان بیرنەچێت کە بەربەست بۆ ترەمپ دروست دەکات، ئەویش ئەوەیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان بانکی فیدراڵیی ئەمریکا ناچار دەبێت ڕێژەی سوودی بانکی بەرز بکاتەوە، چونکە ئەگەر وا نەکات و ڕێژەی هەڵاوسانیش بەرزبێت، ئەوا سەرمایەیەکی زۆر لە ئەمریکاوە بەرەو وڵاتانێک دەچێتە دەرەوە کە ڕێژەی سوودیان بەرزە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر گەشەی ئابووریی ئەمریکا دەبێت، بۆیە کاتێک ڕێژەی هەڵاوسان بەرزدەبێتەوە، ڕاستەوخۆ بانکی فیدراڵی ئەمریکا ڕێژەی سوودی بانکی بەرز دەکاتەوە، ئەمەش بەهای دۆلاری ئەمریکی بەهێز دەکات. کێشە گەورەکەی ترەمپیش لەم خاڵەدایە، ئەمریکا ناتوانێت لەشەڕی بازرگانیدا سەرکەوتوو بێت ئەگەر بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرزبێت، لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا چەند جارێک ترەمپ لە کۆنگرە ڕۆژنامەڤانییەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دەبێت بانکی فیدراڵی ڕەچاوی بەهای دۆلار بکات، کاتێک ڕێژەی سوودی بانکی بەرزدەکاتەوە، چونکە ئەمە سوود بە ئەمریکا ناگەیەنێت.

ترەمپ دەیەوێت بە بانکی فیدراڵی بڵێت بەرزکردنەوەی ڕێژەی سوودی بانکی دوابخە، بۆ ئەوەی بەهای دۆلاری ئەمریکی دابەزێت و بتوانێت لەڕێگەی سەپاندنی پێناسی گومرگی بەسەر هاوردەکردنی کاڵا لە چین و ئەوروپاوە هاوسەنگی بۆ تەرازووی بازرگانی لەگەڵ ئەوروپا و چین بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەوەی کە مەحاڵە لەم بابەتەدا، ئەوەیە کە بەرزیی بەهای دۆلاری ئەمریکی، گوزارشت لە بەهێزیی ئابووریی ئەمریکا دەکات، هەر بۆیە دابەزینی بەهای دۆلار کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئابووریی ئەمریکا دەبێت، ئەمە جگە لەوەی دەستوەردانە لە سیاسەتی نەختینەی بانکی فیدراڵی، پێگەی سەربەخۆی بانکی فیدراڵیش دەخاتە مەترسییەوە، ئەمەش هێڵی سوورە بۆ ئەمریکا کە ڕێگە نادات ترەمپ دەستوەردان بکات، کەواتە ترەمپ تەنیا لەڕێگەی دابەزینی نرخی نەوتەوە دەتوانێت ڕێژەی هەڵاوسان بە نزمی بهێڵێتەوە. ئەوکات دەتوانێت بە بانکی فیدراڵی بڵێت کە بەرزکردنەوەی ڕێژەی سوودی بانکی دوابخات، بەم شێوەیەش ترەمپ لە شەڕە بازرگانییەکەدا سەرکەوتوو دەبێت.

بۆ ئەوەی نرخی نەوت بە نزمی بمێنێتەوە، دەبێت خستنەڕووی نەوت لە بازاڕدا زیاد بکات. بەپێی ئامارەکانی ئۆپیک، ئەندامانی ئۆپیک ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیان لە مانگی تەمووزدا لە 32،69 ملیۆن بەرمیلەوە بۆ 32،87 ملیۆن بەرمیل بەرزکردووەتەوە، هەر بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئۆپیکیش زۆرترین بڕی نەوتی بەرهەمهاتوو لەلایەن سعودیە و لیبیا و نەیجیریاوە بووە، بەم شێوەیەش زیادبوونی خستنەڕووی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا گوشارەکانی سەر نرخی نەوت زیاد دەکات و دەبێتە هۆکاری دابەزینی نرخی نەوت کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی ئەمریکایە.

پەرەسەندنی کێشەکان لەگەڵ ئێراندا بازاڕی نەوت ناسەقامگیر دەکات، بابەتەکەش پەیوەندی بەوەوە نییە کە تا چەندێک بەرهەمهێنەرانی نەوت ئامادەن نەوتێکی زیاتر بخەنە بازاڕەوە بۆ ئەوەی قەرەبووی کەمبوونەوەی نەوتی ئێران بکەنەوە، بەڵکو بابەتەکە پەیوەندی بە هاوکێشەی بازاڕی نەوتەوە هەیە لە ناوچەکەدا، کە ترس لەلای بازرگانان و وەبەرهێنەرانی نەوت زیاد دەکات. ئەم ترسەش وادەکات هەرچەند خستنەڕووی نەوت لەلایەن بەرهەمهێنەرانی نەوتەوە زیاد بکات، تەنیا بەهۆی کەمکردنی خستنەڕووی نەوت لەلایەن ئێرانەوە، نرخی نەوت بەرزبێتەوە.

بەم شێوەیەش ئەمریکا شەڕی بازرگانی پێناکرێت ئەگەر نرخی نەوت بەرزبێت، هەر بۆیە ئەگەر ئەمریکا بیەوێت گەمارۆکان بگەڕێنێتەوە سەر ئێران، دەبێت چارەسەرێک بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بدۆزێتەوە یاخود دەبێت دەستبەرداری شەڕی بازرگانی بێت، چونکە لەسەر ئاستی درێژخایەن زیانێکی زۆر بە ئابووریی ئەمریکا دەگەیەنێت، بەتایبەتیش لەدوای ئەوەی چین گۆڕانکاری لە دیدگای 2025دا کرد و پرنسیپی ڕکابەریکردنی لە هەرزانیی نرخەوە گۆڕی بۆ داهێنان و پێشخستنی تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە دروستکردنی کاڵاکانی، ئەوکات شەڕە بازرگانییەکەی ئەمریکا لەڕێگەی سەپاندنی پێناسی گومرگی هێزی سەرکەوتن لەدەستدەدات، بەم شێوەیەش بەرزیی نرخی نەوت دەبێتە تەحەدایەکی گەورە لەبەردەم پلانەکەی ترەمپدا.



ئەمریکا ئەگەر بیەوێت گەمارۆ بخاتەوە سەر ئێران، دەبێت چارەسەرێک بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بدۆزێتەوە (فۆتۆ: AFP)

## بەپێی ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت:

# ساڵی ڕابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان 200 ملیۆن بەرمیل نەوتی فرۆشتووە

**ڕووداو- هەولێر**

کۆمپانیای دیلۆیت دووەمین ڕاپۆرتی خۆی لەبارەی وردبینی لە داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکە، دیلۆیت هیچ زانیارییەکی نادروستی لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستاندا لە ماوەی شەش مانگی دووەمی 2017 ، بەدی نەکردووە.

کۆمپانیای دیلۆیت کە کۆمپانیایەکی بەریتانییە، بە یەکێک لە چوار گەورە کۆمپانیاکانی جیهان لە بواری وردبینیدا هەژمار دەکرێ، لەکۆتایی ساڵی 2016دا حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کرد بۆ وربینی لە داتاکانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان.

کۆمپانیاکە خزمەتگوزاری لە بوارەکانی وردبینی، ڕاوێژکاری و ڕاوێژی دارایی، ئیدارەی مەترسی و باج پێشکەش دەکات.

کۆمپانیای دیلۆیت دوای گرێبەستەکەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکەمین ڕاپۆرتی خۆی لە بارەی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی 2018 بڵاوکردەوە کە تایبەت بوو بە وردبینی لە بەرهەمهێنان و بەکاربردن و داهاتی نەوتی کوردستان لە ماوەی نێوان یەکی کانوونی دووەمی 2017 تاوەکو 30ی حوزەیرانی 2017.

لە ئەنجامی پرۆسەی وردبینی داتاکانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2017، کۆمپانیاکە دواجار بەو ئاکامە دەگات کە دەڵێت "بۆ هەناردەکردن و بەکاربردن و فرۆشتنی نەوت، هیچ بەیانێکی نادروستمان بەدی نەکرد لە زانیارییەکانی هەناردەکردن و بەکاربردن و فرۆشتنی نەوت لەو ماوەیەدا".

ڕۆژی 2018/8/1 کۆمپانیای دیلۆیت دووەمین ڕاپۆرتی خۆی بڵاوکردەوە کە تایبەت بوو بە وردبینی لە بەرهەمهێنان و بەکاربردن و داهاتی نەوتی کوردستان لە ماوەی نێوان تەمموزی 2017 تاوەکو کانوونی یەکەمی 2017.

دوای وردبینی، کۆمپانیاکە گەیشتووەتە چەند ئەنجامێک لەوانە:

– بۆ هەناردەکردن و بەکاربردنی نەوت، هیچ زانیارییەکی نادروستمان بەدی نەکرد.

– لە فرۆشتنی نەوت، هیچ زانیارییەکی نادروستمان بەدی نەکرد.



خەرجیی حکومەت لە کەرتی نەوتدا، تەنیا لە نیوەی دووەمی ساڵی ڕابردوو نزیکەی دوو ملیار دۆلار بووە (فۆتۆ: ڕووداو)

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو ژمارە و داتا سەرەکییانەی کە لە دووەمین ڕاپۆرتی دیلۆیتدا هاتوون.

### هەناردەکردن و بەکارهێنانی مانگانە

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی دووەمی 2017دا 90 ملیۆن و 997 هەزار و 914 بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە.

لەو نەوتەی لەو ماوەیەدا بەرهەمهاتووە، 81 ملیۆن و 548 هەزار و 972 بەرمیلی لە ڕێگەی بۆڕییەوە هەناردە کراوە. چوار ملیۆن و 913 هەزار و 910 بەرمیلی لە ڕێگەی تەنکەرەوە هەناردە کراوە. یەک ملیۆن و 457 هەزار و 965 بەرمیل بۆ پاڵاوگەکان نێردراوە بۆ ئەوەی پوختە بکرێ بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان. 664 هەزار و 220 بەرمیل بە پاڵاوگەکان فرۆشراوە. ملیۆنێک و 787 هەزار و 91 بەرمیل بەرامبەر بە دیزڵ و سووتەمەنی قورس بۆ بەکارهێنانی لە وێستگەکانی وزە، 625 هەزار و 756 بەرمیلیش لە ناوخۆدا فرۆشراوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، زۆرترین نەوتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئەیلوولی 2017 فرۆشراوە کە 18 ملیۆن و 283 هەزار و 930 بەرمیل بووە، بەڵام لە مانگی ئۆکتۆبەردا بۆ 7 ملیۆن و 382 هەزار و 831 بەرمیل دابەزیوە، ئەویش بەهۆی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە بووە، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە زیاتر لە 300 هەزار بەرمیل نەوتی کێڵگەکانی کەرکوکی لە ڕێگەی بۆڕیی نەوتی کوردستان – تورکیا هەناردە دەکرد.

### داهاتی نەوتی فرۆشراو

بەپێی داتاکانی کۆمپانیای دیلۆیت، کۆی بەهای نەوتی خاو و کۆندێنسەیتی فرۆشراو (لەڕێی بۆڕی و تانکەر و فرۆشتنی ناوخۆ) لە نیوەی دووەمی ساڵی ڕابردوودا 3 ملیار و 853 ملیۆن و 777 هەزار دۆلار بووە، بەڵام دوای خەرجییەکان، حکومەت تەنیا یەک ملیار و 815 ملیۆن و 410 هەزار دۆلاری بۆ ماوەتەوە. هەر لەو ماوەیەدا حکومەت 183 ملیۆن و 825 هەزار دۆلاری وەک پارەی پێشەکی فرۆشتنی نەوت وەرگرتووە.

خەرجییەکانی حکومەت لە کەرتی نەوتدا لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا، زیاتر لە دوو ملیار دۆلار بووە. لەوانەش 624 ملیۆن و 998 هەزار دۆلار دراوەتە هەقدەستی کۆمپانیاکانی نەوت، 938 ملیۆن و 178 هەزار دۆلار خەرجییە گشتییەکانی حکومەت یان لە بری حکومەت. 30 ملیۆن دۆلار پارەی پترۆدۆلاری کەرکووک. 14 ملیۆن و 592 هەزار دۆلار تێچووی پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان. 518 ملیۆن و 169 هەزار دۆلار تێچووی چارەسەرکردنی ناکۆکی لە ڕێگەی نێوبژیوانی (تحکیم).

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت، تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوت کە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا لە ڕێگەی بۆڕییەوە فرۆشراوە 44 دۆلار و 58 سەنت بووە. بەڵام نرخی بەرمیلێک نەوت کە لەڕێگەی تانکەرەوە فرۆشراوە 39 دۆلار و 88 سەنت بووە.

لە ڕاپۆرتەکەدا هۆکاری ئەو جیاوازییە لە نرخی نەوتی تانکەر و بۆڕی ڕوونکراوەتەوە "تێچووی هەناردەی نەوتی خاو بە تەنکەر زیاترە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن کڕیارەوە دراوە، دواتر لەگەڵ نرخی فرۆشتن هەژمارکراوە".

### داهات و بەرهەم لە کورتی داوە

بە بەراوردکردنی داهاتەکانی نیوەی یەکەمی 2017 و نیوەی دووەمی 2017، سەرەڕای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، بەڵام بەرهەمهێنان و داهاتی نەوتی کوردستان لە نیوەی دووەمدا کەمی کردووە.

لە شەش مانگی یەکەمی 2017 دا حکومەتی هەرێمی کوردستان 110 ملیۆن و 852 هەزار بەرمیل نەوتی فرۆشتووە، تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوت لە ڕێگەی بۆڕییەوە 41 دۆلار و 29 سەنت بووە، تێکڕای نرخی بەرمیلێک نەوت لە ڕێگەی تانکەرەوە 25 دۆلار و 45 سەنت بووە.

داهاتی نەوتی فرۆشراو لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 4 ملیار و 69 ملیۆن و 634 هەزار دۆلار بووە، بەڵام دوای خەرجییەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان 2 ملیار و 76 ملیۆن و 102 هەزار دۆلاری بۆ ماوەتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی دووەمی ساڵی 2017دا 90 ملیۆن و 997 هەزار و 914 بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە و داهاتەکەشی (بەبێ خەرجییەکان) 3 ملیار و 853 ملیۆن و 777 هەزار دۆلار بووە.

کەواتە لە شەش مانگی دووەمی 2017 دا هەناردە و بەکاربردنی نەوتی کوردستان 19 ملیۆن و 845 هەزار و 362 بەرمیل کەمی کردووە. داهاتیش لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا 215 ملیۆن و 856 هەزار و 480 دۆلار کەمی کردووە.

**هەنادرە و بەکاربردن و نرخی نەوت لە شەش مانگی یەکەمی 2017دا:**

| مانگ | کانوونی دووەم | شوبات | ئادار | نیسان | ئایار | حوزەیران |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| بەرمیل | 19،645،087 | 17،506،964 | 18،803،643 | 18،569،026 | 18،601،433 | 17،726،123 |
| نرخ/$ | 44.458 | 44.980 | 40.031 | 40.700 | 38.408 | 35.213 |

**هەنادرە و بەکاربردن و نرخی نەوت لە شەش مانگی دووەمی 2017دا:**

| مانگ | تەمموز | ئاب | ئەیلوول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانوونی یەکەم |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| بەرمیل | 16،338،649 | 17،448،727 | 18،283،930 | 12،988،534 | 7،382،831 | 9،393،210 |
| نرخ/$ | 37.806 | 41.411 | 45.046 | 46.933 | 51.508 | 52.679 |



## هەرێم محەممەد گۆرانیی لێ نووریٚ کلیپ دەکات

**ڕووداو– هەولێر**

هونەرمەندی گەنج هەرێم محەممەد، گۆرانییەکی نوێی بە ناوی لێ نووریٚ لەسەر قەڵای هەولێر وێنەگرت، کە گۆرانییەکە فۆلکلۆری ناوچەی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانە.

هەرێم محەممەد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم گۆرانییە لە دابەشکردنی میوزیکی خۆمە، جێگر سەباح کاری میوزیکی بۆ کردووە، هەروەها لە ستۆدیۆی ستار لە هەولێر تۆمارکراوە. کلیپی گۆرانییەکەش لەلایەن هاوکار فەرهاد کاری دەرهێنانی بۆ کراوە کە بەمنزیکانە لە کەناڵەکان بڵاودەکرێتەوە". هەرێم گوتیشی "حەزم کرد گۆرانییەکی کرمانجی بڵێمەوە، بەڵام بەشێوازێکی مۆدێرن کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ بکەم".

شەبنم بارانی بۆ (ڕووداو):

# حەز دەکەم بەشداری فیلمێکی سینەمایی بکەم



دەمەوێت بچمەوە مەهاباد و پیاسەیەک لە وەفایی و چوارڕێیانی ئازادی بکەم

**زانا گەڵاڵی**
**ڕووداو– ئۆسلۆ**

بەکارهێنەرانی ئینستاگرام ناسناوی شاجوانیان پێداوە، بەڵام ئەو قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان بیری لەوە نەکردووەتەوە خۆی بۆ شاجوانی جیهان هەڵبژێریٚ، شەبنم بارانی هەر کاتێک وێنەیەک لە ئینستاگرام دادەنیٚ، زۆری پێناچیٚ لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاودەبێتەوە، بەو هۆیەوە بووەتە ئەستێرەیەکی میدیا.

شەبنم بارانی، تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت تەمەنی 24 ساڵە و لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، تەمەنی 5 ساڵان بووە لەگەڵ خێزانەکەی کۆچیان کردووە بۆ نەرویج، ئێستاش خوێندکاری دەروونناسییە لە زانکۆی ئۆسلۆ.

شەبنم سەرەتا پێی خۆش نەبووە ماڵپەڕە کوردییەکان وێنەکانی ئەویان بڵاوکردووەتەوە، چونکە حەزی نەکردووە دەربکەویٚ، بەڵام ئێستا میدیاکان بە شاجوانی ئینستاگرام ناوی دەهێنن.

بارانی دەڵێت: "سەرەتا کە وێنەکانم لە سۆشیال میدیا بڵاودەکردەوە و زۆر ئەکتیف بووم، کوردم زۆر نەدەناسین، فۆلۆوەرەکانم زۆربەیان بیانی بوون، دواتر کە بینیم وردە وردە زۆربەی ئەوانەی ئادیان دەکردم کوردن، ئیدی بڕیارم دا بە کوردی بنووسم، ئێستاش کە لەناو کورد ناسراوم، پێمخۆشە".

گوتیشی "هەنگاوی زۆرم ماون، بەڵام بەنیاز نیم خۆم بۆ شاجوانی جیهان کاندید بکەم".

بارانی حەزی لە کێشە نییە، بەڵام دەڵێت بەهۆی بەناوبانگبوونییەوە کێشەی بۆ دروست دەکەن "کەسانێک کە من ناناسن بۆ فۆلۆ و لایکی زۆرتر دەیانەوێت بمهێننە خوارەوە، بەڵام من بەو شتانە هەر بەرز دەبمەوە، نایەڵم قسەی خەڵک کاریگەری لەسەرم هەبێت.

ئەگەرچی زۆر کەس سەرسامن بە جوانییەکەی و هەندێک کەسیش دەڵێن دەستکاری خۆی کردووە و تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی شاردووەتەوە، بەڵام شەبنم ناسنامەی زانکۆی دەردەهێنیٚ کە لەسەری نووسراوە 1994/10/25، واتە تەمەنی 24 ساڵە. ئەو دەڵێت "من لە چواردە ساڵییەوە سۆشیاڵ میدیا بەکاردێنم، تەمەن نابیٚ شتێکی وا گرنگ بێت کە خەڵک درۆی لەسەر بکات، من هەرگیز بەخۆم نەگوتووە جوانم، لەگەڵ ئەوەی هەموو کەسێک خۆی لا جوانە، ئەوە خەڵکە ئەو نازناوەی بە من داوە".

زوو زوو داوای خۆشەویستی و هاوسەرگیری لە شەبنم بارانی دەکریٚ. ئەو دەڵێت "کەسایەتی ناسراوی کوردستان و بگرە جیهانیش داوای پەیوەندیم لێدەکەن، هونەرمەندی ناوداری جیهانیش هەن، بەڵام ناوەکەی ناڵێم، چونکە کورد زۆر حەز بە دەنگی دەکەن".

چاوەڕێم بەشداری لە کلیپێکی باش بکەم

شەبنم بارانی مەرجەکانی خۆی بۆ شووکردن ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "تەنیا ئەوەندە دەڵێم پیاو بێت، کوڕ نەبێت، مەبەستم ئەوەیە کەسێکی پێگەیشتوو بیٚ، دەبێت وەک خۆشم سادە بیٚ، جوانییش گرنگە، بەڵام زۆر بایەخی پێنادەم".

ئەگەرچی لە چەند ڕیکلامێک دەرکەوتووە، بەڵام زۆر حەزی لەو بوارە نییە. شەبنم دەڵێت: "نامەویٚ هەموو شتێک بۆ خاتری پارە قبوڵ بکەم". سەبارەت بە بەشداری لە کلیپی گۆرانیش، دەڵێت: "تا ئێستا زۆر هونەرمەند پەیوەندییان پێوەکردووم بۆ کلیپ، بەڵام قبوڵم نەکردووە، چونکە دەمەویٚ تەنیا یەکجار دەربکەوم، ئەویش لە کلیپێکی باش و لەگەڵ هونەرمەندێکی باش".

شەبنم دەڵێت زۆر حەزی لە کاری هونەرییە، بەڵام بیری لەوە نەکردووەتەوە گۆرانی بڵێت، چونکە پێیوایە دەنگی خۆش نییە و ناشیەویٚ تەنیا ڕوخساری هەبیٚ لە گۆرانیگوتندا". ئارەزووش دەکات لە فیلمێکی سینەماییدا ڕۆڵ ببینیٚ.

ڕۆژانە یەک سەعات سەما دەکەم

شەبنم بارانی زۆر حەزی لە سەمایە و ڕۆژانە یەک کاژێر سەما دەکات، هەفتانەش چوار ڕۆژ دەچێتە کلاسی سەما. شەبنم ئێستا لەگەڵ گروپێکی سەما کار دەکات و بەشداریی چەند کەرنەڤاڵێکی لە نەرویج و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا کردووە. شەبنم دەڵێت "شارەزاییەکی باشم لە سەمای وەک کیزومبا، سالسا، سەمای عەرەبیدا هەیە. هەموو جۆرەکانی هەڵپەڕکێی کوردیش دەزانم".

شەبنم زۆرتر حەزی لە جلی کوردییە و بۆ زۆر بۆنە دەیپۆشیٚ، لە ڕەنگیشدا حەزی لە ڕەنگی ڕەشە، چونکە بەلای ئەوەوە

قەت بیرم لەوە نەکردووەتەوە ببمە شاجوان

ڕەنگی ڕەش ڕەنگی خۆشەویستییە. شەبنم بارانی دەڵێت لە پۆشینی جلوبەرگدا لاسایی کەس ناکاتەوە، چ جلێکی پێ جوان بیٚ، دەیپۆشیٚ.

ئەوکاتەی قسەی بۆ (ڕووداو) دەکرد، سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ ئەوەی سەردانی باشووری کوردستان بکات، ئەو گوتی: "بەو پێیەی نەنکم خەڵکی ڕانیەیە، دەمەوێت یەکەم شوێن بچمە ئەویٚ، بەڵام ئەگەر بچمەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمەوێت بچمەوە مەهاباد و پیاسەیەک لە وەفایی و چوارڕێیانی ئازادی بکەم".

لە کەمپی ئاوارەییەوە بۆ لۆس ئەنجلس

کچە ئەستێرە ئەمەریکییەکە قسە بۆ (ڕووداو) دەکات:

# دەمەوێت هونەرمەندێکی کوردی خانم و خاتوون بم

خاوەنی شەش ناسناوی شاجوانم



**دەریاز یونس**
**ڕووداو –هەولێر**

بەهۆی شەڕەوە، لە سەرەتای نەوەتەکاندا خێزانەکەی ئاوارەی سووریا دەبن، نۆری کە ئێستا ئەستێرەیەکی تازەی نیوزیلاندی و ئەمەریکییە، لەنێو کەمپی ئاوارەکانی سووریا لەدایکبووە. بە منداڵی لەسەر مێرووله خواردن ڕاهاتبوو، بەڵام نازانێت بۆچی ئەو کارەی کردووە، خاوەنی شەش ناسناوی شاجوانە، لەلایەن سەرۆک وەزیرانی پێشووی نیوزیلاند-ەوە بانگهێشت کراوە و چاوپێکەوتنێکی کورتیان هەبووە، ئێستا لە لۆس ئەنجلس کار بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی دەکات، نۆری بۆ یەکەمجار هەڤپەیڤینێکی تایبەت لەگەڵ میدیایەکی کوردی دەکات و وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو) دەداتەوە.

**ڕووداو: دەمەوێت لە چیرۆکی ڕۆیشتنتەوە دەستپێبکەم، بۆچی کوردستانت بەجێهێشت؟**

**نۆری:** من خەڵکی باشووری کوردستانم، دایکم و دوو خوشکم لەدوای ڕاپەڕینی 1991 کوردستانیان بەجێهێشت، چونکە ماڵەکەمان بۆردومان کرا، ئەوان چوون بۆ سووریا، منیش لە نێو کەمپی ئاوارەکان لە سووریا لەدایکبووم.

**ڕووداو: کەواتە چیرۆکی زۆرت لە نێو کەمپی ئاوارەکان هەیە، ئێستا چ بیرەوەرییەکی ئەو کاتەت بیر ماوە؟**

**نۆری:** من هەندێک شتم بیرماوە، بەڵام ئەوانەی دەتوانم باسیان بکەم ئەو چیرۆکانەن کە هەمیشە دایکم بۆمیان دەگێڕێتەوە، بۆ نموونە باسی چۆنیەتی پەڕینەوە لە ئاو دەکات، ئەوەشی پێگوتووم کە من بە منداڵی ڕاهاتبووم لەسەر ئەوەی مێرووله بخۆم، نازانم بۆچی مێروولەم خواردووە. هەروەها چیرۆکی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەمیشە لەسەر خوشکەکەم شەڕم کردووە لەگەڵ منداڵەکانی دیکە و لێمداون، ئەگەرچی من لە خوشکەکەم بچووکتریش بووم.

**ڕووداو: چیرۆکی تۆ لەگەڵ ڕووخانی ماڵەکەتان بەهۆی بۆمب و ئاوارەیی دەستپێدەکات، پلانت هەیە لە داهاتوودا گۆرانی بۆ وەستانی جەنگ بڵێیت؟**

**نۆری:** حەز دەکەم، زۆر مەبەستمە گۆرانییەک بنووسم و تۆماری بکەم لەسەر ئەو کەسانەی کە ئاوارە دەبن، ئەو کەسانەی کە دەبنە قوربانی جەنگ لە هەموو جیهان، بەڵام ئەو بابەتە تەنیا پەیوەستە بەکاتەوە.

لە سووریا لەنێو کەمپی ئاوارەکان لەدایکبووم

**ڕووداو: لە کەیەوە دەستت بەکاری میوزیک و گۆرانی کردووە؟**

**نۆری:** لەوەتای لەبیرم دێت گۆرانی دەڵێم.

**ڕووداو: لەگەڵ بنەماڵەکەت لە نیوزیلاند دەژیان، بۆچی چوویتە لۆس ئەنجلس لە ئەمەریکا؟ لەبەر ئەوەیە کە ئەویٚ شوێنی دروستکردنی ئەستێرەیە؟**

**نۆری:** هاتم بۆ لۆس ئەنجلس چونکە لەو کاتە ژمارەیەک بەرهەمهێنەری میوزیکی جیهانیی زۆر باش هەبوون کە من دەمویست کاریان لەگەڵ بکەم، ئەوانیش باوەڕیان بە من و تواناکانی من هەبوو، ئێستاش هەستدەکەم کە لۆس ئەنجلس ئەو شوێنەیە من دەتوانم تێیدا کار بۆ خەون و ئامانجەکانم بکەم.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ هیچکام لە گۆرانیبێژ یان ئەستێرە کوردەکان هەیە؟**

**نۆری:** بەداخەوە نەخێر، بەڵام زۆر حەز دەکەم پەیوەندی دروستبکەم لەگەڵیان.

**ڕووداو: کارت لەگەڵ چەندین بەرهەمهێنەری جیهانی کردووە، بۆ نموونە یەکێک لە بەرهەمهێنەرەکان کاری لەگەڵ ڕیهانا کردبوو پێش تۆ، چۆن ئەم پەیوەندییە دروستبوو؟**

**نۆری:** من بۆ ئەو ئامانجە هاتم بۆ لۆس ئەنجلس، پێش ئەوەی بێمە ئێرەش پەیوەندیم هەبوو، لەگەڵ چەند ئەستێرەیەکیش پەیوەندیم هەیە و هاوڕێی یەکدین.

نامەوێت کیم کارداشیانی کورد بم

ڕۆژانە یەک سەعات سەما دەکەم

**ڕووداو: دەڵێی کە خاوەنی شەش ناسناوی شاجوانیت، دەتوانی پێمان بڵێی کامە ڕێوڕەسم بوون کە تۆ ناسناوەکانت تێدا بردنەوە؟**

**نۆری:** بەڵێ دەتوانم، Miss Teen New Zealand Aim to Fame 2010، کە تایبەتە بەو کەسانەی دەیانەوێت ببنە ئەستێرە، هەروەها Miss Global Teen NZ 2011، Miss Bikini NZ 2012، Miss Mount Maunganui بۆ ساڵەکانی 2009 و 2011 و 2012، لە هەموو ئەو ڕێوڕەسمانە من ناسناوەکەیانم بەدەستهێناوەو تاجی شاجوانیم بردووەتەوە.

**ڕووداو: پێشتر لەلایەن سەرۆکوەزیرانی پێشووی نیوزیلاند بانگهێشت کراویت و پێشوازی لێکردوویت، کە یەکتان بینی باسی چیت بۆ کرد؟ باسی چیرۆکی خۆت بۆ کرد کە لە سووریا بەسەرت هاتبوو؟**

**نۆری:** بەداخەوە، ئەو کاتەی کە من هەمبوو بۆ دانیشتن لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی پێشووی نیوزیلاند کاتێکی دیاریکراو و کەم بوو، منیش ئەو کاتە زۆر گەنج بووم، هەروەها زۆر قەلەق و شێوابووم، بەڵام هەندێک شتم بۆ باسکرد.

**ڕووداو: پلانت هەیە گۆرانی کوردی بڵێی؟**

**نۆری:** من هەرگیز گۆرانی کوردیم نەگوتووە، بەڵام لەوانەیە هەوڵ بدەم و لە داهاتوودا بیڵێم، کەس نازانێت چی ڕوودەدات.

**ڕووداو: ئەی چی لە بارەی کۆنسێرت لە کوردستان؟**

**نۆری:** ئەوە بە دڵنیاییەوە دەکەم، حەز دەکەم لە کوردستان کۆنسێرتم هەبێت لە داهاتوو.

**ڕووداو: هەندیٚ لە هەوادارانت لە سۆشیال میدیا دەڵێن تۆ لە کیم کارداشیان دەچیت؟ هەندێکیان نووسیویانە کیم کارداشیانی کوردی، تۆ حەزت لەم ناسناوە هەیە؟**

**نۆری:** ئەوان وا دەڵێن، بەڵام من دەمەوێت ئافرەتێکی کورد بم، دەمەوێت هونەرمەندێکی کوردی خانم و خاتوون بم.

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (516) – دووشەممە 2018/8/6



## گەشتیاران بە ژیانی پەناخوازانی کورد ئاشنادەکرێن

**ڕووداو- هەولێر**

گروپێکی شانۆی ژاپۆنی پرۆگرامێکیان دەستپێکردووە کە تێیدا گەشتیارانی نێوخۆیی دەبەنە شوێنی نیشتەجێبوونی کۆچبەران، بەشی یەکەمی پرۆگرامەکەش لەو ناوچانە دەبێ کە کۆچبەرانی کوردی لە تۆکیۆی پایتەختی ژاپۆن تێدا نیشتەجێن. بەگوێرەی راپۆرتێکی (جیپەن تایمز) پرۆگرامەکە لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزەوە دەستپێکردووە و ئامانج لێی ئاشناکردنی گەشتیارانە بەشێوازی ژیان و کێشەکانی کۆچبەران لە شارە گەورەکانی ژاپۆن. لە بەشێک لە گەشتەکەدا، شانۆکار و گەشتیارەکان سەردانی نووسینگەی کەمپی میناتۆ لە تۆکیۆیان کردووە، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر کۆچبەری کورد دەستبەسەرن. سەردانی شاری وەرابیشیان کردووە کە 1500 کۆچبەری کوردی لێیە. گەشتیاران گوێ بۆ چیرۆک و نەهامەتییەکانی کۆچبەران و هۆکاری هاتنیان بۆ ژاپۆن، دەگرن.

# داعش لە کەمپەکانی یۆنان واز لە کۆچبەرانی کورد ناهێنن

**ڕووداو- هەولێر**

ماوەی ساڵێکە کۆبانێی جێهێشتووە و لە کەمپی مۆریا لە دوورگەی لێسبۆس دەژی، بەڵام لە 25ی ئایاری ئەمساڵەوە، بەهۆی هەڕەشەی ئیسلامییە توندئاژۆکانەوە ژیان لە خۆی و خێزانی تاڵ بووە. لە راپۆرتێکی ماڵپەڕی (ئینتەرسێپت)ی ئەمریکیدا بە ناوی خوازراوی نەبی ناوی هاتووە و چیرۆکی ئەو ڕۆژە دەگێڕێتەوە کە لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵ، ژمارەیەک پیاوی دەمامکدار بە بۆڕیی ئاسن، بەرد و چەقۆ هەڵیانکوتایە سەری.

نەبی هەرگیز ئەو ڕۆژەی بیرناچێتەوە کە یەکێک لە پیاوەکان هاواری دەکرد "کێ لەم کەمپەدا کوردە؟". دواتر یەکێکی دیکەیان بە بۆکس کێشای بە دەموچاویدا، چەند کەسێکی دیکەیان بە بۆڕیی ئاسن لێیاندا و دواجاریش یەکێک لە پیاوەکان چەقۆیەکی کرد بە پشتیدا. منداڵەکانی نەبی لەناو چادرەکەوە گوێیان لە هەموو ئەو شتانە بوو کە لە دەرەوە بەسەر باوکیان دەهات.

یەکێک لە پیاوەکان دەستی لەسەر شوێنی برینی چەقۆکە دانابوو دەیگوت: "پیرە، وازی لێبهێنن با بمرێ". یەکێکی دیکەیان هاواری دەکرد "مادام نوێژ ناکات و ڕۆژوو ناگرێ، کوشتنی حەڵاڵە". پاشان بەسەر زەویدا رایانکێشا و بردیانە نێو چادرێکەوە و لەوێش بە دەم لێدان و کوتانەوە وانەی حەڵاڵ و حەرامیان پێدابوو. پاش لێدانێکی زۆر هەر بە راکێشان هەتا بەر دەرگای کەمپەکەیان برد و لەوێ بەجێیانهێشت. نەبی سوێند دەخوات ئاڵای داعشی لەسەر دیواری چادرەکەی ئەوان بینیوە.

ئەم پیاوە تاکەکەس نییە کە لەلایەن ئەو گرووپەوە کەوتە بەر پەلامار، شەش کەسی دیکەش چیرۆکی هاوشێوە دەگێڕنەوە و باس لەوە دەکەن کە تاقمی هێرشبەرەکان نزیکەی 30 کەسن و هەموویان بەمدواییە لە دێرەزوورەوە هاتوون. لە چەند مانگی رابردوودا 600 کەس لەو پارێزگایەی سووریاوە روویان لە کەمپی مۆریا کردووە.

شەڕی نێوان کورد و عەرەب لە کەمپەکە شتێکی نوێ نییە، بەڵام شەڕەکانی ئەمدواییە ئاماژەیەکی روونن بۆ ئەوەی لەناو ئەو کۆچبەرانەی لە دێرەزوورەوە هاتوون، لایەنگر و ئەندامی داعش هەن. یەکێک لە شایەتحاڵەکان دەڵێت بەگوێی خۆی بیستوویەتی هەندێک لە ئەندامانی ئەو تاقمە گوتوویەتی کە ئەوان داعشن، لەسەر یەکێک لە دیوارەکانی کەمپەکەش نووسراوە "دیرالزور باقیە"، ئەمە هەمان ئەو دروشمەیە کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا بەرچاو دەکەوت.

کەمپی مۆریا 7000 کەسی تێدایە و زۆرجار بە گرتووخانەی گوانتانامۆ بەراورد دەکرێ کە شوێنی دەستبەسەرکردنی گومانلێکراوە گەورەکانی کەیسی تیرۆری نێودەوڵەتییە. نەدا قەدری، خۆبەخشێکی مرۆیی سووری - ئەمریکی، لە دوورگەی لێسبۆس بە ماڵپەڕەکە دەڵێت: "ئەم کەمپە کێشەی ئەوەندە زۆرە کە کێشەی توندڕەوە ئیسلامییەکان زۆر بە جددی وەرناگیرێ". بەڵام ئێڤا کۆسا، لێکۆڵەری ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، پێیوایە سیاسەتی دەستبەسەرکردنی کۆچبەری سەر بە زمان، نەتەوە و ئایینی جیاواز لە کەمپەکان هۆکاری دروستبوونی ئەو جۆرە کێشانەیە.

سارا، تەمەن 27 ساڵ، تەنیا یەک مانگ دەبێ لەگەڵ شەش منداڵ و خەسوویەکی تەمەن 75 ساڵاندا لە عەفرینەوە بەرەو کەمپەکەی دوورگەی لێسبۆس رایکردووە. سارا کە بە ناوی خوازراوەوە قسە دەکات، دەڵێ "ئێمە لەدەست شەڕ رامانکرد، وامانزانی لێرە دەتوانین لە ئاشتیدا بژین، کەچی لێرەش شەڕ بەردەرگای پێ گرتووین".

نەبی لە دوای رزگاربوونی لە شەڕی پیاوە دەمامکدارەکان، لەگەڵ 300 کوردی دیکە روویان لە پەناگەیەکی کاتی کردووە کە لە تەنیشت ناوەندێکی وەرزشیی چۆڵکراوە. نەدا دەڵێ: "ئەوە یەکەمجارە ببینم هەموو کەسەکانی سەر بە نەتەوەیەک کەمپێک جێبهێڵن و ئامادە نەبن بگەڕێنەوە". بۆیە پاش هێرشەکەی 25ی ئایار، نەدا و ژمارەیەک لە خۆبەخشەکان بڕیار دەدەن تیمێکی هاوکاری پێکبهێنن و 170 چادر لەسەر گۆڕەپانی ناوەندە وەرزشییەکە دابنێن.

کورد رۆڵی سەرەکییان لە رزگارکردنی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی فورات لە پارێزگای دێرەزوور هەبوو، لە بەرامبەردا چەکدارە عەرەبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریاش دەستی باڵایان لە هێرشی سەر عەفریندا هەبوو. بۆیە نەدا کێشە نەتەوەییەکان بە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو گرژییانە لە کەمپی مۆریا دەزانێ.

ئالان، تەمەن 28 ساڵ، ماوەیەک لەگەڵ کۆچبەرەکانی دێرەزووردا ژیاوە و ئاگاداری ئەوەیە کە هەندێکیان ئەندامی داعشن، ئەو دەڵێ: "هەندێکیان وێنە و ڤیدیۆی خۆیان لەناو داعش نیشان دەدام"، هەندێکجاریش باسی چۆنێتی فراوانبوونی سنووری دەسەڵاتی داعش و بەکۆیلەکردنی کچە ئێزدییەکانیان بۆ کردووە.

پاش ماوەیەک کۆچبەرە عەرەبەکان متمانەیان بە ئالان نەما، بەبۆچوونی خۆی هەندێک لەو کۆچبەرانە زانیبوویان ئالان کوردە، بۆیە پاش پشکنینی چادرەکەی نیشانەی (X)یان لەسەر دابوو. ئەو ئێستا کەمپی مۆریای جێهێشتووە و دەڵێ: "ئەوان باسی ئەوەیان بۆ دەکردم کە چۆن چوونەتە شنگال و کچی ئێزدییان کڕیوە و هەندێکجاریش هەستێکی ناخۆش وای لێکردوون کچەکان رەوانەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکان بکەنەوە".

یەکێکی دیکە لەو کۆچبەرانەی مەترسی لەسەر ژیانی دروستبووە، کوڕێکی عەرەبی خەڵکی مووسڵە بەناوی عەلی کە دایک و باوکێکی کورد هەر لە منداڵییەوە لەخۆیان گرتووە. عەلی تێکەڵاوی لەگەڵ کۆچبەرەکانی دێرەزووردا هەبووە و پاش ماوەیەکیش داوایان لێکردبوو بیروبۆچوونی ئەوان لەناو کەمپەکەدا بڵاوبکاتەوە. کۆچبەرەکانی دێرەزوور بایەخێکی زۆریان بە عەلی دەدا، بەڵام لە کاتی شەڕەکەی ئایاردا عەلی دەیزانی کە بۆ دواجار دەبێ خۆی یەکلابکاتەوە، چونکە لەو رۆژەدا پابەندیی ئەو لەنێوان بڕوای ئایینی و خۆشەویستیی بۆ دایک و باوکە کوردەکەیدا تاقی دەبێتەوە. عەلی بڕیاریدا لەگەڵ خێزانەکەی بچێتە ئەو کەمپەی بۆ کوردەکان دروستکراوە، دوای چەند رۆژێکیش دوو پیاو رێگەیان بە دایکی عەلی گرتبوو و پرسیاری شوێنی کوڕەکەیان لێکردبوو، تەنانەت ئازاریشیان دابوو.

عەلی بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکە دەڵێ: "ئێستا زۆر دەترسم. نامەوێ هیچ شتێکی ناخۆش بەسەر دایکم بێ. بەداخەوە من زانیاری زۆرم لەسەر ئەوان لایە و دڵنیام لێرە دەمدۆزنەوە".




کوردەکانی کەمپی مۆریا لە ترسی هەڕەشەی توندڕەوەکان ناچار بوون کەمپەکە جێبهێڵن

> بە ئاشکرا دەیانگوت داعش بووین و باسی ڕفاندنی کچە ئێزدییەکانیان دەکرد
>
> کۆچبەرێکی کورد

مبادرة الشفافية للصناعات الاستخراجية في العراق
IEITI
Iraqi Extractive Industries Transparency Iniciative

ڕیکلام

## بانگهێشتی گشتی

بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە بەغدا و هەموو پارێزگاکان و هەرێمی کوردستانی عێراق، کار دەکەن. ئەوانەی ئارەزووی پاڵاوتنی نوێنەرانی خۆیان هەیە بۆ بردنەوەی ئەندامێتی دەستەی ئومنا لە دەستەی شەفافیەت بۆ پیشەسازیی دەرهێنانی کانزاکان. با دەستپێشخەری بکەن بە ناردنی داواکارییەکانیان بۆ ناونیشانی ئەلیکترۆنیی media@ieite.org.iq یان پەیوەندی بکە بە ژمارە مۆبایلی (07801998017) یان سەردانی بارەگای ئەمینداریتی نیشتیمانی بکەن لە سەنتەری وەزارەتی نەوت/ شەقامی فەلەستین/ بەغدا.

دوا وادەی وەرگرتنی داواکارییەکان لە کۆتایی دەوامی فەرمی ڕۆژی یەکشەممە 2018/8/12 دەبێت، بە مەرجێک داواکارییەکە کۆپییەک لە مۆڵەتی دامەزراندن و پەیڕەوی ناوخۆ و هەموو بەڵگە و وێنەی زانیارییەکانی تێدابێ، کە ئەم مەرجانەی لای خوارەوە دەسەلمێنن:-

1 – دەبێت تۆمارکراو بێت و مۆڵەتپێدراو بێت بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکانی لە عێراق بەپێی یاسا.

2 – دەبێت ڕێکخراو خواستی خۆی پیشان بدات بۆ ئەم دەستپێشخەرییە و چالاکییەکانی یان لە ئاستی پیشەسازیی دەرهێنانی کانزاکان، یان دەستپاکی یان شەفافیەت و حوکمی ڕەشید بێ، ئەوەش لەڕێگەی ئەوەی کە نووسراوە لە پەیڕەوی ناوخۆ یان ئەوەی کە لە بەڵگە و دۆکیومێنت و بڵاوکراوەکان و وێنەکانی چالاکی و هتد هاتووە.

3 – دەبێت پاڵێوراوەکە لە پلەی (بەڕێوەبەری تەنفیزی) بێت و لە دۆکیومێنتەکانیان بەم پلەیە تۆمارکرابێ، لەلای دەزگا فەرمییەکانیش ڕوون بێ کە پابەندە بە کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. دەبێت بەراشکاوانە بەشداری کردبێت لە خولی پێگەیاندن، یان وۆرک شۆپ کە پەیوەندی هەیە بە پیشەسازیی دەرهێنانی کانزان، یان دەستپاکی یان شەفافیەت و حوکمی ڕەشید. دەبێت چالاکی ڕاگەیاندنی بەرچاوی هەبێت سەبارەت بەم بوارانە.

تکایە پابەندی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بن:

– ڕاگەیاندنی ناوی ڕێکخراوە پاڵێوراوەکان بۆ بەشداریکردن، لە دوای جیاکردنەوە و وردبینیی داواکارییەکان و سەلماندنی ڕاستی دەرچوونی دۆکیومێنتەکان دەبێت، دواتر کاتی هەڵبژاردنەکە دیاری دەکرێت.

– دەنگدان لەسەر هەڵبژاردنی سێ ڕێکخراو دەبێت بۆ نوێنەرایەتی نوێنەرانی ڕێکخراوی کۆمەڵگە مەدەنییەکان لە پارێزگای بەغدا و پارێزگاکانی دیکە، جگە لە هەرێمی کوردستان کە هەڵبژاردنەکەی لە بەغدا دەکرێ.

– دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی یەک ڕێکخراو دەبێت بۆ نوێنەرایەتی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستانی عێراق و هەڵبژاردنەکەی لە هەولێر بەڕێوەدەچێت.

لێژنەی سەرپەرشتیار

## لە دوو ساڵی رابردوودا

# 367 ئافرەت کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە

دیمەن بورهان
رووداو- هەولێر

سۆنیای تەمەن 16 ساڵان، دانیشتووی ناحیەی ئاغجەلەری سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ بوو، برا و بووکە تازەکەیان خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ ئێوارە خوانێک لەماڵی ناسیاوێکیان، لەوکاتەدا سۆنیا لە ژوورێکی ماڵەکەیاندا بە چەکی کلاشینکۆف گوللەیەکی لە سینگی خۆی دا و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

(ک.س) کە خزمی سۆنیایە دەڵێت: "هیچ نەخۆشی و کێشەیەکی نەبوو، تەنیا چەند رۆژێک بوو بێتاقەت بوو". رۆژ نییە سۆنیاکان بە گوللە، پەت، ئاگر و..هتد خۆیان نەکەنە قوربانی. بۆ هەر حاڵەتێکی خۆکوشتنیش پاساوێک هەیە، کە دیارترینیان ئەم رستە چەندبارەیەیە: "نەخۆشیی دەروونی هەبوو". دوای چەند رۆژێکیش لە راپۆرتی دادپزیشکی دەنووسرێ: "نەخۆشیی دەروونی هەبوو".

شیلان کچێکی تەمەن بیست و یەک ساڵی خەڵکی شاری هەولێرە، تەنیا دوو رۆژی مابوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئارام بچنە نێو قەفەزی زێڕین، بەڵام بەبێدەنگی و بێ ئەوەی هیچ بڵێت لە ماڵەکەی خۆیدا بە لەچکەکەی، خۆی خنکاند، لەسەر دۆسیەکەی شیلانیش نووسرابوو هۆکاری خۆخنکاندنەکەی نەخۆشیی دەروونی بووە.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، ئامارەکانی خۆکوشتن و خۆخنکاندن و خۆسووتاندنی ئافرەتان روو لە هەڵکشانە، لە دۆسیەی زۆربەشیاندا نووسراوە کێشەی خێزانی یان نەخۆشیی دەروونی هەبووە.

بەپێی ئاماری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا 367 ئافرەت لە رێگەی چەک و پەت و ئاگرەوە، کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە. بەپێی ئامارەکە 149 ئافرەت بە چەک و پەت خۆیان کوشتووە. 218 ئافرەتیش خۆیان سووتاندووە.

بەپێی هەمان ئامار، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 109 ئافرەت کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە، 39یان لە رێگەی چەک و خۆهەڵواسین، 62 ئافرەتیش ئاگریان لە خۆیان بەرداوە. لە رووداوەکانی خۆلەناوبردنی ئافرەتاندا هەولێر بە پلەی یەکەم دێت. دواتر دهۆک و ئینجا سلێمانی دێن.

جگە لەو ئافرەتانەی خۆیان لەنێوبردووە، لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا 93 ژنیش لەلایەن پیاوانەوە کوژراون، لە شەش مانگی ئەمساڵیشدا 23 حاڵەتی کوشتنی ژنان هەبووە.

سەبری رەشید، چالاکڤانی بواری ئافرەتان، پێیوایە لە پشت خۆلەناوبردنی هەر ژنێکەوە، پیاوێک هەیە. سەبری دەڵێت "راستە ژنان خۆیان دەسووتێنن، خۆیان دەخنکێنن و خۆیان دەکوژن، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پیاو هۆکارە. ژن هەبووە هەڕەشەی خۆسووتاندنی کردووە، مێردەکەی چەرخەکەی بۆ داگیرساندووە و هانی داوە خۆی بسووتێنێ".

سەبری گومانی لە راپۆرتەکانی دادپزیشکی هەیە و دەڵێت: "زۆربەی راپۆرتەکانی دوای رووداوەکان جێی گومانن، چونکە بۆ زۆربەی هۆکارەکان دەنووسرێ نەخۆشیی دەروونی هەیە، دەبێ زیاتر لە هۆکارەکانی خۆکوشتنی ئافرەتان بکۆڵدرێتەوە، ئەم ئافرەتە بۆچی خۆی کوشت، کێ بەرپرسە لە خۆکوشتنی، بە کام پێوەر و پشکنینی پزیشکی بۆ لاشەیەکی مردوو دەردەکەوێت ئەو ئافرەتە نەخۆشیی دەروونی هەبووە؟".

حاجی محەممەد سەلیم، بەڕێوەبەری کارگێڕیی پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر ماوەی 20 ساڵە شیکاری بۆ ئەو جەستانە دەکات کە دەهێنرێنە پەیمانگەکەیان. ئەو دەڵێت: "دەستنیشانکردنی حاڵەتی دەروونی بە هیچ شێوەیەک کاری ئێمە نییە. کاری ئێمە تەنیا توێکارییە بۆ تەرمەکان و دەتوانین دەستنیشانی بکەین کەسەکە خۆی کوشتووە یان کوژراوە. ئێمە حاڵەتەکە وەکو خۆی تۆمار دەکەین، بەڵام رایناگەیەنین، ئەوە ئیشی پۆلیسە ئاشکرای بکات".

ئەو پزیشکە گومانی لەو حاڵەتانە هەیە کە دواتر وا بڵاودەکرێتەوە گوایە نەخۆشیی دەروونییان هەبووە. ئەو دەڵێت: "ئێمە هەندێک حاڵەت دەزانین، بۆ نموونە رووداوی سووتان و خۆسووتاندن، کاتێک ئافرەتێک خۆی دەسووتێنێ، دەگوترێ بەهۆی گڕگرتنی تەباخەوە بووە، ئەگەر هەر بە پەنجە دەست لە سەری کەسەکە بدرێ دەزانرێ خۆی سووتاندووە یان سووتاوە، بۆنی نەوتی لێبێت دەزانرێت رووداوەکە خۆسووتاندنە نەک سووتان، ئەمە لە کاتێکدا لە ئامارەکاندا دەبینین رووداوی سووتان زیاترە لە خۆسووتاندن، بەڵام لەڕاستیدا خۆسووتاندن نزیکەی 60% یان نیوەی رووداوەکانی سووتان پێکدێنن".

بەڵام هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت زۆربەی حاڵەتەکانی خۆکوشتن و خۆسووتاندنی ئافرەتان بەهۆی تووشبوونیانە بە نەخۆشیی دەروونی "چونکە هیچ ئافرەتێک بەبێ تێکچوونی حاڵەتی دەروونی ناتوانێت پەنجەیەکی خۆی بسووتێنێ".

هۆگر عەزیز نەیشاردەوە کە هەندێکجار هۆکاری رووداوەکان نادرکێنن: "هەندێک حاڵەت هەیە ئێمە بۆ لەکەدارنەکردنی قوربانییەکە و بنەماڵەکەی دەڵێین بەهۆی خراپیی باری دەروونی یان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی خۆی لەناوبردووە. بۆ نموونە کچمان لایە بەهۆی نەمانی پەردەی کچێنی لە ترسی خێزانەکەی خۆی سووتاندووە، یان ناپاکی لە پیاوەکەی کردووە، ئاشکرا بووە و خۆی کوشتووە، ئێمە بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە و خێزانەکەی لەکەدار نەبن، گوتوومانە باری دەروونی تەواو نەبووە".


لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 101 ئافرەت لە کوردستان کۆتاییان بەژیانیان هێناوە

> **60%ی حاڵەتانی سووتانی ژنان، خۆسووتاندنن**
> بەرپرسێکی دادپزیشکی هەولێر

> **هۆکاری هەندێک لەحاڵەتەکانی خۆکوشتنی ژنان دەشارینەوە**
> گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر

# مێردەکەی دەیویست لەشفرۆشیی پێبکات

تریسکە شێرزاد
رووداو- هەولێر

خەندە دەڵێت هاوژینەکەی هیچی خراپ نەما بەرامبەری نەکات، بەڵام ئەو لەبەر خاتری منداڵەکانی هەموو شتێکی قبوڵ کرد، دواجار هاوژینەکەی هێڵی سوور دەبەزێنێ و دەیەوێ لەشفرۆشی بە خەندە بکات، بەڵام ئەو قبوڵی ناکات و سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات.

خەندە ناوی خوازراوی ئافرەتێکی تەمەن 42 ساڵە، ماوەی 28 ساڵە هاوژینی (م)ە کە پێنج ساڵ لە خۆی بە تەمەنترە، خەندە دانیشتووی گەڕەکێکی هەولێرە و خاوەنی سێ کوڕ و دوو کچە.

ئەو ژنە باسی ژیانی خۆی بۆ (رووداو) کرد و گوتی: "هاوژینەکەم تاقانە بوو، دایکی زۆر بە ناز بەخێوی کردبوو، نەیهێشتبوو هیچ ئیشێک بکات. تا ئەوکاتەی منیشی گواستەوە و بووین بە خاوەنی 3 منداڵ، هەر خەسووم خەرجی ئێمەی دەکرد. مێردەکەم دڵی لە من پیس بوو، هەر کە لەماڵەوە دەچووە دەرەوە دەرگای لەسەر دادەخستم".

هاوژینی خەندە، جگە لەوەی دڵپیس بوو، بە گوتەی خۆی ئەشکەنجەشی دەدا، خەندە دەڵێت "جارێکیان هێندەی لێدام بوورامەوە".

ئەو دەڵێت مێردەکەی جگە لەوەی هیچ کارێکی نەدەکرد، لە هەمانکاتدا قوماریشی دەکرد. خەندە گوتی: "ئەو رەفتارانەی هاوژینەکەم، دایکی زۆر بێزار کردبوو، زیاتر لە جارێک قەرزەکانی بۆ دایەوە، دواجار ناچار بوو خانوویەکی بۆ بفرۆشێ بۆ ئەوەی قەرزەکانی پێ بداتەوە، ئێمەشی لە ماڵەکەی دەرکرد".

دوای ئەوەی دایکی (م) کوڕ و بووکەکەی لە ماڵ دەردەکات، خانوویەک و ئۆتۆمبێلێک بۆ کوڕەکەی دەکڕێت و پێیدەڵێت چیدی خەرجیت ناکەم و بۆ خۆت کارێک بکە. بەڵام خەندە دەڵێت: "نەک هیچ کارێکی نەکرد، هەر لە ماڵەوە دەستی کرد بە قومارکردن. ئەو ئۆتۆمبێل و خانووەی خەسووم بۆی کڕیبوو لە قومارکردن دۆڕاندی".

ژیانی ئەو خێزانە بە جۆرێک ناخۆش بوو کە خەندە ناچار بوو کار بکات. خەندە دەڵێت: "کارمەندی کۆمپانیایەک بووم و ئیشی پاککردنەوەی ماڵانیشم دەکرد".

دوای ماوەیەک دایکی (م) دەمرێ، میراتەکەی بۆ کوڕەکەی دەمێنێتەوە، بەڵام خەندە دەڵێت ئەویشی لە قومارکردن دۆڕاندووە و بووەتە کرێچی.

(م) وازناهێنێ، دواجار گوشار بۆ خەندە دێنێ کە ببێ بە لەشفرۆش. خەندە دەڵێت: "رۆژێک هاوژینەکەم پێیگوتم لەگەڵم وەرە دەچین بۆ شوێنێک. منی بردە ماڵێک پێیگوتم دەبێت ئەو ئیشەم بۆ بکەی، ئەوانە پارەیەکی چاک دەدەن، بەو قسەیە شۆک بووم".

خەندە دەڵێت: "مێردەکەم رۆیشت، منیش دەستم بە گریان کرد، ئەو پیاوەی سەرپەرشتی ماڵەکەی دەکرد هەندێ پرسیاری لێکردم، منیش باسی خۆم بۆ کرد و گوتم مێردەکەم دەیەوێ بە زۆر ئەو کارەم پێ بکات، ئەویش بەزەیی پێدا هاتمەوە و هەندێک پارەشی دامێ. دواتر مێردەکەم بەدوامدا هات و یەکسەر پارەکەی لێوەرگرتم".

بۆ جاری دووەم (م) داوا لە خەندە دەکات بچنەوە ئەو ماڵە، خەندە زۆر دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی وازی لێبێنێ، بەڵام (م) هەڵسوکەوتی بەرامبەر ژنەکەی توندتر دەبێ. دواجار خەندە بڕیار دەدات سکاڵا لەسەر هاوژینەکەی تۆمار بکات.

خەندە گوتی: "مێردەکەم کاتێک زانی سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەم، تاوەکو بەردەم نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دوامکەوت، بەڵام لەوێ دەستبەرسەر کرا و ئێستا لە زیندانە".

خەندە ترسی هەیە مێردەکەی ئازاد بکرێ و دەڵێت "دڵنیام لە زیندان بێتەوە دەرەوە، دەمکوژێ".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 3509 سکاڵا لەلایەن ئافرەتانەوە لەدژی مێرد و کەسوکاریان تۆمار کراون.


خەندە ترسی هەیە مێردەکەی ئازاد بکرێ و بیکوژێ

## بەتاوانی کوشتنی کچەکەی سزادراوە

# مافی مرۆڤ داوای ئازادکردنی بەتەمەنترین ژنی زیندان دەکات

دیمەن بورهان
رووداو- هەولێر

کەتان لەگەڵ سزادراوێکی هاوڕێی لەناو چاکسازیی ئافرەتان، خەریکی نانکردن بوو بۆ ژنانی دەرەوەی چاکسازییەکە، هەرچەندە پیر بووە، بەڵام هێشتا هیوابڕاو نەبووە و دەیەوێت تاکە ددانەکەی سەرەوەی لە دەرەوەی زیندان بکەوێت. کەتان بەتەمەنترین ئافرەتی نێو گرتووخانەیە لە کوردستان و بە تاوانی کوشتنی کچەکەی سزا دراوە، ئێستا دەستەی مافی مرۆڤ داوای ئازادکردنی دەکات.

کەتان 11 ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ یوسف محەممەدی هاوژینی، بەبیانووی پاراستنی نامووس، پیلان بۆ کوشتنی کچە 24 ساڵەکەیان بەناوی شیلان دادەنێن. بەناوی سەفەرکردن لەگەڵ سێ کەسی دیکە، کە یەکێکیان هاوژینی کچێکی دیکەیانە، شیلان دەبەن و لە دەرەوەی شار دەیکوژن.

ئەوان بڕیار دەدەن تاوانەکە بە نهێنی لە نێوان خۆیاندا بمێنێتەوە، بەڵام بەر لەوەی بگەنەوە ماڵەوە، باوکی شیلان دەڵێت ئەگەر کەسێک تەرمەکە ببینێ و پۆلیس هەڵیبگرێتەوە، دەناسرێتەوە، بۆیە دەگەڕێنەوە و تەرمەکە دەسووتێنن.

بەڵام دوای چەند رۆژێک ویژدان پاڵ بە زاواکەی یوسفەوە دەنێ و تاوانەکە ئاشکرا دەکات. بەوجۆرە دایک و باوکی شیلان و زاواکەیان و خوشکەزایەکی یوسف کە لەگەڵیان بووە، دەستگیر دەکرێن. زاواکەیان شەش مانگ لە زیندان دەمێنێتەوە و دواتر ئازاد دەکرێت، بەڵام کەتان و یوسف و کوڕە خوشکەکەی یوسف بە ناوی (س.ق) بە 20 ساڵ بەندکردن سزادەدرێن. دوای چوار ساڵ یوسف لەناو زیندان دەمرێت، خوشکەزاکەشی بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت، بەڵام کەتان هەر لە زیندان دەمێنێتەوە، بەهۆی لێبووردنی گشتی تەنیا پێنج ساڵ لە سزاکەی کەم دەکرێتەوە.

حوکمەکەی کەتان سێ ساڵ و چەند مانگێکی ماوە، بەڵام پیر بووە و بەگوتەی خۆی تەمەنی گەیشتووەتە 74 ساڵ. چەندین راپۆرتی پزیشکیشی هەیە کە چەند نەخۆشییەکی هەیە، بۆیە دەستەی مافی مرۆڤ داوای ئازادبوونی دەکەن.

سابیر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری نووسینگەی سلێمانی لە دەستەی مافی مرۆڤ بە (رووداو)ی گوت: "ئەم ژنە تەمەنی لەسەرووی 60 ساڵییەوەیە، چەند نەخۆشییەکی وەک شەکرە و گوشاری خوێنی هەیە. خۆشی دەڵێت شێرپەنجەی منداڵدانیشی هەیە، باری دەروونی جێگیر نییە، هەروەها لە دەرەوەی زیندانیش سوڵحی بۆ کراوە و زاواکەشی سکاڵاکەی کشاندووەتەوە، بۆیە راپۆرتێکمان لەسەر ئەم ژنە ئامادە کردووە بۆ دادوەر، تاوەکو تەبەنی کەیسەکەی بکەن و بەرزی بکەنەوە بۆ ئەنجوومەنی دادوەری، تاوەکو ئەوانیش رەزامەندی بدەن و ئازاد بکرێ".

بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ دەڵێت ئەوان تەنیا لەبەر لایەنی مرۆڤایەتی دەیانەوێت هاوکاری بکەن و بەر لێبووردنێکی تایبەت بکەوێت، چونکە بەهۆی ئەو ماددەی پێی دەستگیرکراوە، لێبووردنی گشتی نایگرێتەوە.

هەر لەبارەی کەیسی کەتان، دادوەر هادی عەبدولڕەحمان، ئەندامی فەرمانگەی داواکاری گشتی لە سلێمانی بە (رووداو)ی گوت: "پێشتریش راپۆرتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤمان سەبارەت بەم کەیسە بۆ هاتووە و بەرزمان کردووەتەوە بۆ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکمان نەدراوەتەوە".

ئەو دادوەرە گوتیشی: "ئەم ژنە کاتێک ئازاد دەکرێت کە لێبووردنی تایبەتی بۆ دەربچێت، ئەم لێبووردنە تایبەتەش بۆ کەسانێکە لەسەر جێگا بن و تا مردن پێویستیان بە خزمەتکردن هەبێت، یاخود کەسەکە لەوپەڕی بێئومێدیدا بێت، ئەم حاڵەتانە هەیە کە لەڕێگەی وەزارەتی کار یاخود هەر شوێنێک بێت داوا دەکرێت و لەڕێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لێبووردنێکی تایبەتی بۆ دەردەچێت".

ئومێدە محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازیی ژنان و منداڵانی سلێمانی لەبارەی کەیسی کەتان بە (رووداو)ی گوت: "ئەو ژنە چەند راپۆرتێکی پزیشکی هەیە و گەیاندوومانەتە پەرلەمان، بەڵام سوودی نەبووە، چونکە کەیسەکەی کوشتنی کەسێکی ئەندامی خێزانەکەیەتی".

حەمدیە خانعەلی، ساڵانێکی زۆرە توێژەری کۆمەڵایەتییە لە چاکسازیی ژنان و منداڵانی سلێمانی. ئەو رۆژەی لەبیرە کە کەتان بە دەروونێکی شڵەژاوەوە هێنرایە لایان و دەڵێت: "ماوەیەکی زۆر بە شەو و رۆژ لە هەوڵی ئاساییکردنەوەی دەروونی کەتاندا بووم، حاڵی باش نەبوو، تا وای لێهات پەنا بۆ چارەسەری دەروونی لەڕێگەی پزیشکی دەروونی ببەین، ئەمە جگە لەوەی پێش هاتنیشی بۆ نێو چاکسازی چەند نەخۆشییەکی هەبوو، یەکێک لەوانەش جۆرێکی شێرپەنجەی منداڵدانە".

کەتان گوێ بەخۆی نادات، ماوەی حوکمەکەی بە نانکردن لە زیندان بەسەر دەبات، پارەی ئەو نانەی لە دەرەوەی زیندان دەفرۆشرێ، دەخرێتە نێو حیسابێکی بانکی بۆ کەتان، بەشێک لە پارەکەشی بۆ کوڕە 17 ساڵانەکەی دەنێرێ.


کەتان چاوەڕێی لێبووردنی تایبەتە بۆ ئەوەی لە زیندان بێتە دەرەوە



## لە بازیان هاووڵاتییەک دەکوژرێ

**ڕووداو – بازیان**

پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند شەوی 31/7/2018، باوکێک و سێ لەکورەکانی و خێزانەکانیان بەمەبەستی گەشتو سەیران چوونەتە یەکێک لەگوندەکانی نزیک بازیان، دواتر دوو ئۆتۆمبێل لەنزیکیانەوە وەستاون و دوو کەسی تێدا بووە و تەقەیان کردووە، لەئەنجامدا کەسێک بەناوی (هـ.ق) تەمەن 34 ساڵ بریندار دەبێت و تا گەیەندرایە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. هەردوو تۆمەتبار بەناوەکانی (هـ. ئـ.ق) و (هـ.ج) خۆیان ڕادەستی بنکەی پۆلیسی بازیان کرد، بە فەرمانی دادوەرو بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بەندنو دەستیش بەسەر هەردو ئۆتومبیلەکەدا گیراوە. تۆمەتبار (هـ.ئـ.ق) لەوتەکەیدا ڕایگەیاندووە کە لەگەڵ تۆمەتباری دووەم لەو سنوورە بوون و چەقەڵیان دیوە، بۆیە تەقەیان کردووە.



ئەحمەد بە پۆلیسی گوتبوو لە ژیان بێزار بووە، بۆیە خۆی سووتاند

# هەرزەکارێکی تەمەن 16 ساڵ خۆی دەسووتێنێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

ئەحمەد، پەیوەندییەکی هێندە خۆشی لەگەڵ باوکیدا هەبوو، هەر بە سادات بانگی دەکرد، بۆیە باوکی لەو باوەڕەدا نییە کوڕەکەی کێشەیەکی هەبووبێ و لەوی شاردبێتەوە، ئەو باوەڕ ناکات کوڕەکەی خۆی سووتاندبێ و دەڵێت سووتانی کوڕەکەی قەزاوقەدەر بووە. پۆلیس و شایەتحاڵەکانیش دەڵێن ئەحمەد گوتوویەتی لە ژیان بێزار بووە بۆیە خۆی سووتاندووە.

ڕۆژی 2018/6/24 مێرمنداڵێکی تەمەن 16 ساڵ بەناوی ئەحمەد سادات سەباح، دانیشتووی ناحیەی کەسنەزان، لە نێوان هەردوو گوندی سێبەردان و پیرەڕەش، دەبەیەک بەنزینی بەخۆیدا کرد و ئاگری لە خۆی بەردا، ئەحمەد تەنیا یەک ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە و گیانی دەرچوو.

ئەحمەد لەلای پۆلیس گوتبووی کێشەم لەگەڵ کەس نییە و کەس تاوانبار مەکەن، باوکیشی دەڵێت ڕاستە ئەحمەد کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە، بۆیە پێی سەیرە کوڕەکەی خۆی سووتاندبێ.

سادات سەباح، زۆر پەسنی کوڕەکەی دەدات و دەڵێت: "کوڕەکەم منداڵێکی ڕووخۆش بوو، هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کەس نەبوو، لەڕووی ماددییەوە پشتی بەخۆی دەبەست، بۆیە کێشەی پارەی نەبوو تا بڵێم لەبەر هەژاری خۆی سووتاندووە".

ئەحمەد لە پۆلی نۆی بنەڕەتی بوو، کاتێک ئەنجامی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی وەرگرتبووەوە، لە چوار وانە کەوتبوو، بەڵام باوکی ئەحمەد بە پێچەوانەی زۆر لە باوکان کە سەرزەنشتی منداڵەکانیان دەکەن، دەڵێت "دڵم نەهات هیچی پێ بڵێم، لە جیاتی سەرزەنشت، دڵنەواییم کرد".

سادات، ئاژەڵدارە، ئەحمەد ئەو کاتانەی لە قوتابخانە دەگەڕایەوە، دەچووە لای ئاژەڵەکان. باوکی ئەحمەد پێیوایە ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بووە. ئەو باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "حەساری ئاژەڵەکانمان لە نێوان گوندی پیرەڕەش و سێبەردانە، ئەو ڕۆژە ئەحمەد چووبوو بەنزین لە مەولیدە بکات، بەڵام لە ڕێگە جگەرەیەکی هەڵکردووە و بەو هۆیەوە بەنزینەکە گڕی گرتووە و ئەویش سووتاوە".

سادات لە ماڵەوە دانیشتبوو کاتێک تەلەفۆنیان بۆ کرد و پێیانگوت کوڕەکەت سووتاوە، ئەو دەڵێت: "بە پەلە ڕۆیشتم بۆ نەخۆشخانە، بینیم لە کەمەری بۆ خوارەوە بە تەواوی سووتابوو، بەڵام دەموچاوی عەیبی نەبوو، پێیگوتم سادات (چونکە ئێمە وەکو هاوڕێ بووین)، ماوەیەکە بە دزیی تۆوە جگەرە دەکێشم، ئەمڕۆش لە کاتی داگیرساندنی جگەرە، بەنزینەکە گڕی گرت و سووتام".

ئەحمەد تەنیا یەک ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی کە 90% بوو، لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی ئەو ڕووداوە گوتی: "دوای ئەوەی پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادار کرایەوە دەستمان بە لێکۆڵینەوە کرد، ئەحمەد لە کاتی قسەکانیدا گوتبووی لە ژیان بێزار بووم، بۆیە خۆم سووتاند".

# لە تۆڵەی تاوانێکی کوشتندا کوژرایەوە



ئەمیر بەهۆی کوشتنی کەسێکەوە شەش ساڵ زیندانی کرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەمیر محەممەد، نزیکەی 11 ساڵ لەمەوبەر کەسێکی کوشت، گوایە سووکایەتی بە باوکی کردووە، ئەمیر سزاکەی خۆی وەرگرت و شەش ساڵ بەند کرا، چوار ساڵ لەمەوبەر بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازاد کرا، بەڵام هەفتەی ڕابردوو درایە بەر دەستدرێژی گوللە و کوژرا.

شەوی 2018/7/29 پیاوێکی تەمەن 42 ساڵ بەناوی ئەمیر محەممەد عەبدوڵڵا، باوکی چوار منداڵ کە نەقیب بوو لە وەزارەتی پێشمەرگە، لە نزیک ماڵەکەی خۆی لە شوقەکانی هاناستی دەستدرێژی گوللەی لێکرا و کوژرا، دوو هاوڕێشی کە ئەو شەوە لەگەڵی بوون، بریندار بوون.

کوژرانی ئەمیر پەیوەندی بە کێشەیەکەوە هەیە کە بۆ 11 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. باوکی ئەمیر لە بازاڕی تەیراوا دووکانی هەبووە، کەسێک بەناوی (س.م) چووەتە دووکانەکەی باوکی و میزی پێداکردووە، ئەمیریش ئەوەی بە سووکایەتی زانیوە، بۆیە بووەتە دەمەقاڵەیان لەگەڵ (س) و دواتر هەر بە دەمانچەکەی (س) تەقەی کردووە و (س)ی کوشتووە.

باوکی ئەمیر، تەمەنی نزیکەی 104 ساڵ دەبێت، زۆر بە زەحمەت گوێی لە قسەکردن دەبێ، ئەو دوای کوژرانی کوڕەکەی قسەی بۆ پۆلیس کرد و گوتی: "ئەو گەنجە بەسەرخۆشی دەهات بۆ دووکانەکەم، سوکایەتی پێدەکردم، شتی لە دووکانەکەم دەخوارد و پارەی نەدەدا، ڕۆژێکیان دەرمکرد، ئەویش میزی پێداکردم".

لوقمان یاسین عەزیز کە زاوا و پورزای محەممەدە، باسی ئەو ڕووداوە دەکات کە ئەمیری لەسەر کوژرا و دەڵێت: "ئەمیر کاتی خۆی ویستی بەرگری لە خۆی بکات و دەمانچە لە (س) بستێنێ، بەڵام گوللەیەک لە دەمانچەکە دەرچوو بەر (س) کەوت و کوژرا. ئەمیر دوای دوو ساڵ خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد. شەش ساڵ لە زیندان مایەوە، هەر لەناو زیندان زانکۆی تەواو کرد، بەهۆی بڕوانامەیەکی سەربازی، ساڵێک لە حوکمەکەی کەم کرایەوە، چوار ساڵ لەمەوبەر بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازاد کرا".

وەک لوقمان دەڵێت، ئەمیر دوای ئەوەی ئازاد کرا، چەند جارێک پێیانگوتبوو کوردستان جێبهێڵێ، چونکە سوڵحیان لەگەڵ بنەماڵەی (س) نەکردبوو، بەڵام ئەمیر هەمیشە پێیدەگوتن ئەو سزای تاوانەکەی خۆی وەرگرتووە.

بەڵام شەوی 2018/7/29 براکانی (س) لە نزیک ماڵەکەی بۆسەی بۆ دادەنێنەوە، کاتێک ئەمیر دەیەوێ لەگەڵ دوو هاوڕێی بچێتە دەرەوە، دەستدرێژی گوللەی لێدەکرێ و دەکوژرێ.

بەقسەی شایەتحاڵێکی ڕووداوەکە، ئەمیر ئەو شەوە کەمێک بێتاقەت بووە و ویستوویەتی لەگەڵ هاوڕێکانی بچێتە دەرەوە، بەڵام لە نزیک ماڵەکەی بۆسەی بۆ دانراوەتەوە و دوو هاوڕێکەشی کە لەگەڵی بوون، بریندار بوون.

ئاکۆ سوارە جەبار، 34 ساڵ، کە هاوڕێی ئەمیرە، ئەو شەوە لەگەڵی بووە. ئاکۆ کە لە ڕووداوەکەدا بریندار بووە، دەڵێت: "کە ئەمیر ئازاد کرا، شەڕی داعش دەستیپێکرد، ئەمیر یەکسەر هاتە سەنگەرەکانی پێشمەرگە، ئێمە لە شەڕی داعش یەکدیمان ناسی، کەسێکی تا بڵێی ئازابوو".

گوتیشی: "ئەمیر کەسێکی زۆر تێگەیشتوو بوو، زۆرجار دەیگوت من نەمویستووە ئەو کەسە بکوژم، کوشتنەکە بە ئەنقەست نەبوو".

ئاکۆ دەڵێت لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا بەردەوام ئاگایان لە یەکدی بووە. دەشڵێت: "پێش ڕووداوەکە تەلەفۆنم بۆ کرد و لێم پرسی لە کوێی؟ گوتی کەمێک بێتاقەتم، لەبەردەرگا دانیشتووم. منیش یەکسەر چووم بۆ لای. ئەمیر پێیگوتم چاوەڕێی هاوڕێیەکی دیکەش دەکەم، پێکەوە دەڕۆین، زۆری نەبرد هاوڕێکەی هات و پێی ناساندم. ویستمان پیاسەیەک بکەین، چەند کەسێک لە نێو ئۆتۆمبێلێکەوە دەستیان بە تەقە کرد، ئەمیر لەو کاتەدا بە تەلەفۆن قسەی دەکرد، گوللە بەر سەری کەوت، من و هاوڕێکەشی بریندار بووین".

ئاکۆ ڕەتیکردەوە کە ئەو پێشتر هیچ کێشەیەکی لەگەڵ تەقەکەرەکان هەبووبێ و دەڵێت: "ئەوان هەواڵیان ناردووە کە کێشەیان لەگەڵ من و هاوڕێکەی ئەمیر نییە و دەیانەوێ بە پارە سوڵحمان لەگەڵ بکەن، بەڵام تا خۆیان ڕادەستی پۆلیس نەکەن، من هیچ ناکەم، هەرچەندە خەڵک دەڵێ ئەوانە دەوڵەمەندن و سوڵحیان لەگەڵ بکە، بەڵام ئێمە پیاوی دەوڵەتین، نابێ حکومەت ڕێگە بەو کەسانە بدات لەبەر ئەوەی پارەیان هەیە، مافی خەڵک پێشێل بکەن".

# چوو بە هانای ئامۆزاکەیەوە و کوژرا

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

محەممەد، تەنیا هەشت مانگ بوو ژنی هێنابوو، چاوەڕێی لەدایکبوونی نۆبەرەکەی دەکرد، بەڵام دەنگە دەنگێک لە کۆڵانەکەیان محەممەدی بەرەو مەرگ برد، ئەو چوو بە فریای ئامۆزاکەی بکەوێ کە لەگەڵ دراوسێکەیان بەشەڕ هاتبوو، بەڵام لەو نێوەدا بووە قوربانی و کوژرا.

ڕۆژی 2018/7/29 گەنجێکی تەمەن 27 ساڵ بەناوی محەممەد فازڵ، دانیشتووی گەڕەکی قادسیەی شاری کەرکووک، لە شەڕی نێوان ئامۆزاکەی و دراوسێیەکیاندا کوژرا. ئامۆزاکەشی بریندار بوو. دوای ڕووداوەکە، پۆلیس کەسێکی بە تۆمەتی کوشتنی محەممەد دەستگیر کرد.

شەڕی مەریوان شەهابی ئامۆزای محەممەد لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکەیان لەسەر ئاوی خواردنەوە بوو. سیروان شەهاب کە برای مەریوان و ئامۆزای محەممەدە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئامۆزاکەم تازە زانیبووی کە ژنەکەی دووگیانە، زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام بەداخەوە منداڵەکەی خۆی نەبینی".

سەبارەت بە شەڕی نێوان براکەی و دراوسێکەیان، سیروان گوتی: "گەڕەکەکەمان کێشەی ئاوی هەیە، تانکەری حکومەت ئاوی هێنابوو بۆ گەڕەک، دراوسێکەشمان داوای ئاوی کرد، لەسەر ئەوە بووە دەمەقاڵە. دوای پێنج خولەک، دراوسێکەمان زیاتر لە 5 کەسی لەگەڵ خۆی هێنا و لە پێش دەرگای ماڵمان دەستی بە جنێودان کرد".

سیروان زۆر هەوڵدەدات مەریوانی برای دەرگا نەکاتەوە، بەڵام مەریوان گوێی لێناگرێت و دەڵێت دەچم بزانم ئەوانە بۆچی لە پێش دەرگای ئێمە هاوار دەکەن، کاتێک دەرگا دەکاتەوە، دەبێتە شەڕیان. کاتێک محەممەد هەواڵی بۆ دێت کە چەند کەسێک چوونەتە سەر ماڵی ئامۆزاکەی، بەهانایەوە دەچێ.

سیروان گوتی: "یەکێک لە پێنج کەسەکە تەقەی کرد، گوللەیەک بەر سینگی مەریوانی برام کەوت، محەممەد ویستی مەریوان هەڵبگرێ، گوللەیەک بەر سەری کەوت و لە ڕێگادا بۆ نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".

دوای ڕووداوەکە، هێزە ئەمنییەکانی کەرکوک، فازڵ عەلی باوکی محەممەد و برایەکی بە فەرمانی دادوەر دەستگیر دەکەن، بەو هۆیەوە نەیانتوانی بەشداری لە ناشتنی تەرمی محەممەد بکەن و بۆ دواجار ماڵئاوایی لێ بکەن.

جەواهیر ئەحمەدی دایکی لە یەکەم ڕۆژی پرسەی کوڕەکەیدا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی گوت: "کوڕە خێر لەخۆنەدیوەکەم، دوای تەواوکردنی زانکۆ هەموو کارێکی کرد بۆ ئەوەی دەستگیرانەکەی بگوازێتەوە. ئەو عەرەبانە بەبێ هۆ کوڕەکەمیان کوشت".

عەقید هەڤاڵ بەرزنجی، بەرپرسی بنکەی پۆلسی عرووبە سەبارەت بەو کەیسە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: " کەسوکاری هەردوو خێزانەکە بە فەرمانی دادوەر دەستگیر کراون، دوای لێکۆڵینەوە کەسوکاری کوژراوەکە بە کەفالەت ئازاد کران". هەروەها گوتی "دوو کەس بە تۆمەتی تەقەکردن دەستگیرکراون کە یەکێکیان ئەفسەرە لە هەواڵگریی سوپای عێراق و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".



محەممەد چاوەڕێی لەدایکبوونی نۆبەرەکەی بوو، بەڵام نەیبینی

# وڵاغلوو.. گوندێک قوربانیی دەستی مین



لە گوندی وڵاغلوو 15 کەس بە مین مردوون و 20یش کەمئەندام بوون

**هونەر ئەحمەد**
**ڕووداو – سلێمانی**

30 ساڵ بەسەر بڕانەوەی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێراندا تێپەڕیوە، بەڵام نەهامەتی و کوێرەوەرییەکانی هێشتا لەسەر گوندنشینانی کوردستان هەر بەردەوامە، ئەویش بەهۆی ئەو هەزاران کێڵگەی مینەی کە هەمیشە لەبۆسەدان بۆ گوندنشینان، بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ ئێران، یان لەو شوێنانەی کۆنە سەربازگەی سوپای پێشووی عێراقیان لێبووە.

گوندی وڵاغلوو لە ناحیەی گاپیلۆنی سەر بە قەزای شارباژێڕ لە سنووری پارێزگای سلێمانی، پێش جەنگ 100 ماڵی تێدابوو، بەڵام ئێستا تەنیا 20 ماڵی تێدایە، بە دەگمەن ماڵێک لەو گوندە دەدۆزیتەوە قوربانییەکی مینی نەبێ.

بەپێی زانیاری دانیشتووانی گوندەکە، بەهۆی تەقینەوەی مین 15 کەسیان گیانیان لەدەستداوە، 70 کەسیان بریندار بوونە و 20 کەسیشیان کەمئەندامن و دەست یان قاچیان پەڕیوە.

خالید عوسمان کە دانیشتووی ئەو گوندەیە و یەکێکە لەوانەی بەهۆی تەقینەوەی مینێک کەمئەندام بووە، دەڵێت: "هێشتا لەسنووری گوندەکەمان 15 کێڵگەی مین هەن".

ئێستا تیمێکی دەزگای مین لەو گوندە سەرقاڵی هەڵگرتنەوەی مینن. تیمەکە سەعات سێی شەو لە سلێمانی بەڕێدەکەون، سدیق قادر کارمەندانی دەزگاکە کۆدەکاتەوە.

ڕێبوار ئەحمەد، سەرۆک بەشی تیمی مینلادەری دەستی دەڵێت: "بەهەر کەسێک بڵێیت سەعات سێی شەو سەیارە دێت بەدوامدا و دەڕۆم بۆ دەوامەکەم لەوانەیە باوەڕت پێ نەکات، بەڕاستی ئەم کارەی ئێمە زۆر قورسە، بەڵام بەم شێوەیە هێناومانە و وردە وردە لەگەڵی ڕاهاتووین".

ئەوانەی لەگەڵ ڕێبوار کار دەکەن ئەزموونی 15 ساڵ تاوەکو 20 ساڵ هەڵگرتنەوەی مینیان هەیە. لەگەڵ هەڵهاتنی خۆر، کاری ئەوانیش دەستپێدەکات. سیامەند مەحمود کە تیم لیدەرە، دیماینەرەکان دابەش دەکات. بەو مینانەی هەڵگیراونەتەوە، ئامێرەکانیان تاقیدەکەنەوە.

دیماینەرەکان زۆر بە وریایی و لەسەرخۆیی خەریکی کاری خۆیانن، چونکە یەک هەڵە لەم کارەدا یان کۆتایی بە ژیانیان دەهێنێ، یان بەیەکجاری کەمئەندامیان دەکات. بەهۆی ئەوەی کارەکە ترس و ماندووبوونی زۆری تێدایە، لە هەر کاژێرێکدا 20 خولەک پشوو وەردەگرن و چایەک دەخۆنەوە تاوەکو بتوانن بە باشی کارەکەیان بکەن.

بەپێی ئامارەکانی دەزگای مین، تاوەکو ئێستا 80 کارمەندی دەزگاکە لە کاتی هەڵگرتنەوەی میندا گیانیان لەدەستداوە، 50شیان بریندار و کەمئەندام بوون.

بێساران خورشید کە سەرپەرشتیاری کێڵگەی مینە، دەڵێت: "بەنیسبەت ئێمەوە کە کاری هەڵگرتنەوەی مین دەکەین، درع و فایزەریش بەکاردێنین، هێشتا مەترسیمان لەسەرە، ئێشیش قابیلی هەڵەیە، چەندین کەسمان لەم ئێشەدا کەمئەندام بوونە، خەڵکمان هەبووە پارچە پارچە بووە".

لە سەردەمی جەنگدا بەشێکی زۆری گوند و ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان بۆمبڕێژکراون، ڕووبەری بۆمبڕێژکراو بە 777 ملیۆن مەتر دووجا مەزەندە دەکرێ.

نزیکەی 30 جۆری مین لە خاکی هەرێمی کوردستاندا چێنراون کە مەترسیدارترینیان جۆری ڤالمارایە.

بەپێی ئامارەکان 14 هەزار و 500 کەس لە باشووری کوردستان مینیان پێدا تەقیوەتەوە، لەو ژمارەیەش 80%یان گیانیان لەدەستداوە.

لە ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستاندا بە دوو شێواز مینەکان چێنراون، شێوازێکیان ئەندازەییە، ئەوی دیکەشیان هەڕەمەکی، بەڵام هەردوو جۆرەکە گرفتی بۆ ئەو تیمانە دروستکردووە کە مینەکان هەڵدەگرنەوە، چونکە نەخشەی شێوە ئەندازەییەکە لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە لەنێوبراوە.

ڕژێمی بەعس لە سەردەمی جەنگدا لەگەڵ ئێران نزیکەی 10 ملیۆن مینی لە نێو خاکی باشووری کوردستاندا چاندووە. ئێستا کاری سەرەکیی مینهەڵگرەوەکان پاککردنەوەی ئەو ناوچانەیە کە لە ئاوەدانییەوە نزیکن.

بێساران خورشید دەڵێت: "بەڕاستی تیمەکانمان ناتوانن ڕووماڵی هەموو کوردستان بکەن، چونکە کوردستان بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی زۆرترین مینی تێدا چێنراوە، لەبەر ئەوەی زۆرترین سنوورمان لەگەڵ ئێراندا هەیە. ئەم ناوچەیەی ئێمەی لێین ئێران گرتوویەتی. ئێران و عێراق دوو وڵاتن کە سیستەمی دانانی مینیان هیچ ستانداردێکی جیهانی نییە، بۆ نموونە لە ناوچەی شەمێران بەفەردە فرێدراوەتە خوارەوە".

لە سنووری پارێزگای سلێمانی ڕۆژانە حەوت تیم بە بەردەوامی و بەبێ پشوودان کاری هەڵگرتنەوەی مین دەکەن، بەرپرسانی دەزگای مین دەڵێن لانیکەم پێویستیان بە 10 ساڵی دیکە هەیە تاوەکو هەموو خاکی باشووری کوردستان لە مین پاک بکەنەوە.

## جاری یەکەم 150 دینار غەرامەیە و جاری دووەم سەربڕینە

# مانگا بەرەڵڵاکانی سۆران کۆدەکرێنەوە

**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو – سۆران**

بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی سۆران بە پاڵشتی دادگا و هاوکاریی دەزگا ئەمنییەکان، هەڵمەتێک بۆ کۆکردنەوەی ئەو مانگایانە دەستپێدەکات کە لە شەقام و کۆڵانەکان بەرەڵا کراون. بەرپرسێکی شارەوانیش دەڵێت ئومێدێکی زۆر هەیە دیاردەکە کۆنترۆڵ بکەن.

شارەوانیی سۆران زیاتر لە 15 ساڵە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بەخێوکردنی مانگا دەدات لەنێو سەنتەری شار، بەڵام نەیتوانیوە کۆتایی بەو دیاردەیە بهێنێ، هاووڵاتیان دەڵێن ئەوان چاوەڕێ بوون قەزاکەیان ببێتە پارێزگا، بەڵام لە سایەی مانگاکانەوە بووەتە گوندێکی گەورە.

### 2000 مانگا لەنێو شار

جاسم جوبرائیل، سەرۆکی لیژنەی نەهێشتنی ئاژەڵ لەنێو شار، ئاماژە بەوە دەکات کە بەخێوکردنی مانگا لەنێو سەنتەری شار لەچاو ساڵانی ڕابردوو زۆر زیادی کردووە. جاسم دەڵێت "تەنیا لە سەنتەری شار نزیکەی 2000 مانگا بەخێودەکرێن و ڕۆژ بە ڕۆژیش ژمارەیان زیاد دەکات. ئێستا بەخێوکردنی مانگا لەنێو شار زۆر زیاترە لە گوندەکانی دەوروبەر".

ئەو کارمەندەی شارەوانی دەڵێت گوشارێکی زۆریان لەسەرە بۆ ڕێگەگرتن لە دیاردەی بەخێوکردنی ئاژەڵ لە سەنتەری شار "بەردەوام خەڵک گلەیی دەکەن کە شارەوانی ناتوانێ سنوورێک بۆ ئەو دیاردەیە دابنێ و کۆنترۆڵی بکات، ڕۆژانە لە گەڕەکەکاندا ئەو مانگایانە زیان بە باخچەی ماڵان و حاوییەکانی زبڵ دەگەیێنن و دار و درەختی شەقامەکان دەشکێنن".

شارەوانی تاقەتی چووە بەدەست ئەو دیاردەوە، لە دوایین هەوڵیشیدا لە ڕۆژی 2018/7/9 لیژنەیەکی بەناوی "لیژنەی نەهێشتنی ئاژەڵ لەنێو شار" پێکهێناوە و هەر هەمان ڕۆژ دەستبەکار بووە. جاسم دەڵێت "لیژنەکە ئومێدبەخشە و جیاوازە لە لیژنەکانی پێشوو، دڵنیام ئەمجارە دەتوانین دیاردەکە کۆنترۆڵ بکەین".

زۆربەی مانگاکان لە گەڕەکەکانی جوندیان دوو، ڕاپەڕین، کۆرەک و دێڵزیان بەخێودەکرێن. جاسم دەڵێت "ئێمە بەرژەوەندیی خەڵک لەبەرچاو دەگرین، بەڵام ناکرێ ڕێگە بدەین شارەکەمان ببێتە حەساری بەخێوکردنی ئاژەڵ، ئێرە ناوچەیەکی گەشتیارییە، ئاخر بووە گەشتیار کە سەردانی سۆران دەکات، هەر لە دەروازەی شارەوە بینەری ئەو هەمووە ئاژەڵە بێ؟".

حەکیم بابەکر، بەرپرسی بەشی باخچەکان لە شارەوانی سۆران بە (ڕووداو)ی گوت :"ساڵی ڕابردوو بایی 12 ملیۆن دینار دارمان چاند، بەڵام زۆربەی دارەکان لەلایەن مانگاکانەوە شکێندراون، بە تایبەت لە جووت سایدی گەڕەکی جوندیان و دێڵزیان و چەند شوێنێکی تر، ئەم کارەساتە هەموو ساڵێ بەسەر دار و درەختەکانی ئێمەدا دێت، مانگاکان و خاوەنەکانیان ناهێڵن سۆرانێکی سەوز و جوانمان هەبێ".

حەکیم بابەکر پێیوایە بە دروستکردنی لیژنە و غەرامەکردنی خاوەنی ئاژەڵەکان، دیاردەکە بنبڕ ناکرێ، بەڵکو باشترە لە ڕێگەی موختاری گەڕەکەکانەوە ئەو کەسانە ئاگادار بکرێنەوە کە ئاژەڵ بەخێو دەکەن، ئەگەر بە قسەی موختاریان نەکرد، بدرێنە دادگا و سزا بدرێن. حەکیم دەڵێت: "پێشتر ئەو ڕێگایەمان تاقیکردووەتەوە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شار. دانیشتووانی ئەو گەڕەکە بەدەنگ داواکەی ئێمە هاتن و تەواوی ئاژەڵەکانیان لە گەڕەکەکەیان دوورخستەوە".

### ئۆتۆمبێلی مانگاکان هەڕەشەی لەسەرە

شارەوانیی سۆران ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری بۆ کۆکردنەوەی ئاژەڵەکان دابین کردووە. مەولود عەلی سلێمان کە شوفێری بارهەڵگرەکەیە، دەڵێت :"لەگەڵ سێ لە هاوکارانم ڕۆژانە پێنج سەعات بە کۆڵانەکانی سۆراندا دەسووڕێینەوە، هەر مانگایەک ببینین یەکسەر باری دەکەین".

ژمارە تەلەفۆنێک بە فۆنتێکی زۆر گەورە لەسەر ئۆتۆمبێلەکە نووسراوە، مەولود دەڵێت: "خەڵک زوو زوو تەلەفۆنمان بۆ دەکەن، زۆرجار کە دەگەینە شوێنەکە خەڵکی گەڕەکەکە مانگاکەیان بەستووەتەوە، تەنانەت بۆ بارکردن هاوکاریشمان دەکەن".

مەولود دەڵێت ڕۆژانە نزیکەی سێ مانگا لە شەقامە گشتییەکان کۆدەکەنەوە، تاوەکو ئێستاش نزیکەی 50 مانگایان کۆکردووەتەوە. ئەو نایشارێتەوە کە چەند جارێک لەلایەن خاوەنی مانگاکانەوە هەڕەشەیان لێکراوە.




2000 مانگا لە سەنتەری قەزای سۆراندا بەخێودەکرێن

جاسم جوبرائیل باسی سزای خاوەنی ئەو ئاژەڵانە دەکات کە دەستیان بەسەردا دەگرن و دەڵێت: "بۆ دانەوەی هەر مانگایەک بە خاوەنەکەی، 150 هەزار دینار وەردەگرین، شەوی یەکەم خاتری خاوەنەکەی دەگرین، بەڵام ئەگەر نەهات بۆ وەرگرتنەوەی مانگاکەی، چەند شەو لای ئێمە بمێنێتەوە بۆ هەر شەوێک 30 هەزار دینار دەچێتە سەر سزاکەی".

گوتیشی: "بەڵێننامە بە خاوەنەکەی پڕ دەکەینەوە کە ئەگەر جاری دووەم مانگەکە دەستی بەسەردا بگیرێ، ئەوە سەری دەبڕین".

## پێشنیاز دەکرێ لە ڕێگای قوتابیانی زانکۆوە سەوزایی زیاد بکرێ

# باخچەکانی سلێمانی 400 دۆسیەی یاساییان هەیە



ڕێژەی سەوزایی لە سلێمانی گەیشتووەتە 18%

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانی، هۆشداریی لەبارەی چارەنووسی درەخت و نەمامەکانی سلێمانی دەدات کە ڕەنگە بەهۆی گەرما و کەمئاوی لە ماوەی مانگێکی دیکەدا بەشێکیان وشک ببن، ئەگەر حکومەت بەهانایانەوە نەچێت. بەرپرسی بەشی یاسایی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش، موەلیدە بازرگانییەکانی دابینکردنی کارەبای گەڕەکەکان بە بکوژی سەوزایی ناو شار دەزانێ.

لە مانگی یەکی ئەمساڵەوە، کامەران حەمە ساڵح، بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانی داوای دامەزراندنی چەند کەسێک دەکات وەک شۆفێری تانکەرەکانی ئاو و کارگوزاریی باخچە و بلوارەکانی سلێمانی، بەڵام چاوەڕوانی ئەو هێندە درێژەی کێشاوە کە بەشێکی زۆر لە درەخت و نەمامەکانی سلێمانی لە تینووان زەردهەڵگەڕاون "ئەگەر تاوەکو مانگێکی دیکە ئەوەمان بۆ جێبەجێ نەکەن، ئیدی پێویستمان نابێ، چونکە وشک دەبن".

بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی 40 تانکەری هەیە بۆ ئاودانی باخچەکان، بەڵام حەوت تانکەریان بەهۆی خانەنشینبوونی خاوەنەکانیان لەکارکردن وەستاون، کامەران دەڵێت: "پێویستم بە 91 کارمەند و کارگوزار هەیە، چونکە زیاتر لە 100 کارمەندمان خانەنشین بوون".

ئێستا 374 بلوار و 340 باخچە و دوو پارکی گەورە لە سلێمانی هەن، بەوجۆرەش ڕێژەی سەوزایی لە شارەکەدا گەیشتووەتە 18%.

بەڵام وەک کامەران حەمە ساڵح دەڵێت، ئەو ڕێژە زۆرەی سەوزایی لە سلێمانی تەنیا بەهۆی پرۆژەکانی حکومەت و کەرتی تایبەت گەشەی نەکردووە، خەڵکیش لای خۆیانەوە بەشدارییەکی کاریگەرییان هەبووە لە زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی.

هەندێک لە باخچەکان بیریان تێدایە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە مۆتۆڕی ئاوی بیرەکان سووتاون و خەڵک لەسەر ئەرکی خۆی دەیانکڕێتەوە "لە زەرگەتە و سەرچنار و پارکی ئازادی، زیاتر لە 5 مۆتۆڕی ئاو سووتاون و خەڵک لەسەر ئەرکی خۆیان کڕیویاننەتەوە". کامەران وادەڵێت.

بەڵام هەر خەڵکیش بوونەتە کێشە بۆ سەوزایی و درەختەکان. ئاسوودە عەبدوڵڵا، بەرپرسی بەشی یاسایی باخچەکانی سلێمانی، دەڵێ خەڵک فێربوون درەخت و نەمامی نێو باخچەکان دەشکێنن یان دەیسووتێنن. ئاسوودە دەڵێت "کەسانێکمان بینیوە لەناو پارک و باخچەکان، درەختیان سووتاندووە، کاتێک لێمان پرسیوە بۆ دەیسووتێنی، گوتوویەتی دەیکەم بە خەڵووز و گۆشتی پێ دەبرژێنین". گوتیشی: "ئێستا 400 سکاڵا هەیە لەسەر درەخت و نەمامەکان بەبێ ئەوەی یەک کەس درابێتە دادگا، بەداخەوە کەس گوێمان لێناگرێ".

لە 10 ساڵی ڕابردوودا، 2 ملیۆن و 500 هەزار نەمام لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانییەوە چێندراون. لەو 19 هەزار نەمامەی لە ئەزمڕ و گۆیژە چێندران، 5000 یان بەهۆی کەمئاوییەوە وشک بوون. لە ساڵی 2016شدا 2000 نەمام بەهەمان هۆکار لەناوچوون. کامەران حەمەساڵح، دەڵێ "ئەگەر بە کۆڵیش نەمام و درەختەکانمان ئاودابێت، لێناگەڕێین وشک ببن، بەڵام خۆ ڕەوا نییە من تاوەکو ئێستا وەزیری شارەوانیم نەبینیوە، ناشزانم ڕەنگی چۆنە".

داواکاری گشتی سلێمانی لە دادگا سکاڵایەکی دژی بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانی تۆمار کردووە. سکاڵاکە دوای ئەوە هات کە ڕێگە درابوو بە کەسێک بیرێکی ئاو نۆژەن بکاتەوە و لە بەرامبەردا بەشێک لە ئاوەکەی بەکاربهێنێ بۆ پرۆژەیەکی خۆی و باخچەکانی سلێمانیش بەشێک لە ئاوەکەی بۆ ئاودانی بلوارەکان تەرخان بکات. کامەران حەمەساڵح دەڵێ "ئەگەرچی دەزانم سکاڵاکە یاساییە، بەڵام ئەو کەسە سەرۆکی شارەوانی ڕێگەی پێداوە و پاشان ئەو بیرە ئێمە 33 هەزار نەمامامان پێ ئاو داوە و لە پێناوی چارەنووسی سەوزایی سلێمانی بووە".

بەشێک لە موەلیدە بازرگانییەکان لەنێو پارک و باخچەی گەڕەکەکاندان. ئەمە ئەو دیمەنەیە کە بەرپرس و فەرمانبەرانی باخچەکانی سلێمانی تەواو نیگەران کردووە "موەلیدەی وا هەیە زیانی 9 ملیۆن دیناری لە درەخت و سەوزایی داوە". ئاسوودە عەبدوڵلا، زۆرتر بەداخە بۆ ئەوەی کەس گوێ لە سکاڵاکانیان ناگرێ.

لەساڵانی ڕابردوودا، بەردەوام باخچەکانی سلێمانی بیرۆکەی نوێی هەبووە بۆ ئەوەی خەڵک بەشدار بن لە فراوانکردنی ڕێژەی سەوزایی شارەکە. نوێترین بیرۆکەش کە کامەران حەمەساڵح بۆ (ڕووداو)ی باس دەکات، ئەوەیە زانکۆکان لەگەڵیان ڕێکبکەون، ئەو خوێندکارانەی لە قۆناغی یەکەمی زانکۆ وەردەگیرێن، یەکەمین ڕۆژی چوونە زانکۆ، نەمامێکیان پێ بکڕن و بیچێنن. لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی سلێمانی باسی ئەو بیرۆکەیەمان کردووە و تەنانەت ئەو ڕۆژەش کە بڕوانامەی زانکۆ وەردەگرێ، دیسان نەمامێک بچێنێ، بەو شێوەیە ساڵانە 100 هەزار نەمام لە سلێمانی زیاد دەبێ و ژینگەیەکی باشتر و گونجاوترمان دەبێت".

# ئاگاداری مەترسییەکانی هەندێک کرێمی دژەخۆر بن



**ڕووداو - DPA**

گۆڤـاری (ئیللی) ئەڵمانی کە گرنگی بە بواری پێسـت و جوانـکاری دەدات، لە زاری پزیشـکانی پسـپۆڕەوە هۆشـداری دەدات لە هەندێک ماددەی کیمیایی کە لە بەشێک لە کرێمە دژەخۆرەکاندا هەن و زیان نەک هەر بە پێسـت، بەڵکو بە بەشـەکانی دیکەی جەستەش دەگەیێنن.

**لـە نموونەی ئەو ماددە مەترسـیدارانەی ڕەنگە لـە پێکهاتەی کرێمە دژەخۆرەکانـدا هەبن، ئاماژە بەمانە کراوە:**

**1 ئۆکسـی بێنـزۆن (Oxybenzone):** کار لـە باڵانسـی هۆرمۆنیی جەسـتە دەکات. ئەوەش سیستمی کارکردنی ڕژێنەکانی جەستە دەشێوێنێت، چونکـە ئەم ماددەیە بە هەڵە لەلایەن جەسـتەوە وەکوو هۆرمۆن دەناسرێتەوە و دواتر کارلێکی جیاواز دەخولقێنـێ و دوور نییـە ببێتە هـۆی قەڵەوی و هەوکردن. خانمانی دووگیان و شیردەر ئەم ماددەیە لە ڕێگەی پێستەوە بۆ خوێنیان دەگوازنەوە و دوور نییە بگاتە جەستەی منداڵەکەشیان.

**2 ئۆکتیۆکسـەیت (Octinoxate):** هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی ئاسـتی هۆرمۆنی ئیسترۆجین و ئەگەری تووشـبوون بە شـێرپەنجەی مەمک زیاد دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی هۆرمۆنەکانـی ڕژێنی دەرەقـی و دواتر دەرکەوتنی نیشانەکانی تەمبەڵی ڕژێنی دەرەقی. لە پیاوانیشدا هۆکارێکـی کەمبوونەوەی ژمـارەی تۆوە. هەروەک دوور نییـە کار لە مێشـک و دەمـارەکان بکات و نەخۆشـییە دەمارییەکانی لێبکەوێتـەوە، تەنانەت ببێتە هۆی گۆڕانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسەکە لـە حاڵەتـی زۆر دووبارەبوونـەوەی بەرکەوتنـی ماددەکە.

**3 ئاڤۆبێنـزۆن (Avobenzone):** ئەگـەر بە بـڕی زۆر یان بـۆ مـاوەی زۆر بەکاربهێنرێت ڕێگا خۆش دەکات بۆ تووشـبوون بە زیپکە، هەوکردنی پێسـت، هەوکردنـی بنجـی مـووەکان، پەڵـە و سـووتانەوەی پێسـت. بە تایبەت لەو کەسـانەی پێستیان هەستیارە.

**4 ڕێتینایڵ پاڵمیتەیت (Retinyl palmitate):** لە کورتماوەدا دوور نییە ببێتە هۆی سووربوونەوە، توێکهەڵـدان، خوران و سـووتانەوەی پێسـت. لە دوورمەوداشـدا دەبێتە هۆی دروستبوونی تەنۆلکە بەرەڵاکان (فری ڕادیکاڵ) لە پێستدا کە هۆکارێکی پیربوونی پێشوەختەی پێستن.

بۆ ئەوەی لەم ماددە مەترسـیدارانە دوور بن، زانیـاری سـەر دژە خۆرەکان بخوێننـەوە و دڵنیا ببنـەوە ئـەم ماددانەیـان تێدا نییـە. لەبری ئەوە ئـەو بەرهەمانـە هەڵبژێرن کـە ماددەکانی وەکوو ئۆکسـیدی زینـک (zinc oxide) یان ئیسـامۆڵ (ichthammol) یـان تێدایـە کە وەها ناسـراون هـەم زیانەکانی تیشـکی سـەرووی وەنەوشـەیی دووردەخەنـەوە و هەم نەزانراوە زیانێکی ئەوتۆیان بۆ پێست یان تەندروستیی گشتی هەبێت.



# حەوت ڕێگا بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەبۆ

**ڕووداو - گاردیان**

ڕەبـۆ نەخۆشـییەکی درێژخایەنی کۆئەندامی هەناسـەیە. بۆڕییەکانـی هەناسـەی کەسـانی تووشبوو بە ڕەبۆ هەستەوەرە و زیاد لە پێویست کاردانـەوەی دەبێـت بـۆ تەنـی بێگانـەی وەک تەپوتـۆز و دووکەڵ یان نائارامیی دەروونی و بە خێرایی بۆڕی هەوایان تەسـک دەبێتەوە، ئەویش بە سێ ڕێگا:

1- گرژبوونی ماسوولکەکانی چواردەوری بۆڕیی هەوا.

2- هەوکردنی ناوەکی و هەڵاوسـانی ڕووپۆشـی ناوەوەی بۆڕی هەوا.

3- دەردانی شلەمەنییەکی زۆر لەناو بۆڕیی هەوادا.

پزیشـکان دەڵێـن وەرگرتنـی ڕێوشـوێنی ڕاسـت و دروسـت وادەکات تووشـبووان لـە نۆرەی ڕەبـۆ دووربن کە بـە هەناسـەتوندی و خیـزەی زۆری سـنگ جیادەکرێتەوە، گرنگترینی ئەو ڕێوشوێنانەش بریتین لە:





**1 هەمیشە دڵنیابە ئامێری سپرای (بخاخ)ی نەخۆشییەکە لە ماڵەوە بەردەست بێت.**

نۆرەی ڕەبۆ ڕۆژانە لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا سـێ کەس دەکوژێت، لەکاتێکدا ئەگەر دەرمانی پێویست بەردەست بن، دەکرێ ڕێگە لە سێیەکی ئەم حاڵەتانە بگیرێت. ئەگەر لەکاتی نۆرەکەدا کەسـەکە خێرا سـپرای و دەرمانەکانی بەکاربهێنێ، مەترسـی نەخۆشـییەکە لەسـەری بەشـێوەیەکی بەرچـاو کەم دەبێتەوە.



**2 ئاشنابە بە هۆکارە ڕێگەخۆشکەرەکان:**

تەپوتۆز، دووکەڵ و بۆنی تیژ لە هۆکارە سـەرەکییەکانی نۆرەی ڕەبۆن، بەڵام هەر کەسە بە چەند هۆکارێکی دیاریکراو حاڵەتەکەی زۆر دەئاڵۆزێ، گرنگە هۆکارەکان بناسـێتەوە و پلانی هەبێ بۆ ڕوونەدانیان لە ماڵەوە.



**3 مەمێڵە قەڵەو بیت:**

چەندیـن توێژینـەوە دەریانخسـتووە زیادبوونـی کێشـی جەسـتە دەبێتـە هۆی ئاڵۆزبوونی نەخۆشی ڕەبۆ و وادەکات ئاسان کۆنترۆڵ نەکرێت.



**4 مەشقەکانی هەناسەدان:**

توێژینەوەی زانستی دەریخستووە پەیڕەوکردنی مەشقەکانی هەناسەی قووڵ دەبێتە هۆی باشکردنی کواڵیتی ژیانی تووشبووانی ڕەبۆ و وایان لێدەکەن بـە هێزێکی زیاتـرەوە نۆرەکانی ڕەبـۆ کۆنترۆڵ بکـەن. بـەڵام لەبیـری نەکـەن ئەمـە نابێتـە جێگرەوەی دەرمانەکان، بەڵکو وەکوو تەواوکاریی ئەوان دەبێ بەکاربێت.

**5 خاوێنی ماڵەکەت بپارێزە:**

هەفتانـە دوو جار بە گسـکی کارەبا ماڵەکەت خاوێن بکـەوە و لەکاتـی خاوێنکردنەوەیدا ماسـک ببەسـتە، فلتـەری خاوێنکردنـەوەی هـەوای مـاڵ بەکاربهێنـە، ڕووپۆشـی جێگەی نووستنەکەت هەفتانە بشۆ، ئێستا ڕووپۆشـی ئەوتۆی جێگای دانیشتن و نووستن هەن کە دژی گەرد و تۆز و تەنی مایکرۆسـکۆپین.. ئەمانە هەموو وادەکەن ڕووبەڕووی نۆرەی توندی ڕەبۆ نەبیتەوە.

**6 لە ئاژەڵە ماڵییەکان دوور بە:**

بەشـێک لەو پێکهاتە پرۆتینییانەی کە لەسەر لەشی ئاژەڵـە ماڵییـەکان هـەن، دەبنـە هـۆی ڕوودانـی نـۆرەی تونـدی ڕەبـۆ، چونکـە نامـۆن بـە کۆئەندامی بەرگری و ئەوەش کاردانەوەی توندی کۆئەندامی هەناسەی لێدەکەوێتەوە لە تووشبووانی ڕەبـۆدا. ئەگـەر زۆر هۆگری ئاژەڵـە ماڵییەکانیـت، ئەوە دەبـێ ماوەمـاوە بـە باشـی خاوێنیان بکەیتەوە.



**7 وەرزشێکی مامناوەند:**

وەرزشـکردن دەبێتە هـۆی زیادبوونی توانا و لێهاتوویی کۆئەندامی هەناسە و کۆئەندامی بەرگریش بەهێـز و کارا دەکات، ئـەوەش نـۆرە توندەکانی ڕەبۆ کەمدەکاتەوە، چونکە خودی نۆرەی توندی ڕەبۆ گرفتە لەو دوو بەشەی جەستەدا و کارایی و باش کارکردنی ئەوان، مەترسیی ڕەبۆ کەم دەکاتەوە. توێژینەوەکان دەریانخستووە وەرزشـەکانی پیـادەڕەوی و مەلەوانی و یۆگا لە باشـترین وەرزشـەکانن بۆ تووشبووانی ڕەبـۆ. بـەڵام وەرزشـە توند و تاقەتپڕووکێنـەکان دوور نییە ببنە هۆی ڕوودانی نۆرەی توندی ڕەبۆ، بۆیە ڕێنمایی تووشـبووانی ئەم نەخۆشـییە دەکرێ وەرزشی مامناوەنـد بکـەن و لە وەرزشـە تونـد و ورووژێنەرەکان بەدووربن.



# شەش هۆکاری دروستبوونی پەڵەی پێست

**ڕووداو - DW**

هەندێکجـار لـە خەو هەڵدەسـتی و دەبینیت پەڵەیەک یان زیاتر لەسـەر پێسـتت پەیدابووە، کاتێـک بیـر دەکەیـەوە هیـچ زەبرێک بـەر ئەو شوێنەت نەکەوتووە، پسپۆڕانی هەردوو ماڵپەڕی (پریڤێنشن) و (مێنز هێڵس) لە ئەمریکاوە دەڵێن زۆربەی کات ئەمە حاڵەتێکی سادەیە و پێویست بە نیگەرانی ناکات.

**لە نموونەی هۆکارەکانیش ئاماژەیان کردووە بە:**

**گیادەرمانی و تەواوکەرە خۆراکییەکان:**

بەشـێک لـەم تەواوکەرە خۆراکییانە سـیر و زەنجەفیل و جینسینگ و ڕۆنی ماسییان تێدایە، ئەمانە ئەگەر بێ ئاگاداری پزیشک بخورێن هەڵەیە، چونکە هەم مەرج نییە جەستەی کەسەکە بۆ ئەو پێکهاتانـە گونجـاو بێت، هـەم لەوانەیە کارلێک لەگەڵ ئەو دەرمانانە بکەن کە بۆ مەبەستی دیکە دەخورێن.

**کەمیـی هەندێک لە ڕەگەزە خۆراکییەکان لە جەستەدا:**

کەمیی ڤیتامین C یان K دەبێتە هۆی پەڵەی پێسـت. پسـپۆڕە ئەمریکاییەکان دەڵێن کەمیی ڤیتامیـن و کانزاکان لـەو کەسـانەدا ڕوودەدەن کـە خۆراکیان فرەجۆر و فرە ڕەنگ نییە و تەنیا چەند جۆرێکی دیاریکراوی خواردن دەخۆن. بۆیە کەسێکی ئاسـایی و تەندروست دەبێ ژەمەکانی لـە جۆری جیاوازی خـواردن پێکبێن، بۆ ئەوەی لە هەموو ڕەگەزە خۆراکییەکان بەهرەمەند بێ.

**دەرمانەکانی دژە خەمۆکی:**

بەشـێک لە دەرمانەکانی دژە خەمۆکی کار لە خەپلەکانـی خوێن دەکەن، کاری ئەو خەپلانەش ڕێکخسـتنی مەییـن و نەمەیینـی خوێنـە، بۆیە تێکچوونـی کارەکانیان دەبێتـە هۆی تێکچوونی ڕەوتی پرۆسەکە و خوێنبەربوونی سادە لە پێست کە بەشێوەی پەڵە دەردەکەوێت.

**چوونە تەمەن:**

لەگـەڵ چوونە تەمەنـدا موولوولەکانی خوێن بەهێـزی و نەرمی لەدەسـتدەدەن و بە ئاسـانی دەتەقـن. تەقینـی ئەو موولوولانـە دەبێتە هۆی دزەکردنـی خوێـن بۆ نێو شـانەکانی پێسـت و دواتریش دروسـتبوونی پەڵە. هەروەها پێسـتی کەسانی بە تەمەن تەنکە و چەورییە پارێزەرەکەی لەدەستدەدات، ئەواش وادەکات ئاسانتر زەبر بەر موولوولەکانی پێست بکەوێ و بتەقن.

**دەرمانەکانی دژە کڵۆبوونی خوێن:**

دەرمانـی دژەکڵۆبوونـی خوێـن بـۆ ڕێگـری لـە جەڵتەی دڵ و مێشـک دەدرێـن بەوانەی لە مەترسیدان، هەروەها هەندێک دژە ئازاری وەکوو پرۆفیـن و ڤۆڵتارین کە لەمپەر بۆ مەیینی خوێن دروسـتدەکەن. ئەمانـە هەندێکجـار دەبنە هۆی خوێنبەربوون لە موولوولەکانی خوێنی پێسـت و دروستبوونی پەڵە.

**نەخۆشیی جگەر:**

جگـەر بەرپرسـە لـە دروسـتکردنی چەندین مـاددە کـە کاریان ڕێکخسـتنی مەیینی خوێنە، بۆیە نەخۆشکەوتنی جگەر لەمپەر دەخاتە بەردەم دروسـتبوونی ئەو ماددانە، بەو هۆیەوە پرۆسەی مەیینی خوێن تێکدەچێ و ئاسانتر خوێنبەربوون لـە موولوولەکانـی خوێنی پێسـت ڕوودەدات کە دروستبوونی پەڵەی لێدەکەوێتەوە.

## چارەی سادە لە ماڵەوە:

چاکبوونـەوەی پەڵەی پێسـت نزیکـەی دوو هەفتـەی دەوێـت، لـەو ماوەیەشـدا ڕەنگەکەی دەگۆڕێ لە شین یان مۆرەوە بۆ سەوز یان زەرد. بەڵام ئەگەر لەگەڵ هەسـتکردن بە دروستبوونی، بۆ ماوەی 10 خولەک سەهۆڵ بخەیتە سەر شوێنی پەڵەکە، ئەوە دەبێتە هۆی کرژبوونی موولوولەکان و کەمبوونەوەی خوێنبەربوونیان، ئەوەش ناهێڵێ پەڵەکە زۆر گەورە ببێ.



## چ کاتێک سـەردانی پزیشک بکەین؟

ئەگـەر پەڵەکە بۆ دوو هەفتە بەردەوام بوو بەبـێ ئەوەی ڕەنگی بگۆڕێ، ئەوە باشترە سەردانی پزیشک بکـەی بـۆ دیاریکردنـی هۆکارەکـەی. هەروەهـا ئەگەر هـاوکات لەگەڵ پەڵەکە نیشانەی دیکە هەبوون وەکوو بەرزبوونەوەی پلـەی گەرمـی، گۆڕانی ئـارەزووی خواردن و لەدەسـتدانی کێش، دیسان پێویست بە ڕاوێژی پزیشک دەکات.

# چۆن خەوێکی باشت هەبێ لە هاویندا؟



**ڕووداو - DW**

بۆ ئەوەی خەوێکی ئارامت هەبێ، پسپۆڕێکی ئەڵمانی دەڵێت خۆشووشـتن بە ئاوی شـلەتێن ڕێگایەکی باشە.

هانـز گۆنتر، ئەندامی کۆمەڵـەی ئەڵمانی بۆ توێژینەوە لە خەو و خەودروستی، دەڵێ باشترە شەوانە پەنجەرەی ژوور کراوە بێ، یان دەرچەیەک هەبـێ بۆ ئاڵوگۆڕی هەوا، بۆ ئـەوەی هەوایەکی خاوێن هەبێ لەکاتی خەوتندا.

هەروەهـا خۆشووشـتن بە ئاوێکی شـلەتێن بەر لە نووسـتن کۆمەکی خاوبوونەوەی جەستە دەکات کـە بەهۆیـەوە خەوێکی ئارامـت دەبێ، بەڵام خۆشووشتن بە ئاوی سارد ڕاستەوخۆ پێش خەوتن هەم کونیلەکانی پێسـت دادەخات و هەم پرۆسەی ڕێکخسـتنی پلەی گەرمی تێکدەدات و وادەکات خەوێکی ئارامان نەبێت.

هەروەک ڕێنمایی دەدات کە باشترە جلی خەو پێکهاتەیەکی سروشتیی هەبێ و لە لۆکە و کەتان و حەریر دروسـتکرابن، نەوەک قوماشی نایلۆن و دەستکرد.

هەروەها نابێ پێش خەوت خواردنەوەی سارد بخورێتەوە، چونکە جەستە کاتی دەوێ بۆ ئەوەی لەنێو جەسـتەدا پلـەی گەرمییەکەیـان هاوتای ژینگەی نێو جەسـتە بکات، ئـەوەش خەوزڕانی لێدەکەوێتەوە.

### خێزانی بنلادن چی لەبارەی کوڕەکەیانەوە دەڵێن؟



# ئوسامە بنلادن.. لە خوێندکارێکی شەرمنەوە بۆ دامەزراندنی ئەلقاعیدە



دایکی ئوسامە دووجار بۆ بینینی کوڕەکەی چووە قەندەهار

**رووداو- هەولێر**

نزیکەی 17 ساڵ بەسەر هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەردا تێدەپەڕێ و خێزانی ئوسامە بنلادن تاوەکو ئێستاش یەکێک لە کاریگەرترین خێزانەکانی سعودیەن، هەرچەند ناوبانگی کوڕەکەیان باڵی بەسەر هەموو دەستکەوتەکانیاندا کێشاوە.

دایکی ئوسامە بۆ یەکەمجار قایل بووە لەگەڵ رۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی دابنیشێ و باسی ئەو کوڕەی بکات کە بە دامەزرێنەری بیرۆکەی جیهادیزمی سەردەمی مۆدێرن دادەنرێ. عالیە غانم، لەسەر کورسییەک دانیشتووە، لەلای چەپی وێنەیەکی ئوسامە بە جلی سەربازییەوە دانراوە، لەمبەر و لەوبەریشی ئەحمەد و حەسەن بنلادنی کوڕی و محەممەد عەتاسی هاوژینی دووەمی دانیشتوون.

غانم کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی تەمەنیدایە، تاوەکو ئێستاش سەرۆکی پێشووی رێکخراوی قاعیدە بە "کوڕە خۆشەویستەکە"ی خۆی دەزانێ، بۆیەش بە رۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێت: "دووریی ئەو ژیانی لێ سەخت کردبووم، کوڕێکی باش بوو، زۆری خۆشدەویستم".

چەندین پشتی خێزانی بنلادن لە ناوچەی جەددە ژیاون. یەکێک لە دەوڵەمەندترین خێزانەکانی شانشینن. پڕۆژەکانی بیناسازیی ئەو خێزانە دەستی باڵای لە دروستکردنی سعودیەی نوێدا هەبووە و لە دامەزراوە سیاسییەکانی سعودیەشدا دەستڕۆیشتوون، هەرچەند میراتی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی بنلادن باڵی بەسەر خێزانەکەیان و هەموو سعودیەدا کێشاوە.

بەرپرسێکی باڵای سعودی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە حکومەت مۆڵەتی ئەو دیمانەیەی داوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر لەلایەن کەسێکی دوورخراوەوە کراوە نەک کەسێک کە: "دەست و پێوەندی "سعودیە بووبێ. کەم نین ئەوانەی گومان دەکەن بنلادن پەیوەندیی بە حکومەتی ریازەوە هەبووبێ.

> **دایکم تەنیا دیوە باشەکەی ئوسامە دەبینێ**
>
> برایەکی ئوسامە

عالیە غانم، کە بە حەمیدە ئیبراهیم عەتاسیش ناسراوە، ئوسامە بە کەسێکی "شەرمن" و "خوێندکارێکی ئەکادیمیی بەتوانا" وەسف دەکات کە لە تەمەنی 20 ساڵیدا بۆ کەسێکی رادیکاڵ گۆڕا، واتە ئەو کاتەی لە زانکۆی شاعەبدولعەزیز خەریکی خوێندنی ئابووری بوو. عالیە دەڵێ: "ئەو منداڵێکی باش بوو، هەتا ئەو کاتەی هەندێک خەڵکی لە زانکۆ بینی و مێشکیان شۆردەوە.

ئەوان بۆ ئامانجی خۆیان پارەیان کۆدەکردەوە. من هەموو کاتێک پێمدەگوت خۆی لەو کەسانە بەدوور بگرێ. ئەو منی زۆر خۆشدەویست، بۆیە هیچکات باسی نەدەکرد خەریکی چییە".

لەو ساڵانەدا ئوسامە لەگەڵ عەبدوڵڵا یوسف عەزام، ئەندامی ئیخوان موسلیمین، پەیوەندی و دۆستایەتی هەبوو. عەزام کە بە رەچەڵەک فەڵەستینییە و لە دەستەی دامەزرێنەری قاعیدەدا بووە، بە باوکی جیهادی جیهانی ناسراوە و ئوسامە وەکو "باوکی روحی" خۆی مامەڵەی لەگەڵ کردووە، لە کاتێکدا هەر ئەویش ئوسامەی قایل کردبوو بۆ "جیهاد دژی سۆڤیەت" روو لە ئەفغانستان بکات.

کوڕە گەورەکەی عالیە لە سەرەتای هەشتاکاندا رووی لە ئەفغانستان کرد و بەگوتەی حەسەنی برای ئوسامە "سەرەتا هەر کەسێک ئەوی بینیبایە، رێزی لێ دەگرت. ئێمەش شانازیمان پێوە دەکرد، تەنانەت حکومەتی سعودیەش مامەڵەی کەسێکی خانەدانیان لەگەڵ دەکرد. بەڵام دواتر ئوسامە موجاهیدەکە دەرکەوت".

حەسەن کە دایکبرای ئوسامەیە، نازانێ ئەو گۆڕانە گەورەیەی براکەی و هەستی خۆی بەرامبەر ئوسامە چۆن باس بکات، بۆیەش بە رۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێ: "وەکو برای گەورە شانازی پێوە دەکەم، زۆر شت لەوەوە فێربووم. بەڵام وەکو مرۆڤێک شانازی پێوە ناکەم. ئەو بوو بە ئەستێرەیەکی جیهانی، بەڵام بۆچی؟ بۆ هیچ".

بەگوێرەی راپۆرتەکە، عالیە بە وردییەوە گوێی بۆ قسەکانی حەسەن راگرتبوو، کاتێکیش باسەکە هاتەوە سەر قۆناغی گەورەبوونی ئوسامە، جارێکی دیکە بە گوڕوتینەوە هاتەوە ناو گفتوگۆکە و گوتی:

"ئوسامە کەسێکی راشکاو بوو، لە قوتابخانە باش بوو، زۆر حەزی لە خوێندن بوو، هەموو پارەکەشی لە ئەفغانستان خەرج دەکرد، هەندێکجاریش لەژێر ناوی بزنسی خێزانی ئەو کارەی دەکرد. هیچکات بە خەیاڵمدا نەهات ئەو دەبێت بە جیهادی".

عالیە خەڵکی لازقیەی سووریایە، لە خێزانێکی عەلەویدا گەورە بووە و لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا هاتووەتە سعودیە. ئوسامە لە 1957 لەدایکبووە، سێ ساڵ دواتر دایک و باوکی لێک جیابوونەتەوە. دایکی ئوسامە لە سەرەتای شەستەکاندا شوو بە عەتاس دەکات کە ئەوکات کارگێڕی زنجیرە کۆمپانیاکانی بنلادن بوو. محەممەد بن عەواد بنلادن، باوکی ئوسامە، 11 جار ژنی هێناوە و 54 منداڵی هەبووە.

کاتێک عالیە غانم دانیشتنەکەی جێهێشت، ئەحمەد گوتی: "17 ساڵ تێپەڕیوە و کەچی ئەو هەر نایەوێ ئەو راستییە لەبارەی ئوسامەوە قەبووڵ بکات، ئەو نایەوێ لۆمەی ئوسامە بکات، بەڵکو بەردەوام تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی دەوروبەرەکەی. ئەو تەنیا دیوە باشەکەی کوڕەکەی دەبینێ، بەڵام هیچکات دیوە جیهادییەکەی لەبەرچاو ناگرێ".

هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001 بە رووداوی سەدە ناودەبردرێن، ئەو هێرشانە کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر نەزمی جیهانی و زۆر گۆڕانکاری ئێستای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دانا کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەو هێرشانەوە هەیە. ئەحمەد لەبارەی یەکەم کاردانەوەی خۆیان بەرامبەر بەو هێرشانە دەڵێ: "هەمووومان پەشۆکابووین، هەستێکی سەیرمان هەبوو، ئێمە هەر لە 48 کاژێری یەکەمی دوای هێرشەکانەوە زانیمان ئوسامە لە پشت هێرشەکەوەیە. هەمووومان، بە گەنج و پیرەوە، هەستمان بە شەرمەزاری دەکرد و دەمانزانی ئاکامی زۆر ناخۆشی بۆ ئێمە دەبێ. هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان لە دەرەوە گەڕانەوە سعودیە".

> **مێشکی کوڕەکەمیان شۆردبووەوە**
>
> دایکی بنلادن

نزیکەی دوو دەیە بەسەر رووداوەکانی واشنتن و نیویۆرکدا تێدەپەڕێ، ئێستا خێزانی بنلادن تاڕادەیەک ئازادانەتر گەشت دەکەن، بەڵام بە گوتەی ئەحمەد "سەرەتا لە سعودیە قەدەغەی گەشتمان لەسەر دانرا و ئەوەندەی بۆیان کرا چاودێریی خێزانەکەیان کردین". ئەمە جگە لەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر هەموو ئەندامانی خێزانەکە لێپرسینەوەیان لێدەکرا.

حکومەتی سعودیە چەندینجار هەوڵی گەڕاندنەوەی بنلادنی دا، دوو جاریان لەلایەن تورکی بن فەیسەڵ، شازادەی سعودیەوە بوو. یەکەمجار لە ساڵی 1996 بوو، کاتێک شازادە سعودیەکە لەگەڵ مەلا عومەر، سەرکردەی ئەوکاتی تاڵیبان کۆببووەوە. دووەمجاریش لە 1998 کاتێک مەلا عومەر بە راشکاوانەتر لە جاری پێشوو گوتبووی "چۆن لێپرسینەوە لە پیاوێک دەکەن کە هەموو ژیانی خۆی بۆ یارمەتیدانی موسڵمانان تەرخان کردووە".

ساڵێک دواتر عالیە بۆ دوایینجار لە ناوچەی قەندەهار دوو کەڕەت چاوی بە کوڕەکەی کەوت. عالیە سەبارەت بە سەردانەکەی خۆی بە (گاردیەن) دەڵێ: "شوێنەکەی لەنزیک ئەو فڕۆکەخانەیە بوو کە لە رووسەکانیان وەرگرتەوە. زۆر دڵخۆش بوو بەوەی پێشوازیمان لێدەکات، هەموو رۆژێک بە ناوچەکەدا دەیگێڕاین. ئاژەڵێکی بۆ سەربڕین و جەژنێکمان رێکخست".

لە مانگی ئایاری 2017دا تۆمارێکی دەنگیی حەمزەی کوڕی ئوسامە بنلادن بڵاوبووەوە کە تێیدا داوا دەکات قاعیدە "جوولەکان" و "خاچپەرستەکان" بکەنە ئامانج. گومان دەکرێ حەمزە سەرکردەی داهاتووی ئەو رێکخراوە بێت کە ناوەکەی بەناوی باوکییەوە گرێدراوە. بەڵام کەسوکارەکەی لە جەددە سەر رادەوەشێنن و حەسەنی مامی دەڵێت: "ئەگەر حەمزە ئێستا لام بووایە، پێمدەگوت خوا هیدایەتت بدات، باش بیر لەو شتە بکەوە کە دەیکەیت و بەو رێگایەدا مەڕۆ کە باوکت پێیدا رۆیشت".

### تیلەرسن رێی لێگرت و لە کارەکەی لادرا

# سعودیە پلانی بۆ هێرشکردنە سەر قەتەر داڕشتبوو

**رووداو- هەولێر**

لە هاوینی 2017 سعودیە و ئیمارات پلانێکی بەرفراوانی هێرشی سەربازییان بۆ سەر قەتەر دارشتبوو. وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا رۆڵی سەرەکی لە هەڵوەشاندنەوەی پلانەکەدا هەبوو، بەڵام هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی چەند مانگێک دواتر لەسەر کار لابدرێ.

چەند مانگێک دوای لە کار لادانی رێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا، سەرچاوە میدیاییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە ئیماراتی عەرەبی و سعودیە زۆرترین لۆبییان کردووە بۆ ئەوەی تیلەرسن لە پۆستەکەی لابدرێ، لە کاتێکدا هەردوو وڵاتەکە ئەویان بە هۆکاری شکستی پلانەکەیان دەزانی. راپۆرتێکی مانگی حوزەیرانی رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ئاشکرای دەکات کە: "یوسف عوتەیبە، باڵیۆزی ئیمارات لە ئەمریکا، سێ مانگ پێشتر ئاگاداری ئەوە بوو کە تیلەرسن لەسەر کار لادەدرێ و مایک پۆمپیۆ (وەزیری دەرەوەی ئێستای ئەمریکا) شوێنی دەگرێتەوە".

قەیرانی دیپلۆماتیک و بازرگانیی کەنداو لە ناوەڕاستی ساڵی رابردووەوە دەستیپێکرد، لە ئاکامیشدا سعودیە، میسر، بەحرەین و ئیماراتی عەرەبی پەیوەندییان لەگەڵ قەتەر پچڕاند و سنووره ئاسمانی، وشکانی و دەریاییەکانی خۆیان بەرووی ئەو وڵاتەدا داخست. ئەو کات تیلەرسن زانیبووی سعودیە و ئیمارات بەنیازی هێرشی سەربازین بۆ سەر قەتەر، بۆیەش لە کۆمەڵێک پەیوەندیی تەلەفۆنیدا داوای لەو دوو وڵاتە کردبوو خۆیان لە هەنگاوی لەو جۆرە دوور بگرن.

بەرپرسێکی هەواڵگریی ئەمریکا و دوو کاربەدەستی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ ماڵپەڕی (ئینتەرسێپت)ی ئەمریکییان ئاشکرا کردووە کە تیلەرسن داوای لە شای سعودیە، شازادەی جێنشین و وەزیری دەرەوەی ریاز کردووە بەهەموو شێوەیەک خۆیان لەو هەڵمەتە سەربازییە دووربگرن، ئەگینا دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێ. وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا داوای لە جەیمز مەتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا کردبوو لەگەڵ هاوتا سعودیەکەی قسە بکات و مەترسییەکانی ئەو دەستدرێژییە سەربازییەیان بۆ روون بکاتەوە.

نزیکەی 10 هەزار سەرباز، راوێژکاری سەربازی و بارەگای دەرەکیی فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا لە بنکەی ئاسمانی ئەلعودەید لە نزیک دوحە جێگیرن، هەر چەشنە هێرشێکی سەربازیی سعودیە و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر قەتەر کێشەی گەورەی بۆ ئاسایشی ئەو هێزانە دروست دەکرد.

گوشارەکانی تیلەرسن بووە هۆی پاشگەزکردنەوەی محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعودیە کە دەترسا ئەو هێرشە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و سعودیە ئاڵۆز بکات. چەند هەفتەیەک دوای قەیرانەکە محەممەد بن سەلمان پلەکەی لە شازادەوە بۆ شازادەی جێنشین بەرزبووەوە. بەڵام بە گوێرەی بەرپرسێکی هەواڵگری ئەمریکی و سەرچاوەیەکی نزیک لە خێزانی شاهانەی ئیمارات، محەممەد بن زاید، شازادەی جێنشینی ئەبوزەبی بە هەوڵەکانی تیلەرسن دڵگران بووە.

بەپێی راپۆرتەکە، هەواڵگری قەتەر لە سەرەتای هاوینی پارساڵ بە پلانەکەی زانیبوو و یەکسەر ئەمریکای ئاگادار کردبووەوە. پلانەکە هێرشی هێزی پیادەی سعودیە و ئیمارات هەتا قووڵایی 110 کیلۆمەتر بەناو خاکی قەتەر و داگیرکردنی دەوحەی لەخۆدەگرت، بەڵام هەوڵەکانی تیلەرسن رێگەی لە جێبەجێکردنی گرت. (ئینتەرسێپت) ئاشکرای دەکات ئەگەر هەوڵەکانی تیلەرسن نەبووایە، چەند هەفتەیەک دواتر پلانەکە جێبەجێ دەکرا.

رۆبێرت ماڵی، سەرۆکی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەرپرسانی قەتەر لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا بەردەوام رایانگەیاندووە کە سعودیە و ئیمارات پلانی هێرش بۆ سەر قەتەریان هەبوو، بەڵام دەستتێوەردانی ئەمریکا هەموو شتەکانی راگرت.

لە مانگی حوزەیرانی 2017، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند "زیاتر لە 20 پەیوەندیی تەلەفۆنیمان لەگەڵ لایەنەکانی کەنداو و نێوەندگیرەکان هەبوو"، بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بەو هەڕەشە سەربازییە بکەن کە لەسەر قەتەر هەبووە. تیلەرسن پێش وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەڕێوەبەری گشتیی و جێبەجێکاری کۆمپانیای زەبەلاحی ئێکسۆن مۆبیل بوو، هەر بۆیەش ناسیاوییەکی باشی لەگەڵی بەرپرسانی هەردوو لای کێشەکەدا هەبوو.

تیلەرسن لە هەفتەکانی یەکەمی دەستبەکاربوونییەوە دەیزانی مەلەفی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەتەواوەتی رادەستی وەزارەتەکەی نەکراوە و بەشێکی زۆری پەیوەندییەکانی نێوان کۆشکی سپی و وڵاتانی کەنداو لە رێگەی جارد کۆشنەر، زاوا و راوێژکاری سەرۆکی ئەمریکاوە دەکرێن. راپۆرتێکی شوباتی 2017ی گۆڤاری (پۆلیتیکۆ)ی ئەمریکی ئاشکرای کردبوو کۆشنەر پەیوەندییەکی بەردەوامی لەگەڵ ئەلعوتەیبەدا هەبووە.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (ئینتەرسێپت) بەرپرسانی سعودیە و ئیمارات پێیان باش بوو کێشەکانی خۆیان لە رێگەی کۆشنەرەوە بە کۆشکی سپی بگەیەنن، نەک ئەوەی پشت بە دامەزراوە دیپلۆماسی، سەربازی و هەواڵگرییەکانی ئەمریکا ببەستن.

ژمارەیەک لە شارەزایان پێیانوایە پاڵنەری پلانی هێرشی سەربازی بۆ سەر قەتەر تەنیا سیاسی نەبووە، بەڵکو سعودییەکان چاویان لە سندوقەی یەدەکی نیشتمانیی قەتەریش بوو، کە زیاتر لە 320 ملیار دۆلاری تێدایە. سعودیە کە بەشی زۆری ئابوورییەکەی لەسەر هەناردەکردنی نەوتە، بە قۆناغێکی سەختی ئابووریدا تێدەپەڕێ. لە ماوەی سێ ساڵی دەسەڵاتی شا سەلماندا، یەک لەسەر سێی پارەی یەدەکی نیشتمانیی سعودیە خەرجکراوە، کە بەشێکی بۆ دابەزینی بەرچاوی نرخەکانی نەوت و بەشێکی دیکەشی بۆ بەرزبوونەوەی خەرجییەکانی شەڕی دژی حووسییەکانی یەمەن دەگەڕێتەوە.

جیا لەمە سعودیە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی رۆئیای 2030 و گۆڕینی سیستەم و سەرچاوە ئابوورییەکانی سعودیە پێویستی بە دەیان ملیار دۆلارە. چەند مانگێک دوای شکستهێنانی پلانی هێرشە سەربازییەکان بۆ سەر قەتەر، حکومەتی سعودیە دەیان بەرپرس و ئەندامی خێزانی شاهانەی سعودیەی دەستگیرکرد، هەندێک سەرچاوەی ئاگاداری سعوودی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەو هەڵمەتە 100 ملیار دۆلاری بۆ ناو خەزێنەکانی حکومەت گەڕاندووەتەوە.

دوو سەرچاوەی نزیک لە خێزانی شاهانەی سعودیە و ئیمارات بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکەیان راگەیاندووە لە پاییزی 2017ەوە بن سەلمان و بن زاید لۆبیکردن بۆ لادانی تیلەرسن لەسەر کورسی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایان دەستپێکرد. رێکس تیلەرسن لە رۆژی 13ی ئاداری ئەمساڵ لەسەرکار لادرا و سەرچاوەیەکی ئاگاداریش ئاشکرای دەکات کاتی لەسەر کارلادانی تیلەرسن زۆر پەیوەندی بە سەردانەکەی 19ی ئاداری محەممەد بن سەلمان بۆ ئەمریکا هەبوو کە ماوەی یەک مانگی خایاند. گرێبەستەکانی کڕینی چەکی لە ئەمریکا و قەیرانی دیپلۆماسی و بازرگانیی کەنداو تەوەری سەرەکی سەردانەکە بوو.



سعودیە چاوی بڕیبووە خەزێنەکەی قەتەر کە 320 ملیار دۆلاری تێدایە

ناوەندێکی ئیسرائیلی:

# 200 هەزار چەکدار لە سووریا لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندان


راپۆرتە ئیسرائیلییەکە دەڵێت لە ساڵی 2012 وە تاوەکو ئێستا هەر ئێران ئەکتەری باڵادەستی سووریا بووە نەک رووسیا

رووداو- هەولێر

ئیسرائیل لە دوو مانگی رابردوودا قایل بووە بەوەی کێشە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی حکومەتی سووریا لە پارێزگاکانی باشوور دروست نەکات. گومان دەکرێ ئیسرائیل دڵنیایی لە رووسیا و سووریا وەرگرتبێ کە میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە بەرزاییەکانی جۆلان دوور رابگیرێن، پێشدەچێ ئیسرائیل گەیشتبێتە ئەو بڕوایەی هێزەکانی سەر بە تاران ناتوانن هیچ هەڕەشەیەکی جدی لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی ئەو وڵاتە دروست بکەن. بەڵام ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی ئیسرائیلی هەردوو بۆچوونەکە رەتدەکاتەوە.

پەیمانگای لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی نیشتمانیی تەلەڤیف (INSS) لە دوایین راپۆرتی خۆیدا دەڵێت: "فەرماندە ئێرانییەکان و چەکدارە شیعەکان، بەجۆرێ لەناو هێزە لۆکاڵییەکانی سووریادا ئاوێتە بوون کە ئەستەمە رووسەکان و حکومەتی سووریا بیانەوێ یان بتوانن رێگە لە ئامادەگیی ئێران لەسەر خاکی سووریا بگرن". بەشێک لەمەش بۆ بەشداریی قووڵ و فرەلایەنی ئێران لە شەڕی نێوخۆی سووریادا دەگەڕێتەوە.

ئێران لە ساڵی 2012ەوە بەشێوەیەکی کارا لە شەڕی نێوخۆی سووریادا بەشدارە، ئامانج لەوەش هێشتنەوەی ئەسەد و قایمکردنی پێگەی تاران بووە لە سووریا. راپۆرتەکە ئەم جۆرە بەشدارییە بە "مۆدێلی ئێرانی" ناودەبات کە تێیدا ئێران "پشت بە دروستکردنی کۆمەڵێک هێزی ژێر فەرمانی خۆی دەبەستێ".

راپۆرتەکە لە رێگەی بەدواداچوون و دیمانەی چالاکڤانە سوننەکانی سووریاوە ئامادەکراوە و زۆربەیان بڕوایان وایە کە لە ساڵی 2012 وە تاوەکو ئێستا "ئێران ئەکتەری باڵادەستی سووریایە، نەک رووسیا". چونکە لە شەڕە مەیدانییەکاندا "قسەی ئێران دەیخوات" و بەڕاوێژ لەگەڵ رووسیا و سووریا ریتمی شەڕەکان دیاری دەکات.

پەیمانگە ئیسرائیلییەکە تیشک دەخاتە سەر رۆڵی کارای ئێران لە کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆن. لە ئۆپەراسیۆنەکاندا راوێژکارە ئێرانییەکان لە ناوچەکە دەکۆڵنەوە، ئەگەرەکانی سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکە هەڵدەسەنگێنن، دواتر لەگەڵ فەرماندە و راوێژکارە رووسەکان کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی هێرشە وشکانی و ئاسمانییەکان رێکبخەن. پاشان بۆ ئامانجی گەمارۆدان هێز رەوانەی ناوچەکە دەکرێ و هاوکاتیش هێرشی ئاسمانیی هێزە رووسی و سوورییەکان بۆ سەر ناوچەکە دەستپێدەکات. دوایین قۆناغیش هێرشی هێزەکانی پیادەیە کە

> **ئامانجی داهاتووی ئێران ناوچە کوردییەکانی سووریایە**

لەگەڵ دەستپێکردنیاندا دانوستاندنی رووسەکان لەگەڵ سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەناوچەکە دەستپێدەکات.

### تەوەرە سەرەکییەکانی "مۆدێلی ئێرانی"

بەگوێرەی راپۆرتەکە، میتۆد یان مۆدێلی کارکردنی ئێران لە سووریا پێویستی بە کۆمەڵێک تەوەرە بۆ ئەوەی هەم بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا، لەسەر کورسی دەسەڵات بهێڵێتەوە و هەم نفووزی جوگرافیایی و سەربازیی ئێران لە سووریا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بپارێزێ.

تەوەری یەکەمیان مسۆگەرکردنی "بڕبڕەی پشتی سووریا"یە کە شارە سەرەکییەکانی ناوەڕاست و باکووری سووریا دەگرێتەوە. ئامادەکارانی راپۆرتەکە پێیانوایە مەرجی بنەڕەتیی سەرکەوتن لە سووریا بریتییە لە مسۆگەرکردنی کۆنترۆڵی ئەو بڕبڕەیە کە لە درعاوە بەناو شار و پارێزگاکانی ناوەڕاستدا دەڕوات و هەتا حەلەب و لازقییە درێژ دەبێتەوە.

تەوەری دووەمیان کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکانە، بۆ ئەوەی لە ئێرانەوە هەتا دەریای نێوەڕاست ناوچەیەکی یەکدەست لەژێر چاودێریی ئێراندا بێت. راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە، ئێرانییەکان لە ناوچە سنوورییە ئاسانەکانەوە دەستیان پێکردووە و بەرەبەرە روویان لە ناوچە سەختەکانی وەکو دەوروبەری دیمەشق و باشووری سووریا کردووە. ئامانجی دواتری ئێرانیش زۆنی کوردیی سووریا و پارێزگای ئیدلیب دەبێ کە یەکەمیان ناوچەیەکی سنووریی زۆری نێوان عێراق و سووریا پێکەوە دەبەستێتەوە و ئەوەی دووەمیان تاکە بنکەی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننەی سووریایە.

سێیەم تەوەر لۆجیستیکە، کە پاراستنی بۆ ئێران و ئامانجە درێژخایەنەکانی لە سووریا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گرنگە. پەیمانگە ئیسرائیلییەکە ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو رێڕەوە لە ئێرانەوە بۆ سووریا و لەوێشەوە بۆ لوبنان بە عێراقدا تێدەپەڕێ و پاراستنی ئەو رێڕەوەش بۆ گواستنەوەی چەکدار، چەک و پێداویستی زەروورییە.

دوایین تەوەر کە هەوڵەکانی ئێرانی لەسەر دەسووڕێتەوە، بریتییە لە تەوەری بازرگانی، بۆ ئەم مەبەستەش ئێران پشت بە هێڵی "بڕبڕەی پشتی سووریا" دەبەستێت کە لە سنوورەکانی تورکیاوە بۆ سنوورەکانی ئوردن لە باشوور و لەوێشەوە بۆ سنوورەکانی وڵاتانی کەنداو درێژ دەبێتەوە. بەگوێرەی راپۆرتەکە ئەم تەوەرە بۆ ئێران گرنگە، لەبەر ئەوەی باری سەرشانی تاران بۆ ئاوەدانکردنەوەی سووریا سووک دەکات.

### پێکهاتەی هێزەکانی سەر بە ئێران

راپۆرتەکەی (INSS) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئێران لە رێگەی کۆمەڵێک هێزی جیاجیاوە پەرە بە نفوزی خۆی لە سووریا دەدات. یەکێک لەو هێزانەش سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانە کە ژمارەیان بەپێی گۆڕانکارییەکانی مەیدانی شەڕی نێوخۆی سووریا لە 2000 کەسەوە بۆ 5000 کەس گۆڕاوە. بەگوێرەی راپۆرتەکە، ئەو هێزانە لە قۆناغی یەکەمدا ئەرکی بەرگریکردن لە رژێمی ئەسەد و دامەزراوەکانی هەبوو، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی شەڕەکە لە قازانجی رژێم، ئەرکی ئەو هێزانەش لە بەرگرییەوە بۆ هێرشکردنە سەر جومگەکانی دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆن گۆڕا.

دووەم هێزیان "هێزەکانی بەرگریی نیشتمانیی سووریا"یە، لە ساڵانی سەرەتای شەڕی نێوخۆی سووریا بە هاریکاری و راوێژی ئێران دامەزراوە و هاوتایە لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراق و حیزبوڵڵای لوبنان. ئەو هێزە، کە گومان دەکرێ 90 هەزار چەکداری هەبێ، بەشێوەیەکی سەرەکی لە خۆبەخشە عەلەوی و شیعەکان پێکدێ، بەڵام خەڵکی ناوچەکانی دیکەشی تێدایە.

"هێزەکانی بەرگریی لۆکاڵی" یەکێکی دیکە لەو هێزانەن کە بە دەستپێشخەریی ئێران دامەزراون. ئەو هێزە لە پۆلیس و چەکدارە ئەمنییەکان پێکدێ و ژمارەیان نزیکەی 50 هەزار چەکدار دەبێت. پەیمانگە ئیسرائیلییەکە دەڵێت فەرماندەکانی حیزبوڵڵای لوبنان و ئێران لەناو ئەو هێزانەدا جێی خۆیان کردووەتەوە.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، ئێران پشت بە میلیشیا شیعەکانی پاکستان (فیرقەی زەینەبیوون) و ئەفغانستان (لیوای فاتمیوون) دەبەستێ. گومان دەکرێ ژمارەی ئەو میلیشیایانە لە نێوان 10 بۆ 15 هەزار چەکدار بێ. ئێران، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ حکومەتی سووریا، هانی ئەو چەکدارانەی داوە بە خێزانەکانیانەوە کۆچ بکەنە سووریا و لەوێ ئاوێتەی کۆمەڵگای سووری ببن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان ئەو چەکدارانە نەگرێتەوە. ئەو چەکدارانە و خێزانەکانیان لەو گەڕەک و ناوچانە نیشتەجێ دەکرێن کە خەڵکی سوننەی ناوچەکە چۆڵیان کردوون، لەم رێگەیەشەوە شوناس و ژمارەی شیعە لە سووریا بەرز دەکرێتەوە.

میلیشیا شیعەکانی عێراق و لوبنان لە سووریا رۆڵێ هێرشی خێرایان پێدراوە، ئەو میلیشیایانە هێزی وەکو عەسایبی ئەهلی حەق، بزووتنەوەی حیزبوڵڵا ئەلنوجەبا، لیوای زولفەقار، لیوای ئەبولفەزلی عەبباس و یەکەکانی رەزوانی حیزبوڵڵا و ژمارەیەک میلیشیای بچووکتر لەخۆدەگرێ. لە گەرمەی هێرشەکانی حکومەتی سووریا بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆن، ژمارەی ئەو هێزانە نزیکەی 30 هەزار چەکدار بووە. جیاوازیی ئەو میلیشیایانە لەگەڵ ئەفغانی و پاکستانییەکان ئەوەیە لەگەڵ تەواوبوونی ئەرکە سەربازییەکەیان دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

حیزبوڵڵای لوبنان یەکێک لە گەورەترین یارمەتیدەرانی ئێران بۆ شەڕی سووریا بووە، کە ژمارەیان لە شەڕەکەدا لە نێوان 4000 بۆ 9000 چەکدار بووە. ئەوانیش لە قۆناغی یەکەمی شەڕەکەدا ئەرکی پاراستنی دەسەڵات و دامەزراوەکانی رژێمی سووریایان لە ئەستۆ بوو. بەڵام دواتر ئەرکی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی شارە گەورەکانی سووریا (لەوانەش حەلەب) و راهێنانی میلیشیا شیعەکانی پێ سپێردرا.

ژمارەیەک لەو چەکدارە شیعانەی لە شەڕی نێوخۆی سووریادا هاوکاریی ئەسەد دەکەن، سەر بە هیچ میلیشیا و گرووپێکی چەکداری نین و لە شەڕەکەدا یارمەتی لۆجستیکی و سەربازی پێشکەش بە ئەسەد دەکەن. ئەو چەکدارانە پشتیوانی دارایی لە ئێران وەردەگرن و هاوشێوەی چەکدارانی میلیشیا عێراقییەکان و حیزبوڵڵا دوای تەواوبوونی ئەرکەکەیان دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

# سزاکانی ئەمریکا تورکیا ملکەچ دەکەن؟


تورکیا قەشە جۆنسۆن بەوە تۆمەتبار دەکات کە کوردەکان دەکاتە مەسیحی

رووداو- هەولێر

سەرەتای ئەم مانگە ئیدارەی ئەمریکا بەهۆی بەندکردنی قەشەیەکی ئەمریکی، ژمارەیەک سزای سەپاندە سەر دوو بەرپرسی باڵای حکومەتی تورکیا. هەرچەندە سزاکان سیمبۆلیکن، بەڵام کاریگەریی گەورەیان لەسەر بەهای لیرەی تورکی داناوە و گرژییەکی نوێیان لە پەیوەندی دوو هاوپەیمانی ناتۆدا دروستکرد. ئەمریکا ئەو قەشەیە و سێ هاووڵاتی دیکەی ئەمریکی بە "بارمتە" ناودەبات، کە تورکیا بۆ وەرگرتنی خاڵ لە کێشەکانی دیکەی نێوان هەردوو وڵاتدا بەکاریان دەهێنێ، تورکیاش تۆمەتباریان دەکات بەوەی دەستیان لە هەوڵی کودێتای تەمووزی 2016دا هەبووە و کوردی ئەو وڵاتە دەکەنە مەسیحی.

رۆژی هەینی وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا و تورکیا لە سینگاپوور کۆبوونەوە، بەڵام لەدوای کۆبوونەوەکە تاکە بەڵێنێک کە دایان، ئەوە بوو هەردوولا رێککەوتوون لەسەر ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەن، بەبێ ئەوەی وردەکاریی زیاتر لەسەر میکانیزمەکانی چارەسەر بخەنەڕوو.

کۆبوونەوەکە دوای ئەوە هات کە رۆژی چوارشەممە وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا رایگەیاند، خەریکی ئامادەکارین بۆ ئەوەی سزا بەسەر عەبدولحەمید گول، وەزیری داد و سولەیمان سویلو، وەزیری نێوخۆی تورکیادا بسەپێنن. حکومەتی ئەمریکا هەردوو بەرپرسەکە تۆمەتبار دەکات بەوەی دەستیان هەبووە لە دەستگیرکردنی قەشە ئەندرۆ برونسن کە ماوەی دوو دەیەیە لە تورکیا کار دەکات و لە 2016 دەستگیر کرا. بەپێی بڕیارەکەی وەزارەتی گەنجینە کە بە فەرمانی سەرۆکی ئەمریکا دەرکراوە، هەموو موڵک و ماڵی ئەو دوو وەزیرە تورکە لە ئەمریکا سڕ دەکرێن و مامەڵەی ئابووریش لەگەڵیان قەدەغە دەکرێ.

بۆچی کێشەکان گەیشتنە ئەم خاڵە؟

تاوەکو سەرەتای هەفتەی رابردووش، ئەمریکییەکان پێیانوابوو توانیویانە لەگەڵ حکومەتی تورکیا رێکبکەون و برونسن رەوانەی ماڵەوە بکەنەوە. ژمارەیەک بەرپرسی ئەمریکا و تورکیا بە ئاژانسی (بلومبێرگ)ی ئەمریکییان راگەیاندووە بەرپرسانی واشنتن قایل بوون بەوەی لە بەرامبەر ئازادکردنی برونسن سزای سووکتر بۆ هاڵک بانک دابنێن و محەممەد هاکان ئاتیلا، بەڕێوەبەری بانکەکە رەوانەی تورکیا بکەنەوە بۆ ئەوەی ماوەی بەندییەکەی لەوێ تەواو بکات.

ئاژانسە ئەمریکییەکە ئاشکراشی کردووە کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، بۆ شیرینکردنی دەمی تورکەکان لەگەڵ بنیامین نتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل قسەی کردووە و داوای ئازادکردنی ئیبرۆ ئۆزکانی لێکردووە کە لەلایەن حکومەتی ئیسرائیلەوە تۆمەتی هاوکاریکردنی بزووتنەوەی حەماسی درابووە پاڵ.

ئۆزکان رۆژی 16ی تەمووزی رابردوو ئازادکرا، بەرپرسانی واشنتن چاوەڕێیان دەکرد لایەنی تورکیش بەڵێنەکانی خۆی بەرێتەسەر و لە رۆژی 18ی تەمووزدا برونسن ئازاد و دیپۆرتی ئەمریکا بکات. سەرچاوەکان لەناو حکومەتی تورکیا و ئەمریکا بە (بلومبێرگ)یان راگەیاندووە ئەنقەرە لەدوایین ساتەکاندا هەڵوێستی خۆی گۆڕی و مەولود چاوشئۆغلۆ داوای کردبوو کەیسی هاڵک بانک بەتەواوەتی دابخرێ، بەمەش رێککەوتنە نهێنییەکەی ئەمریکا و تورکیا هەڵوەشایەوە، بەبێ ئەوەی ئەمریکا هیچی دەستکەوتبێ.

ئیدارەی کۆشکی سپی لە رێگەی کەسێکی نزیک لە رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیاوە هەوڵی رێککەوتن لەگەڵ ئەنقەرەی داوە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە ئەمریکییەکان دڵنیا نەبوون لەوەی لایەنی تورکی بەباشی لە ئاکامەکانی سزای ئەمریکا لەسەر ئابووریی تورکیا تێبگەن.

هاڵک بانک یەکێک لە بانکە حکومییە گەورەکانی حکومەتی تورکیایە، کە لە ساڵی 1933 دامەزراوە و ئێستا بەشێکی گەورە لە ناکۆکییەکانی ئەمریکا و تورکیا لەخۆدەگرێ. ئەو بانکە تورکییە تۆمەتبارە بەوەی لە نێوان ئاداری 2012 بۆ تەمووزی 2013 (واتە ئەو کاتەی سزا نێودەوڵەتییە ئەتۆمییەکان لەسەر ئێران بوون) بایی 13 ملیار دۆلار زێڕی لە ئێران کڕیوە.

سزا ئەتۆمییەکان رێگەیان بە ئێران نەدەدا دۆلار و یۆرۆ لە گرێبەستە نەوتییەکاندا بەکاربهێنێ، بەڵام لە دۆکیۆمێنتی سزاکاندا هیچ ئاماژەیەک بە زێڕ نەکرابوو. ئیدارەی پێشووی ئەمریکا لەو هەنگاوەی هاڵک بانک خۆشببوو، بەڵام لە ئاداری 2017، ئاتیلا لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکرا.

بەرپرسانی بانکەکانی تورکیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی ئەنقەرە، بۆیان دەرکەتووە هەڕەشەی سزاکان لای بەرپرسانی حکومەت زۆر بە جیدی وەرنەگیراوە، هەرچەندە ئابووریی تورکیا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە داوای بیانی دەبەستێ.

> **راوێژکاری کۆمپانیایەکی هەواڵگری:**
> **واقیعی ئابووریی تورکیا ئەردۆغان لە هەڵوێستەکانی بەرامبەر ئەمریکا پەشیمان دەکاتەوە**

کێشەی ئەم چەند رۆژەی دوایی تورکیا بەشێکە لە زنجیرەیەک کێشەی گەورەتر کە لە چەند ساڵی رابردوودا باڵی بەسەر پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکانی هەردوو وڵاتدا کێشاوە. لە چوار ساڵی رابردوودا تورکیا و ئەمریکا دوو روانگەی تەواو جیاوازیان بەرامبەر سووریا (بەتایبەت رۆژهەڵات و باکووری سووریا) هەبووە کە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزە کوردییەکاندایە.

لەلایەکی دیکەوە ئەنقەرە پێیوایە کاردانەوەی واشنتن بەرامبەر بە هەوڵی کودێتای 2016 دۆستانە نەبووە، نموونەی ئەمەش پەنادانی فەتحوڵڵا گولەن، سەرۆکی بزووتنەوەی خزمەتە. کە تورکیا پێیوایە دەستی لە هەوڵی رووخاندنی دەسەڵاتی ئەردۆغاندا هەبووە. ئەمریکا لە دوو ساڵی رابردوودا داوای تورکیا بۆ رادەستکردنەوەی گولەن رەتکردووەتەوە.

لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە گوتاری دژە- رۆژئاوا و دژە- ئەمریکی ئاکپارتی و هەوادارانی و نزیکبوونەوەی زیاتری ئەنقەرە لە مۆسکۆ دێت کە هەم زیانی گەورە بە پەیوەندییە سەربازییەکانی تورکیا و ئەمریکا دەگەیەنێ و هەم پێگەی تورکیا لە ناتۆ لاواز دەکات کە بە پەرژینی رۆژهەڵاتی ناتۆ لەقەڵەم دەدرێ و هەمیش تاکە ئەندامی هاوپەیمانێتییەکەیە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

چاوشئۆغلو دوای کۆبوونەوە لەگەڵ هاوتا ئەمریکییەکەی خۆی لە سینگاپوور بە پەیامنێرانی راگەیاند "هەر لە سەرەتاوە گوتوومانە کە زمانی هەڕەشەئامێزی لایەنی بەرامبەر و سزاکانیان هیچ ئاکامێکی لێناکەوێتەوە. ئەمڕۆش هەمان قسە دووبارە دەکەینەوە". ڤۆلفگانگۆ پیکۆلی، راوێژکاری کۆمپانیای هەواڵگری و زانیاریی تێنیۆ، پێیوایە ئەردۆغان لە کورتخایەندا دەتوانێ سزاکان بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لەدەوری دروشمەکانی خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام "واقیعی ئابووریی تورکیا لە داهاتوویەکی نزیکدا دەردەکەوێ و ئەردۆغان ناچار دەکات لەو هەڵوێستە توندەی خۆی پاشگەزببێتەوە".



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کەرکووک و قۆناغێکی تری داگیرکاری

لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە هەر رۆژە و هەواڵێکی جیاواز لە کەرکووکەوە دەبیستین. لە کوشتن و رفاندنی خەڵک، لە هێنانی عەرەب بۆ کەرکووک و نیشتەجێکردنیان، لە گۆڕین یان لابردنی بەڕێوەبەری کورد و دانانی عەرەب و تورکمان لە شوێنیان. تازەترین بابەتیش کە ترسێکی زیاتری لای کوردی ئەو شارە دروستکردووە، هەندێ رێکاری ئیداریی پارێزگای کەرکووک و وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقە لەبارەی وەرگرتنەوەی ئەو زەویوزارە کشتوکاڵییانەی بەدەست جووتیارە کوردەکانەوەن و لە دوای کەوتنی سەدامەوە گەڕاونەتەوە ناوچەکانیان و گەڕاندنەوەی بۆ ئەو عەرەبە هاوردانەی کاتی خۆی سەدام وەک مەکرەمە بە بڕیاری (مەجلیسی قیادەی سەورە) پێشکەشی کردبوون.

ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی دەوروبەری کەرکووک کە خاوەندارێتیان بۆ کورد و تورکمان دەگەڕێتەوە، لە ساڵی 1975 وە بە چەند قۆناغێک تا ساڵی 1995 لەلایەن بەعس و بە بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورە بە بیانووی جیاجیا لە خاوەنەکانیان زەوتکراوە، بەم شێوەیە:

بە بڕیاری ژمارە 369 لە 1975/3/31 رووبەری 131555 دۆنم زەوی.

بەبڕیاری ژمارە 824 لە 1976/7/28 رووبەری 38218 دۆنم زەوی.

بەبڕیاری ژمارە 949 لە 1977/8/23 رووبەری 123391 دۆنم زەوی.

بەبڕیاری ژمارە 931 لە ساڵی 1995 رووبەری 900000 دۆنم زەوی.

کۆی رووبەری ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە یەک ملیۆن و سەت و نەوەت و سێ هەزار و سەت و شەست و چوار دۆنم زەوییە و دواتر لە چوارچێوەی پرۆسەی تەعریبدا بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبە هاوردەکان تەرخان کراون. بەشێکی زۆری ئەو زەوییانە کەوتوونەتە سنووری گوندەکانی کورد و تورکمان لە چواردەوری کەرکووک، لە سەردەمی بەعس خەڵکەکەی راگوێزران و زەوییەکانیان درایە ئەو عەرەبە هاوردانەی لە شوێنی ئەوان نیشتەجێ دەکران.

دوای کەوتنی سەدام لە چوارچێوەی رێکارە دەستوورییەکانی مادەی 140 کورد گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان و عەرەبە هاوردەکانیش بە هەمان رێکار قەرەبوو کراون و دەبوو بچنەوە شوێنی پێشوویان، بەڵام هەڵەی کورد لەوەدا بوو قبوڵی کرد ئەوانە زۆربەیان لە ناوچەکانی کەرکووک بمێننەوە و لە دەرفەتێکی وەک ئەو گۆڕانکاریانەی لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر هاتە ئاراوە، بکەونەوە گێچەڵکردن بە دانیشتووانی کورد تا جارێکی تر دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا بگرن. ماوەیەک لەرێگەی بەکارهێنانی چەکدارە پەرتەوازەکانی داعشەوە مەترسییەکی زۆریان بۆ ژیانی کورد لەو گوندانە دروستکرد، دواتریش بە پشتیوانیی ئیدارەی کەرکووک و دەسەڵاتی بەغدا و بە چەند رێکارێکی ئیداریی وەزارەتی کشتوکاڵ لە بەغداوە، مۆڵەتی خاوەندارێتی دەدرێتەوە عەرەبە داگیرکەرەکان.

ئەگەر لەسەر نەخشە لە پانتایی و رووبەری ئەو زەوییانە بڕوانیت کە پێشتر لەسەر دەستی سەدام دەستیان بەسەرداگیراوە، چ لە رووی رووبەرەوە و هەروەها لەڕووی شوێنەوە، دەزانیت کە ئەوە بەشێک بووە لە ستراتیجی تەعریب و پاکتاوی رەگەزیی کورد لەو شارە. رووبەری ملیۆنێک و 200 هەزار دۆنم زەوی دەستیان بەسەرداگیراوە، کە وەک بازنەیەک یا وەک پشتێنەیەکی ئەمنی بە دەوری کەرکووکدا هەڵکەوتوون و بەعس لە کوردی زەوتکرد و عەرەبی بۆ هێنا، لە چواردە ساڵی نێوان کەوتنی سەدام تا داگیرکردنەوەی کەرکووک بەشێکی کەمیان لەلایەن کوردەوە ئاوەدان کرابوونەوە، ئێستا لەو بەشەش ژمارەیەکیان چۆڵ کراون و ئەوەی ماویشە هەڕەشەی لەسەرە.

ئەمە لە کاتێکدایە هەموو ئەو جووتیارە کوردانە لە چوارچێوەی رێکارە دەستوورییەکان و قۆناغەکانی مادەی 140 و لە رێگەی دادگاوە زەوییەکانیان وەرگرتبووەوە، هەروەها لە هەرسێ دامەزراوە دەوڵەتییەکەی عێراق: پەرلەمان، سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران و تەنانەت لە سەردەمی ئەنجوومەنی حوکمیش، بڕیار لەسەر ئەوە دەرچوو کە هەموو بڕیارەکانی (مەجلیسی قیادەی سەورە) هەڵدەوەشێنەوە، واتا بە رێکارە دەستوورییەکان و بە بڕیاری دادگا و بە هەڵوەشانەوەی بڕیارەکانی بەعسیش، مافی خاوەندارێتی ئەو زەوییانە بۆ کورد گەڕاونەتەوە. بەڵام ئێستا بە بەرچاوی هەموو دامەزراوە دەوڵەتییەکان و ئیدارەی کەرکووک و بەغداوە درێژە بەو ستراتیجەی بەعس دەدرێتەوە.

لەلایەکی تریشەوە بەهەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی کۆن (رێککەوتنی نێوان کوتلەکانی ناو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە 2007/12/2 بۆ بەیەکسانی بەڕێوەبردنی شارەکە بە رێژەی 32%) ئێستا بە سوودوەرگرتن لەلاوازیی پێگەی کورد ئەو رێککەوتنە دەسەپێنن، بەو هۆیەوە بەشێکی زۆر لەپشکی کورد وەردەگرنەوە و زۆربەشی دەدەن بە تورکمانی شیعە. بەغدا بەمەبەست ئەم سیاسەتە لە رێگەی (راکان سەعید)ی پارێزگارە بەوەکالەتەکەی کەرکووکەوە جێبەجێ دەکەن، لەلایەک ناکۆکیی نێوان کورد و سوننە لە کەرکووک قووڵ دەکەنەوە و لەلایەکی تریشەوە بە هێنانە پێشەوەی تورکمانی شیعە، هەژموونی شیعە بەسەر کەرکووکدا زاڵ دەکەن، تا لە دوورمەوداشدا مەیلیان بەلای بەغدادا بێت زۆرتر وەک لەوەی چاویان لە تورکیا یان شەراکەتی کورد بێت.

پوختەی قسەکە ئەمەیە کورد چی دەکات و چۆن رێگە لەم تەعریبە نوێیە دەگرێت کە هاوشێوەی سەرەتاکانی بەعس دەستیان کردووەتەوە بە پرۆسەی پاکتاوی رەگەزی؟ ئێستا بەهۆی یەکهەڵوێست نەبوونی کورد بەرانبەر بە کەرکووک و ئەو رووداو و لێکەوتانەی لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە هاتوونەتە ئاراوە، هەروەها بەهۆی بایەخنەدانی میدیای کوردی بەو هەڕەشە و مەترسیانەی لەسەر کەرکووک هەن، خەڵکی شارەکانی هەرێمی کوردستان ئاگایان لەوە نییە لە کەرکووک چی دەگوزەرێت. رەنگە باوەڕ بەوەش نەکەن ئەگەر بڵێین حوکمی ئێستای کەرکووک بە حوکمی سەردەمی بەعس دەچێت.

بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە کەرکووک لەبەردەم دۆخێکی مەترسیداردایە، بەغدا زۆر بە وردی و بە پلان و بەرنامە کار لەسەر کەرکووک دەکات، تەنانەت لەناو هێزە سیاسییەکان و کارەکتەرە سیاسییەکانی کوردیش لەو شارە خەڵکانی وابەستە بەو ستراتیجەی بەغدا زۆرن کە رۆژانە ئاو دەکەنە ئاشی بەهێزبوونی پێگەی بەغداوە و رۆڵی کورد لاوازتر دەکەن. چەند مانگی داهاتوو کەرکووک دەخرێتە بەردەم پرۆسەیەکی چارەنووسسازەوە کە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگایە، مەرج نییە ئەوەی بەغدا لە هەڵبژاردنی مایسی رابردوو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کەرکووک کردی بۆ راگرتنی هاوسەنگی، ئەمجارە دووبارەی بکاتەوە، دوور نییە پێچەوانەکەی بچەسپێنێ و بەوەش بۆ داهاتوویەکی زۆر دوورتر کورد لە کەنار دەهێڵێتەوە.

ئێستا تا دێت رێگاکانی بەهێزبوونەوەی کورد لەو شارە لاوازتر دەبن، ئەگەر رۆژانێک بە یەکهەڵوێستی و یەکڕیزیی کورد دەتوانرا هاوکێشەی کەرکووک راست بکرێتەوە، ئێستا پرۆسەی داگیرکارییەکە بە ئەندازەیەک چووەتە پێش، یەکڕیزی و پێکەوەیی کوردیش باری کورد راست ناکاتەوە. ئێستا ئەگەر دەرفەتی پەیداکردنی هاوبەشێک بۆ کورد سەنگی پێ بداتەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە پاش ساڵێکی تر ئەو کارتەش هیچ بایەخێکی نامێنێ. گرنگە کورد بیر لە کەرکووک بکاتەوە، دەستەبژێری کۆمەڵگا، نوخبەی خوێندەوار و بەدەربەستی ناو هێزە سیاسییەکان، دەبێ بەدوای تەگبیردا بگەڕێن، ئەگەرنا ئەوە بە دڵنیاییەوە کەرکووک بۆ دواوە دەگەڕێتەوە و هەرێمیش لەگەڵ خۆی پەلکێش دەکات.



زریان رۆژهەڵاتی *
ziryan.rojhelati@rudaw.net

# کوردستان و ململانێی هایدرۆهەژموونی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

کێشەی ئاو، پرسێکی ریشەداری کوردستان و عێراقە! لەم هاوینەدا گەلێک جار قسەی لەبارەوە کرا و لەسەری نووسرا. بەڵام هێشتا پرسی کەمئاوی بابەتێکی پڕبایەخە کە دەبێ زیاتر لەسەری بڕۆین. دوو دەوڵەتی غەیرە عەرەبی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زەقکردنەوەی ناسنامەی ئیسلامییان کردووەتە بنەمایەکی سیاسەتی دەرەوە، لە رەمەزانی رابردوودا کە مانگێکی واتادارە بۆ موسڵمانانی جیهان، لە دوو لاوە ئاوێکی زۆریان لە کوردستان و عێراق گرتەوە! ئەمەش واتایەکی سادەی هەیە: خەریکە ئاو دەبێتە رەگەزێکی هێزداری. کێ سەرچاوەکانی ئاوی ئەم ناوچەیەی لەدەست بێ، زیاتر قسەی دەیخوا!

ئاو، لە شوێنێک کە بە "پشتێنەی وشکی جیهان" ناسراوە، تەنها بابەتێکی جوگرافی نییە، بەڵکوو هەرچی دەچێ، لەگەڵ سیاسەت، ئابووری و بابەتە کۆمەڵایەتییەکانیشدا زیاتر تێکەڵ دەبێت. ئا لێرەدا، هەقی خۆیەتی بزانین، کاریگەرییە سیاسی- ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کەمئاوی و "ململانێی ئاو" لە ناوچەکە لەسەر کوردستان چی دەبێت؟ بەهۆی گەلێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکییەوە، لانیکەم تا ئێستا، نەوت نەبووەتە رەگەزێک بۆ هێزداریی کوردستان، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئاو ئەو هێزەی پێدەبەخشێت؟

## ململانێی هایدرۆهەژموونی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

رەنگە لە واتایەکدا بتوانین بێژین کە مێژووی مرۆڤایەتی، مێژووی جەنگە لەسەر بەدەستهێنان و پاراستنی سەرچاوەکان بۆ بەقای سیاسی و ئۆرگانیک. هەندێکجار مرۆڤەکان لەبەر کەمیی سەرچاوەی بژێوی، دەستیان بۆ تاڵانی و لەشکرکێشی بردووە. ئەمە لەو جۆرە جەنگانەن کە بۆ بەقای ئۆرگانیک کراون و هەندێکجاریش بۆ هێشتنەوەی پێگە سیاسییەکەی خۆیان دەستیان بۆ چەک بردووە کە ئەمەش گرێدراوی بەقای سیاسی بووە.

ئاو یەکێکە لە پێویستییەکانی بەقای ئۆرگانیک بۆ هەر دەوڵەت، کۆمەڵگا و تاکێک کە بێ ئەو، هەموو شت کۆتایی دێت. ئەگەر مرۆڤەکان بۆ دەستخستنی خۆراکی زیاتر، بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی دەستیان بۆ چەک بردبێت، دەتوانن بۆ ئاویش بجەنگن!

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتووەتە پشتێنەی وشکی جیهان و تەنها 1%ی ئاوی شیرینی جیهانی تێدایە، ئەمەش بۆ حەشامەتێکی سەرووی 400 ملیۆن کەسی، سەرچاوەیەکی زۆر کەمە. زۆریی زاوزێ و گەورەبوونی کۆمەڵگاکان، گەشەکردنی شارنشینی و پیشەسازی و بەرزبوونی ئاستی ژیان و کشتوکاڵ و... تاد، وایان کردووە بەکارهێنانی ئاویش لەم ناوچەیە زیاتر بێت.

پێویستیی ئاو و کاریگەرییەکەی لەسەر هەردوو بەقای ئۆرگانیک و بەقای دەوڵەت و کۆمەڵگاکان، دەوڵەت و هێزدارانی ئەم ناوچەیە پاڵ دەنێت بۆئەوەی بیر لە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ئاو بکەنەوە و بۆ ئەوەش لە ململانێیدا بن. هەندێک لە دەوڵەتان تەقەلای بەشە ئاوێکی زیاتر دەدەن و دەیانەوێ باڵادەستیی خۆیان بەسەر حەوزەیەکی ئاوییەوە بسەپێنن. ئەمەش ئەو شتەیە کە مارک زیتون بە هایدرۆهەژموون ناوی دەبات. ئیسرائیل لە حەوزی رووباری ئوردن، میسر لە حەوزی نیل و تورکیاش لە حەوزی دیجلە و فورات لە ریزی هایدرۆهەژموونە گرنگەکانی ئەم ناوچەیەدان.

گەلێکجار، ناکۆکیی دەوڵەتان لەسەر بەشە ئاوی خۆیان لە هەریەک لە حەوزە ئاوییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناکۆکی سیاسی و تەنانەت ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی سەربازیشی لیکەوتووەتەوە و گەلێکجاریش، فاکتەری ئاو کراوەتە هۆکارێک بۆ دەستخستنی ئامانجێکی سیاسی یان ئابووری.

لەسەر حەوزەی نیل کە 11 دەوڵەتی لەسەر دەژی، ناکۆکییەکی قووڵ لە بەینی میسر و ئەسیوپیا هەیە. کاتی خۆی "لە ساڵی 1989دا میسر باڵیۆزی ئەسپۆپیای بانگ کرد بۆئەوەی سەبارەت بە چالاکیی ئەندازیارە هایدرۆلۆجیستەکانی ئیسرائیل لە شاخەکانی ئەو وڵاتە کە بە سەرچاوەیەکی سەرەکیی رووباری نیل هەژمار دەکرێت، روونکردنەوەیان پێبدات. تەنانەت ئەو کاتە، پەرلەمانی میسر بڕیاری هێرشکردنە سەر ئەسیوپیای دەرکرد". دواتر بەهەر هۆکارێک بێت، باس لەوە کرا کە ئیسرائیل نیگەرانی دۆخی کەمئاویی یەهودییەکانی فلاشا بووە و لە ئەسیوپیاش بەنداو دروست نەکرا!

سێ رۆژ دوای رۆیشتنی موبارەک لە میسر، سەرۆکوەزیری ئەسیوپیا پرۆژەی دروستکردنی بەنداوێکی گەورەی لەسەر رووباری نیل راگەیاند. کار گەیشتە ئەوەی محەممەد مورسی کە شوێنی موبارەکی گرتبووەوە، هەڕەشەی بۆردومانکردنی ئەسیوپیا بکات!

حەوزەی رووباری ئوردن کە بەشێکی لە سووریا و بەشێکی دیکەی لە لوبنانەوە سەرچاوە دەگرێ، سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئاوی ئوردن و ئیسرائیلە و کاتێ ئەمەشمان لەپێشچاو بێت، ئەو وەختە قووڵایی بایەخ و کاریگەریی لوبنان و سووریا لەسەر ئەمنی ئۆرگانیک و ئەمنی سیاسیی ئیسرائیل روونتر دەردەکەوێت.

دروستکردنی بەنداوی ئەلسەورە لە سووریا لەسەر رووباری فورات، تەنگی بەعێراق هەڵچنیبوو، بۆیە لە ساڵی 1977دا عێراق لەشکری رەوانەی سنوور کرد تا لەسەر ئاو شەڕی دیمەشق بکات بەڵام، بە ناوبژیوانیی میسر و رووسیا رێ لە شەڕ گیرا. عێراق زیاتر لە 80%ی ئاوی خۆی لە دەرەوە دابین دەکات و بەشێکی زۆری ئەمەش لە هەردوو رووباری دیجلە و فورات و بەشێکی دیکەش لە رووبارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دێت. عێراق، جگە لە رێککەوتنی 1946، کە مەلیک فەیسەڵ کردوویەتی، هیچ رێککەوتنێکی دیکەی لەسەر ئاو لەگەڵ تورکیا نییە کە ئەوەش باسی دروستکردنی بەنداو و گلدانەوەی ئاوی تێدا نەکراوە.

دەمێکە عێراق کێشەی ئاوی لەگەڵ ئێران هەیە و ئاو یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی بەینی هەردوولا بووە و ئێستاش بە گلدانەوەی ئاوەکانی ئەڵوەن، سیروان و زابی بچووک، زەمینەی دەرکەوتنی کێشە لەبەینی هەردوولا لەئارادایە.

## ئامانجەکانی تورکیا و ئێران لە گلدانەوەی ئاو

گلدانەوەی ئاوی رووبارە سنووربەزێنەکان لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە دەتوانێت چەندین فاکتەری جیاجیای لە پشت بێت.

تورکیا لەڕێی دروستکردنی بەنداو لەسەر رووبارەکان، ئامانجی دەستخستنی ئاوی زیاتر بۆ کشتوکاڵ، بەرهەمهێنانی زیاتری کارەبای هەیە. بەمەش دەیەوێت گەشەسەندنی ناوچە کوردییەکان زیاتر بکات کە بەپێی روانینی هەندێک لە بەرپرسانی ئەنکەرە، هۆکارێکی گرفتە سیاسییەکانی ئەو ناوچە بووە. جگە لەوە، تورکیا لەڕێی بەربوومی کشتوکاڵەوە پێداویستی خۆراک بۆ بەشە پڕنفوسەکەی خۆرئاوای وڵاتەکەی لەوێوە دابین دەکات. لە سیاسەتی دەرەوەشدا، دەشێ بەردانەوەی ئاو وەک کارتێکی گوشار بۆ دەسکەوتی سیاسی و ئابووری بەکاربێنێ. تورکیا بە گلدانەوەی ئاو، بەرەبەرە کەرتی کشتوکاڵی سووریا و عێراق وێران دەکات و بەمەش بازاڕێکی گەورەتر بۆ بەروبوومی کشتوکاڵیی خۆی دروستدەکات.

ئێران کێشەی ئاوی هەیە. ناوچە نەریتییە فارسنشینەکانی ئێران رووبەڕووی وشکەساڵی و بێئاوی بوونەتەوە. تەنانەت ئەمە بووەتە بابەتێکی ئاسایشی نەتەوەیی و ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ناوەندێکی تایبەتی بۆ کردووەتەوە. وشکەساڵی دەتوانێت کۆچ و نائارامی سیاسی و لاوازیی ئابووری لێبکەوێتەوە. بۆیە ئێران لەڕێی گۆڕینی ئاراستەی ئاوە سنوورییەکان و گلدانەوەی ئاو لە عێراق، بەشێک لەو گرفتانەی خۆی چارەسەر دەکات.

لە روانگەی کوردەوە گلدانەوەی ئاو لە تورکیا و ئێران، بایەخی ناوچە کوردییەکان لەو دوو دەوڵەتە زیاتر دەکات. ئەمەش وەک شمشێری دووسەر وایە. لەلایەک ئەگەری بەهێزبوونی پێگەی کورد هەیە و لەلایەکەی تریش، ویستی ئەنکەرە و تاران بۆ کۆنترۆڵی ئەمنی و سیاسیی زیاتری ناوچە کوردییەکان لەبەر ئاو زیاتر دەکات.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە گلدانەوەی ئاوی ناوچە کوردییەکان، کاریگەری لەسەر کورد لە هەرێمی کوردستان دادەنێت و دەوڵەتان ئاوی کوردستان لە کورد دەگرنەوە.

## دەرئەنجامە گریمانەییەکانی کەمئاوی لە عێراق

دەیان ساڵی رابردوو، نەوت هۆکارێکی کێشەکانی نێوان هێز و ئەکتەرە محەلی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بوو. ئاو زیاتر گرفت لە بەینی هێزە محەلی و ناوچەییەکان دروستدەکات، بەڵام هێزە گەورەکانی جیهانیش دەتوانن بۆ مەرامی سیاسی پشتی ئەم یان ئەویان بگرن! لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بێژین:

- کێشەی ئاو لە عێراق، دەتوانێ هەوێنی ناکۆکییەکی سیاسی درێژخایەن بێت لەگەڵ ئێران و تورکیا و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش.
- بە ئەگەری زۆر، درێژەکێشانی کێشەی کەمئاوی لە عێراق، کۆچ بەرەو هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات و ئەمەش بەرەبەرە، مەترسی لەسەر دیمۆگرافیای کوردستان دروستدەکات.
- کەمئاوی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق، وابەستەیی بەغدا بە هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات. بەمەش یان هەوڵی جڵەوکردنی کوردستان دەدات، یان رێگای رێککەوتن دەگرێتەبەر.
- کەرتی کشتوکاڵی عێراق و بەرهەمهێنانی کارەبا بە ئاو، پەکی دەکەوێت.
- ناڕەزایی جەماوەری سەبارەت بە کەمیی ئاو و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لە ماوەی مامناوەندیدا هۆکارێکی ناسەقامگیریی سیاسی دەبن لە عێراق.

## ئەنجام

ئاو بووەتە پرسێکی گرنگی جیۆسیاسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. بێشک، ململانێ هایدرۆهەژموونییەکانی ئەم ناوچەیە کاریگەری لەسەر کوردستانیش دادەنێن. سروشتی شاخاوی و بوونی رێژەیەکی گونجاوی باران، وا دەکات کوردستان لەم بابەتەدا زیاتر بەخت یاوەری بێت. راستە ئێستا گرفتی ئاوی هەیە، بەڵام ئەمە تەنها مەسەلەی کەمئاوی یان سیاسەتە ئاوییەکانی تورکیا و ئێران نییە، بەڵکو بەشێکیشی بۆ کێشەی ئیدارەکردنی سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە.

فاکتەری نێودەوڵەتی و ناوچەیی رێگەیان گرت لەوەی نەوت ببێتە هۆکارێکی گەورە بۆ هێزداریی سیاسی کوردستان، بەڵام ئاو دەتوانێت ئەو دەرفەتە بۆ کورد بڕەخسێنێ. هەرێمی کوردستان لە توانایدا نابێت هاوشێوەی تورکیا یان ئێران، سیاسەتێکی ئاویی بەرامبەر عێراق پێڕەو بکات، بەڵام دەتوانێت لەڕێی رێککەوتن لەگەڵ بەغدا، پرۆژەی بەنداوسازیی گەورە ئەنجام بدات بۆ رێگرتن لە بەفیڕۆچوونی باراناو و بەفراوەکانی کوردستان. ئەمە کوردستان بەهێزتر دەکات و بەغدا زیاتر وابەستەی هەولێر دەکات. رەنگە لە عێراق، کەسانێک پەیدابن کە ئەمە وەک هەڕەشە سەیر بکەن، بەڵام راستییەکەی بەغدا چارەیەکی زیاتری نییە و وتەی وەزیری ئاوی عێراق بۆ "کڕینی بەرمیلی زیاتر"، نیشانەی ئەوەیە کە عەمبارکردنی ئاو گونجاوترین رێگایە. هەروەها دەتوانێت لێکۆڵینەوە لە ئەگەرە کردەنییەکانی پرۆژەی بۆری ئاوی کوردستان بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق بکات، چونکە دواجار، وابەستەیی بەغدا بە ئاوی کوردستان، دەتوانێت پێگەی سیاسی هەولێر بەهێزتر بکات.

***زریان رۆژهەڵاتی، توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو**

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی

rebwar@rudaw.net

# بەتەمای نێچیرڤان بارزانی مەبن

1

سەرباری خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر و هەموو ئەو بارە نالەبارەی کە بەرەوڕووی کیانی دەستووریی هەرێمی کوردستان بووەوە و، رازینەبوونی سەرۆک بارزانی بە درێژکردنەوەی وادەی سەرۆکایەتییەکەی، نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چەند بەلایەوە گرنگ بوو کە کوردستان لە گۆشەگیریی دیپلۆماسی و ئابووری دەرباز بکات، هێندەش مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجام بدرێت. ئەڵبەتە ئەوەش لەو روانگەیەوە بوو کە سەرۆک بارزانی بە مەرسوومی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، وادەی هەڵبژاردنەکانی لە مانگی یازدەی 2017 دیاری کردبوو. جا حیزبەکەی سەرۆک وەزیران چەندی دەهێنا یان نەیدەهێنا گرنگ نەبوو. بەڵام درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بۆ دوو خولی یاسادانان، کەین و بەینی حیزبەکانی سلێمانی لەگەڵ بەغدا و ئێران و، هیوایان بە لەناوچوونی حوکمی پارتی لە ماوەیەکی کورتدا، وایان کرد کە هەڵبژاردنەکانی کوردستان پێش هەڵبژاردنەکانی بەغدا نەکەوێت. سەرۆکی حکومەت کە بەشێک لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمیشی هەیە، دەیویست لانیکەم پێش هەڵبژاردنەکانی بەغدا، لە کوردستان هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام نەکرا؛ جگە لە پارتی کەس حازر نەبوو، هەر کەسە بیانوویەکی هەبوو، هەموو کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان بە تۆماری دەنگدەران و کۆمیسیۆنەوە گرێ دا، لە کاتێکدا کە پارتیش بە هەمان ئەندازەی ئەوان لەو کۆمیسیۆنەدا نوێنەری هەبوو!

ئێستا جگە لە پارتی و جوڵانەوەی نوون نوون (نەوەی نوێ) کە براوەکانی هەڵبژاردنی مایسی ئەمساڵن (دیارە بەشێک لە حیزبە بچووکەکان و کۆتاکانیش ئامادەگییان هەیە) حیزبەکانی دیکە هەر هەموویان و لەسەرووشیانەوە یەکێتی و دواتریش گۆڕان (کە حازر نەبوون هەفتەیەک لەسەر کۆتاییهاتنی وادەی سەرۆکایەتیی هەرێم مساوەمە بکەن!) داوای دواخستنی هەڵبژاردن لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. ئەمە چەند لایەنێکی هەیە؛ هەندێک لایەن وەکو یەکێتی بڕوایان بە ئەنجامەکانی خۆیان نییە و هەندێکی دیکەش لە دووبارەبوونەوەی ئەنجامەکان دەترسن، تەنها پارتییە کە بێمنەتە. بۆیە هەرچەندە لایەنە سیاسییەکان لە رێگەی میدیاوە جەخت لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا دەکەن، بەڵام راست ناکەن، هەموویان ژێربەژێر بەتایبەتی داوا لە سەرۆکی حکومەت دەکەن هەڵبژاردنەکە دوابخات. پێناچێ سەرۆکی حکومەت بچێتە بنباری ئەو داواکارییە و، ئامادە نییە باجی بێسەروبەریی حیزبەکان بدات. ئەگەر حیزبەکان مەتڵەبێکی ئاوایان هەیە، دەرگای پەرلەمان کراوەیە و با لەوێ بیکەن.

---

# کوڕی خۆت و کچی خەڵکی

2

رۆژڤی ئەمڕۆی کوردستان پتر لەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و نەخشەی سیاسیی داهاتووی کوردستان بێت، بریتییە لە ئالیەتەکانی دواخستنی هەڵبژاردن. نزیکەی سێ مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەغدا ئەنجام دراوە، نە حکومەت پێکهێنراوە، نە پەرلەمان کۆبووەتەوە لە کاتێکدا تەمەنی پەرلەمان (بێئەوەی درێژکرابێتەوە) کۆتایی هاتووە، یەک بەربژێری دەرچووی نوێ بە رەسمی نەبووەتە ئەندامی پەرلەمان!

ئەڵبەتە ئەوە هەم بۆ ئێران و هەم بۆ ئەمریکا کە خۆیان پێ وەسیی بەغدایە، دەستمایەی ململانێیە. بۆیە هەردوولایان (کە گومان هەیە لایەنی ئەمریکی تەڕحی کردبێت هەڵبژاردنی کوردستان دوابخرێت) بە بیانووی ئەوەی گوایە لە مانگی ئەیلولدا گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی بەغدا دەستپێدەکات، داوا دەکەن هەڵبژاردنی کوردستان دوابخرێت. تەنها لەو روانگەیەوە نەبێت کە کوردستان بتوانێ لە رێگەی ئەزموونی دیموکراسی و حوکمڕانییەوە تەجروبەیەکی باڵاتر لەوەی بەغدا نیشان بدات (کە لەوەیاندا رەنگبێ ئێران کاریگەرییەکی هەبێت)، ئەوەی دیکەی رەنگبێ دەستەوداوێنبوونی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بێت کە توانای هەڵبژاردنیان نییە و پەنا دەبەنە بەر گوشاری نێودەوڵەتی و ئیقلیمی! ئەگەرنا، ئەمریکا و ئێرانیش لە وادەی خۆیاندا (هەرچۆنێک بێت) هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن، بۆیە ناتوانن هیچ ئارگۆمێنتێکیان هەبێت بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. خۆ ئەگەر مەتڵەب لایەنی تەکنیکی بێت لەوەی کە دوو حکومەت چۆن لە یەک وڵاتدا و، لە یەک کاتدا پێکدێت، ئەوا ئەزموونی ساڵانی 2006، 2010 و 2014 هەیە کە دوو هەڵبژاردن بە جیاوازیی ماوەی چەند مانگێک ئەنجامدران، بەڵام هەردوو حکومەت لە وادەیەکی زەمەنیی نزیک بە یەکتری پێکهاتن و هیچیان رێگر نەبوون لە پێکهاتنی ئەوەی دیکەیان. بۆیە پێویستە کوردستان هەڵبژاردنی خۆی لە وادەی خۆیدا بکات و، ئەو جیاوازییە نیشان بدات و بیسەلمێنێ کە بۆچی لە 25ی ئەیلولی 2017 پەنای بردە بەر ریفراندۆمی سەربەخۆیی.

## نیسک

3

لە چەند ساڵی رابردوودا و بەتایبەتیش دوای هەڵکشانی مەرجەعییەتی سەرۆک بارزانی لە گوتاری نیشتمانی و نەتەوەییدا، بەشێکی موزایەدەچی لەناو یەکێتی بە (گرتنی) ئەو (شتەی) پەککە کە خۆیان نەیانبوو، هەوڵیان دا باری لەنگی خۆیان لەو رێگەیەوە راست بکەنەوە. تەنانەت لە شەڕی دژ بە داعشدا، ئەوانە لەژێر پەردەی خەباتی نەتەوەیی، چەک و تفاقی هاوپەیمانانیان دایە پەککە و ویستیان لە رۆڵی پارتی و بارزانی لە هاوکێشەی نێودەوڵەتیدا کەم بکەنەوە. ئێستا کە تورکیا ئابڵوقەی خستووەتە سەر سلێمانی و تێگەیشتوون لەوەی (شتەکە)ی ئەوان لە هی پەککە کاریگەرترە، کەوتوونەتە پەلەقاژە. هەمان ئەو شتەی کە لە سەرەتای 2000 تاڵەبانی تێیکەوت و، هاوپەیمانە دێرینەکەی بە چەند ملیۆن دۆلار و چەند تۆن ئازووقەیەکی تورکی فرۆشت.

ماوەیەکی کەمی ماوە کە میت و سەربازی تورک لەو زۆنەش جریتبازی بکەن. ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا بۆ یەکێتی دەبێ گرنگ بێت، بەڵام نەک لەسەر دەستی موزایەدەچی و خائین.

---



مەجید نیزامەدین گلی*

بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی رووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

# پەیامە نهێنییەکانی ئەمریکا بۆ کورد لەبارەی عەبادی

پێویستە پشتگیری لە حەیدەر عەبادی بکەن بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران. ئەمە پەیامی چەند بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە بۆ کورد و لایەنە عێراقییەکان. بەڵام بە بۆچوونی من، لەبەر ئەم هۆکارانە نابێت لایەنە کوردییەکان لەسەر بنەمای ئەو قسانەی چەند بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڕیار بدەن.

**یەکەم:** پەیمانی بەرپرسان و دیپلۆماتکارانی ئەمریکی.

لەوانەیە لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی بڕیاردان و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، گوشارەکان زیاتر بن و لەبەرامبەر پشتگیریکردنی عەبادی کۆمەڵێک پەیمان بە کورد بدرێت. بەڵام نابێت سەرکردایەتی کورد بکەوێتە تەڵەی هەڵەکانی رابردووەوە. چەند پەیمان و "گەرەنتی نێودەوڵەتی" بە زارەکی لەلایەن باڵیۆز و بەرپرسانی ئەمریکییەوە پێشتر بە کورد دران لە بەرامبەر پشتگیریکردنی ئیبراهیم جەعفەری و نووری مالیکی و هەروەها سازشی گەورە لە کاتی نووسینەوەی دەستوور، ئێستا ئەو باڵیۆز و بەرپرسانەی ئەمریکا لە کوێن و گەرەنتیەکانیان چی لێهات؟

**دووەم:** مەرج نییە هەموو هەڵوێستەکان رەنگدانەوەی سیاسەت و بڕیاری واشنتن بن.

من چەند جارێک لەم هەفتەنامەیەوە ئاماژەم بۆ ئەو دیاردە دیپلۆماسییە کردووە کە تەنیا بۆ دیپلۆماسییەتی ئەمریکی راست نییە. مەرج نییە هەموو هەڵوێستێک و قسەیەکی نوێنەران و بەرپرسانی وڵاتێکی وەکو ئەمریکا لە کۆبوونەوە داخراوەکاندا رەنگدانەوەی ویست و سیاسەتی چەقی بڕیار بێت لە ئەمریکا، بەتایبەتی لەم ئیدارەیەی ئێستای ئەمریکادا کە هێشتا کێشەی هاوئاهەنگی هەیە لە نێوان کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە. لەبەر ئەوە گرنگە ئەگەر دیپلۆماتکارێکی بیانی داواکارییەکی گەورەی هەبوو- بۆ نموونە پشتگیری لە عەبادی بکەن- پێویستە سەرکردایەتی کورد داوا بکەن گفتوگۆی راستەوخۆ لەگەڵ بەرپرسێکی باڵای ئەمریکا بکەن وەکو راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی یان وەزیری دەرەوە.

**سێیەم:** دەربڕینی هاوڕایی لەگەڵ ئەو بەرپرسانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەم قۆناغەدا لەوانەیە باجی گەورەی هەبێت.

با بڵێین هەردوو لایەنە کوردیە سەرەکییەکە هاوڕایی دەربڕن لەگەڵ ئەو بەرپرسانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە عەبادی باشترین کاندیدە. دەربڕینی ئەو هەڵوێستە، کورد وا دەردەخات کە بەهۆی گوشاری ئەمریکاوە ناچارن عەبادی هەڵبژێرن. ئەمەش لەوانەیە لە کاتی دانوستاندن لەگەڵ عەبادی بۆ دیاریکردنی پۆست و وردەکارییەکانی حکومەتی نوێ پێگەی کورد لاواز بکات و عەبادی پێیوابێت کە لە کۆتاییدا لایەنە کوردییەکان هەر پشتگیری لێ دەکەن و ئەمریکا بژارەی لە پێشیان نەهێشتووەتەوە.

هەروەها لەوانەیە لە بەرژەوەندی ئەو بەرپرسانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بێت کە بابەتەکە وا بۆ عەبادی دەربکەوێت و لە داهاتوودا بتوانن بە عەبادی بڵێن: "ئێمە پشتگیریی کوردمان بۆت زامن کرد". دووریش نییە بابەتی دواخستنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان وەکو کارتێکی فشار بۆ ئەو مەبەستە بەکاربێنن.

ئەم وردەکاریانە زۆر گرنگن، چونکە لە قۆناغی داهاتوودا کورد بۆ دووبارە هەستانەوە و کەمکردنەوەی زیانەکانی 16ی ئۆکتۆبەر پێویستی بە ئامادەگییەکی بەهێز دەبێت لە بەغدا. هەستانەوەی کورد و گەڕانەوەی تەنانەت نیوەی ئەو هەژموونە سیاسییەی پێشتر هەیبوو، ئەو گەشە ئابوورییەی تاوەکو سەرەتای 2014 لە کوردستان هەبوو، چەندێک پێویستی بە بڕیاری حەکیمانەیە لە هەولێر، ئەوەندەش پێویستی بە ئامادەبوونێکی بەهێزی کوردە لە بەغدا.

ئەمجارە پێویستە لە دانوستاندنەکاندا کاتی زۆر بەفیڕۆ نەدرێت بۆ هەوڵدان بۆ ئەوەی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق کۆمەڵێک پەیمان بە کورد بدات و بەئامادەبوونی ئەو بەرپرسانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا واژۆ لەسەر نووسراوێک بکات. ئەزموونەکانی رابردوو سەلماندیان کە نووسراوەکە لەبیردەکرێت و ئەو بەرپرسانەی ئەمریکا یان لە کارەکەیان لادەبرێن، یانیش زوو گەرەنتیەکانیان لەبیردەکەن و هەڵوێستیان نابێت کاتێک بە تانکی ئەمریکی هێرش دەکرێتە سەر پێشمەرگە.

ئەمجارە تەرکیزی زیاتری کورد پێویستە لەسەر پۆستەکان و ئەو کەسانە بێت کە دەنێردرێنە بەغدا. زۆر گرنگە کەسی یەکەمی ناو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پۆستی سەرۆککۆمار و وەزارەتی دەرەوە وەرگرن. گرنگە پارتی و یەکێتی نێوەندی سیاسی لە عێراق و لە ئاستی نێودەوڵەتیش شۆک بکەن بە ناردنی کەسایەتییەک بۆ بەغدا کە کەس چاوەڕوانی نەکات. ئەمجارە وەکو ساڵانی 2003-2005 دەکرێت کورد لە بەغداوە هەولێر بەهێز بکات و ئەمەش پێویستی بە ناردنی کەسایەتیی خاوەن دەسەڵاتی راستەقینەیە بۆ بەغدا.

---



زوبێر رەسوڵ

دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان، زانکۆی ئێکسیتر

# چانسێکی تر بۆ هەڵسانەوەی هەرێمی کوردستان

لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە تاوەکو ئەنجامدانی ریفراندۆم لە دیسەمبەری 2017 ، هۆکاری سەرەکیی هەڵکشان و بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان، لە هەردوو بواری ئابووری و سیاسیدا ناگەڕێتەوە بۆ بەهێزبوونی پێگەی هەرێم و تەندروستیی پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی پێگەی دەوڵەتی مەرکەزی لە بەغدا. راستە هۆکارگەلی دیکە رۆڵیان هەبووە لە هەڵکشانی پێگەی هەرێمی کوردستاندا، بۆ نموونە هەڵمەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەمەش هەر پێوەندی بە لاوازیی پێگەی بەغداوە هەبوو، چونکە چەند ئەرکێک هەبوو کە بەغدا وەک تایبەتمەندی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری نەیتوانی جێبەجێیان بکات. ئەمە جگە لەوەی دۆخی ئەمنی لەمپەرێکی گەورە بوو لەبەردەم بەغدا تا بتوانێت سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێ رابکێشێت، بەڵام لەڕاستیدا ململانێی هەریەکە لە کاراکتەرە سیاسییە تازەکانی شیعە و سوننە کە بە هاوکاریی هێزە ئەمریکییەکان لە دەرەوەی عێراق هاتبوونەوە بۆ عێراق لەسەر قایمکردنی پێگەی سیاسی خۆیان و دەستگرتن بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و دواتریش لە سەرووی هەموویانەوە سامانی دەوڵەت و بەکارهێنانی بۆ ململانێی سیاسی، رێگای نەدا عێراق هەڵسێتەوە سەرپێ، ئەگینا چانسی هەرێم لەم چواردە ساڵەی دواییدا قەت ئەوەندە بەهێز نەدەبوو کە بتوانێت رۆڵی بەغدا بگێڕێت لە پێوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا.

بەداخەوە ئەم لاوازییەی بەغدا هەندێک جار ببووە هۆی ئەوەی کە هەرێم خۆی وەک دەوڵەتێکی تۆکمە و بەهێز بێتە بەرچاو و پێیوابێت کە تەواو لە تەوری ئامادەباشیدایە بۆ جیابوونەوە و دەوڵەتداری تا دواجار شکستی پرۆسەی ریفراندۆمی لێکەوتەوە بەشێوەیەکی دراماتیکی کە کەسمان تەسەورمان نەدەکرد. شکستی هەرێم لە پرۆسەی ریفراندۆمدا پەردەی لەسەر ئەو هەموو لاوازی و کلۆڵیەی ئەزموونی چەند ساڵەی دەسەڵاتی خۆماڵیی ئێمە هەڵماڵی کە بەشێک لە رۆژئاوا و توێژەرانیش وەک نموونەیەکی باش باسیان دەکرد بۆ ناوچەکە. لاوازیی دامەزراوە سیاسییەکان و دابەشبوونیان بەسەر دوو بەرەی سەرەکی، تا دەگاتە ململانێ نادیارەکانی ناو خودی پارتەکانیش کە وەک رۆژی رووناک دەرکەوتن. بە جۆرێک ئێستا نوێنەرایەتی ئەمریکا و ئەورووپا لە کوردستان زۆرتر لە خودی خۆمان زانیارییان لەبەردەستە لەسەر رایەڵەکانی حوکمڕانی و کارکردنی سیاسەت لە هەرێمی کوردستاندا. هەرچەندە تا ئێستاش وڵاتانی وەک ئەمریکا و رۆژئاوا دەیانەوێت لە رێگای عێراقەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکرێت، بەڵام لە خۆشبەختیی ئێمە رۆژ لە دوای رۆژ دەردەکەوێت کە عێراقیش جێگای ئەو متمانە و هیوایەی ئەوان نییە.

لە دوای سەرکەوتنی عێراق بەسەر هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی و دواتریش شکستهێنانی ریفراندۆم، هەریەکە لە ئەمریکا و رۆژئاوا و هێزە هەرێمییەکانیش گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەمە هەنگاوێکە بە ئاراستەی هەڵسانەوەی دەوڵەت و دووبارە دروستبوونەوەی ناسنامەی نیشتمانی بۆ عێراق لەسەر دەستی حەیدەر عەبادی. لەڕاستیدا دەبێت ئەوەش بگوترێت کە هەندێک لە هێزە کوردییەکانیش رۆڵیان هەبوو لە شکڵگرتنی ئەو جۆرە تێگەیشتنە، هەڵبەتە نەک وەک چارەسەر بەڵکو وەک بەرسڤێک بۆ ململانێ ناوخۆییەکان. هەرچەندە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەمریکا و رۆژئاوا پاڵپشتی بەهێزبوونەوەی دەوڵەتی عێراقن تا بەهەرێمکردنی عێراق، بەڵام عێراق خۆی ئەو ئامادەباشییەی تێدا نییە.

خۆپیشاندانەکانی ئەو دواییەی بەغدا و باشووری عێراق ئەوەیان سەلماند کە نوخبەی حوکمڕانی عێراق هیچیان جێگای متمانەی خەڵکی عێراق نین بە عەبادیشەوە. خۆپیشاندانەکان زۆریان لە هەگبەی ئەو سەرمایە سیاسییەی سەرۆکوەزیران دابەزاند کە چوار ساڵە خەریکی کۆکردنەوەیەتی بۆ ئەوەی وەک کارەکتەرێکی سیاسی پێگەی خۆی پێ قایم بکات لە ململانێ لەگەڵ نەیارەکانی. هەرچەندە پێناچێت تا ئێستاش ئەمریکا و ئەورووپا بەدیلێکی باشتریان هەبێت بۆ عەبادی، ئەوەی تا ئێستاش لایەنە ئەمریکی و ئەورووپییەکان لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە حکومەتی نوێی عێراق واباشە هەر بە سەرکردایەتی عەبادی بێت، لە کوردیشدا چەند ئەکتەرێکی سیاسیی میانڕەویان پێباشە کە وجودیان هەبێت لە بەغدا.

ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە وەک هەرێمی کوردستان، ئەوەیە کە هەریەکە لە ئەمریکا و ئەورووپا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی هێشتا ئاسایشی سیاسی لە کوردستاندا گەرەنتیترە تا لە عێراق، بە مانایەکی تر هێشتا شەرعیەتی حوکمڕانی سیاسی لە هەرێمدا سەقامگیرترە تاوەکو لە بەغدا. سەردانیکردنی نوێنەرانی ئەمریکا و ئەورووپییەکان بۆ لای لایەنە سیاسیە کوردییەکان دەربڕی ئەو راستیەن کە جۆرێک لە نائومێدبوون و پاشگەزبوونەوە لە بیرۆکەی هەڵسانەوەی عێراق هەیە کە لە دوای هەرەسی سەربازیی دەوڵەتی ئیسلامی لە مووسڵ و شکستهێنانی ریفراندۆم خەریک بوو چەکەرە بگرێت. دەمەوێت بڵێم کە تێگەیشتنی ئێستای ئەمریکا و رۆژئاوا ئەوەیە هەرێمی کوردستان نابێت ئەوەندەش لاواز بێت، پەراوێز بێت و بکرێتە قوربانیی ئەو دۆخە نادیارەی عێراق کە نە ئەمریکا و نە ئەورووپییەکانیش خاوەنی نین. لەلایەکی ترەوە دەکرێت بڵێم قەناعەتێک لای ئەمریکی و ئەورووپییەکان دروست بووە کە خودی عەبادی و عێراقیش ناتوانن بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ نوخبەی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان جڵەوی حوکمڕانی بە ئارامی لە بەغدا کۆنترۆڵ بکەن.

ئەو ناسەقامگیری و لاوازییەی سەرکردە سیاسییەکانی عێراق چانسێکی تر بە هەرێمی کوردستان دەدات کە بتوانێت لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی نموونەیەکی جوانتر پێشکەش بکات بە سوودوەرگرتن لە هەڵەکانی رابردوو. سەرەتای ئەو هەنگاوە لە چاکسازی سیاسی و ئابوورییەوە دەستپێدەکات. بە تایبەت لە دارشتنەوەی پەیکەری حوکمڕانی، ئەو پرۆسەیەش دەبێت سەرەتا لە حکومەتەوە دەستی پێ بکرێت. چونکە سێکتەری جێبەجێکردن ئەو دەزگایەیە کە گوشارێکی زۆری لەسەرەو خۆی لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی هاووڵاتیاندا دەبینێتەوە و لە هەمان کاتدا سەرچاوەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیشە. لە مانگی رابردوودا ئینستتیوتی مێری پرۆژەیەکی نووسراوی زۆر تۆکمە و مەیدانی لەو بوارەدا پێشکەش کرد بە ناوی "دەوڵەتسازی: نەخشەڕێگایەک بۆ سەروەرکردنی یاسا و بەدامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان" کە تایبەت بوو بە دیراسەکردنی گەشەی حوکمڕانی لە کوردستان، لەژێر رۆشنایی و هەڵسەنگاندنی مۆدێلی جیهانیی جیاواز کە بۆچوونی زیاتر لە 200 پسپۆڕی تێدا وەرگیرابوو لەنێو بڕیاردەر و داڕێژەرانی پۆڵەسی و ئەکادیمستانی هەرێم، لە رێگای چاوپێکەوتن و مێزگردی تایبەتەوە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و شارۆچکەکان. ئەم پرۆژەیە زۆر زەرورە وەک سەرەتای ئەم هەنگاوە کاری جددی لەسەر بکرێت، وەک میکانیزمێک بۆ سەروەرکردنی یاسا و رەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەپێدانی سیستەمێکی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە مۆدێلی حوکمڕانی کوردی گەیشتووەتە شوێنێک کە چیتر بەرگەی دواخستنی چاکسازی ناگرێت، ئەگەرنا ئەم دەرفەتەش وەک چەندین دەرفەتی تری مێژوویی لە دەست دەچێت و دیسان دەستبەتاڵ دەمێنینەوە .

---

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more

بۆ پەیوەندیکردن بە تۆڕی میدیایی رووداو: 009647518110011

بۆ ناردنی هەواڵ و زانیاری: 009647518110002

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | TEl : 07518110011 – 07518110013 | rudaw@rudaw.net






